# کوردستان لە ساڵێکدا

## ”بە جەنگی چارەنووس دەستی پێکرد و بە سەرکەوتنی ئیرادە کۆتایی هات“



دکتۆر کەمال کەرکووکی*

تایبەت بۆ گوڵانی نوسیووە

رووداوەکانی ساڵی ٢٠١٥ درێژەپێدەری ئەو کارلێکە مێژووییە هەرێمایەتیی و گەڵاڵەبووەی ساڵانی پێشتری خۆیەتی، هەروەها گەڵاڵەبوونی رۆڵ و پێگەی کورد و هەرێمی کوردستانە لەسەر ئاستەکانی ئیقلیمی و جیهانی، گرنگترین گۆڕانکاریی نێودەوڵەتیشە کە بووەتە هۆکاری ئەوەی سەنگ و شکۆیەکی تازە بە دۆزی ڕەوای کوردستان و قوربانییەکانی نەتەوەی کورد بدەن، هەروەها وەدیهێنەری ئومێدی زیاتر نزیك بوونەوەیە لەو ئامانجەی کە لە پێناویدا خەباتمان کردووە و ئێستاشی لەگەڵدا بێت لە هەموو بوارەکاندا لە پێناویدا بەردەوامین لە خەبات، ئەوجا ئەم خەباتە چ سیاسی، یان سەربازی، یان کۆمەڵایەتی، یان ئابووری بێت، گومانیشی تێدا نییە ئەو رۆژە هەردێت و ئاسۆی دەرکەوتنی کازێوەی ئازادی و سەربەخۆیی لە هەموو کاتێکی دیکەی رابردوو نزیکترە.

ئەوجا لە دەرهاویشتەکانی ئەو شۆڕشانەی کە پێی دەگوترێ «بەهاری عەرەبی»، بەتایبەت لە تونس و میسر و یەمەن-دا، تا دەگاتە تەنگژەی سووریا و تا ماراسۆنی دیپلۆماتی ئەمریکی و ئێرانی کە سەرئەنجام بە رێککەوتنێکی ئەتۆمیی لە نێوان ئێران و رۆژئاوا گەیشت، پاشان تا گۆڕانکارییە سیاسییە یەك لە دوا یەکەکانەوە لە سعودیە-ی پاش کۆچی دوایی شا عەبدوڵڵا و وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن شا سەلمان-ەوە، لەوێشەوە بۆ هەڵبژاردنە یەك لە دوا یەکەکانی تورکیا و رەنگدانەوەی لە سەر سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوە و دووبارە دارشتنەوەی ستراتیژیەتی ئەنکەرا، پاش ئەوەی هەڵبژاردنەکە لە بەرژەوەندی پارتی دادو گەشەپێدان کۆتایی هات، بەنزیکبوونەوەش لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٥، کێشەی پەنابەران زیاتر کەڵکە بوو و پەڕییەوە بۆ ئەوروپا و دەوڵەتانی ئەوروپی رووبەڕوو خستە بەردەم ئاستەنگی گەورەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژییەوە، سەرەنجام کاری تیرۆریستییانەی داعش بۆ تیرۆری نێودەوڵەتی تەشەنەی سەند و پایتەختەکانی ئەوروپای هەژاند، لە سەروویانەوە تاکو ئێستا تەقینەوەکانی پاریس بوو..

ئەم هەموو گۆڕانکارییانە و ئەم هەموو رووداوە یەك لە دوا یەکانە وایانکردووە کە ساڵی ٢٠١٥ وەك نیشانەیەك و وەکو ساڵێکی دیار لە پرۆسەی سەرلەنوێ دارشتنەوەی هەیکەلی سیستمی جیهانیدا دەربکەوێت، بەتایبەتیش لە دووبارە رێکخستنەوەی هەیکەلەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

سەبارەت بە هەرێمی کوردستانیش، بە سەرۆکایەتی سەرۆك مسعود بارزانی، بڕیاری ڕاست و سەنگینی

یەکلاکەرەوە، ڕۆڵگێڕانی دیار، جووڵانەوەی دیپلۆماسییانەی گرنگ و هاوسەنگ، پێگەیەکی چالاکی سەردەمییانە و هێزێکی سەربازی خۆسەلمێنەری لە بەڕێوەبردنی ئەم گۆڕانکارییانەدا هەبووە، هەموو ئەم سیما و خەسڵەتە تۆکمانە وایانکرد گۆڕانکارییەکان لە بەرژەوەندی پرسی کورد و گەلی کوردستاندا بشکێنەوە.

ئەگەر ئەمانە بە گرنگترین دەوڵەتانی ناوچەکە بەراورد بکەینەوە، ئەوا دەبینین کە ئەو ڕووداوە گەورانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پێدا تێپەڕیوە، بۆتە هۆکاری ئەوەی تێڕوانینی ئەو دەوڵەتانە بشێوێنێت و خانە بەگومانیان بکات، بۆیە لە بەرامبەردا کە بارودۆخی کوردستان دەبینین کە ڕووەو ئاسۆیەکی گەش دەچێتە پێشەوە، ئەوا دەبێت هەموومان شانازی پێوە بکەین، لە کاتێکدا دەوڵەتانی گرنگ و گەورەی ناوچەکە بە دەست کارلێکی خێرای ڕووداوەکانەوە دەناڵێنن، بەڵام دەبینین هەرێمی کوردستان بەرەو پێشەوە و بە ئاڕاستەیەکی ڕوون و ستراتیژیەتێکی جێبەجێکراو هەنگاو هەڵدەگرێت، ڕووداوە چاوەڕوان کراوەکانی ساڵی ٢٠١٥ نەیتوانیوە ئاڕاستەی نەخشەڕێژی ئامانجە دیاریکراوەکانی بگۆڕێت. ئەمەش دیارترین خاڵی جیاکەرەوەی سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان و ئاڕاستەی هەرێم بووە لە٢٠١٥ دا، کە دەمانخاتە سەر نەخشەیەکی ڕاستەقینە بۆ ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠١٦.

هەر بە نموونە لەسەر ئاستی سەربازی، هێزە قارەمانەکانی پێشمەرگە ڕۆڵێکی گەورەیان بۆ دەرکەوتنمان لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی گێڕاوە، ئەو شەڕە گەورانەی کە هێزە قارەمانەکانی پێشمەرگە کردوویانە، جوانترین مانای پاڵەوانیەتی و قوربانیدانیان نەخشاندووە، وانەیەکی تازەیان لە بیروباوەڕی سەربازی و شەڕکردنی هەڵمەتبەرانەی بێ وێنە تۆمارکردووە، ناو و شۆرەتی پێشمەرگەیان گەیاندۆتە سەردێڕ و مانشێتی ڕۆژنامە گەورەکانی جیهان. کار گەیشتۆتە ئەوەی ناتوانرێت ڕوومالی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی تیرۆر بکرێت، بێ ئەوەی باس لە پاڵەوانێتی و قارەمانیەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان نەکرێت و ئاماژە بە ڕۆڵی کاریگەری سەرکەوتنەکانیان نەدرێت، چونکە سەرکەوتنی هاوشێوەی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لە بەرەکانی دیکەی دژی داعش زۆر کەم و دەگمەنن.

بۆیە دەکرێت بڵێین: پێشمەرگە تەنیا و تاقانە هێزە کە توانیویەتی سەرکەوتنی یەك لە دوای یەك بەدەست بهێنێت، هەروەها تەنیا هێزیشە کە خاکی لە دەست نەداوە، پاش ئەوەی ئازادی کردۆتەوە. هەر بۆیە ئەگەر شێوازی شەڕکردنی پێشمەرگە بە تەواوی هێزە ئیقلیمییەکانی دیکە لە ناویشیاندا سوپا و هێزەکانی عێراق بەراورد بکەین، ئەوا دەبینین شێوازی شەڕکردنی پێشمەرگە، هەردەم لە پێشکەوتنی بەردەوامدایە لە دژی داعش. هەروەها پێشمەرگە تەنیا هێز بووە کە توانیویەتی هاوکێشەی هێرش و کشانەوە(کر و فر) بگۆڕێت کە تیرۆریستانی داعش پشتیان پێدەبەست. هەر بۆ نموونە هێزەکانی عێراق هەڵدەستان بەهێرشکردنە سەر ناوچەیەکی دیاریکراو، دەیانتوانی کۆنترۆڵی بکەن، بەڵام دەمانبینی ئەم کۆنترۆڵکردنەوەیە بەردەوامی نەدەبوو، سەرەنجام نەیاندەتوانی بە شێوەیەکی ڕاستەقینە خاکە ئازادکراوەکە بپارێزن، هەر بۆیە جارێکی دیکە تیرۆریستانی داعش دەگەڕانەوە سەری، بەمجۆرەش ئەدای هێزەکانی عێراق هەتا ئەمڕۆش هەر لە بازنەی هێرش و کشانەوەدا گیری خواردووە.

بەڵام وەك دەبینین هێزەکانی پێشمەرگە بە هاوکێشەیەکی سەربازی تەواو تۆکمە و جیاواز لە هێزە هاوشێوە ئیقلیمییەکان، دەتوانێت بە کەمترین قوربانیدانی گیانی و کەمترین زیان پێگەیاندن بەو ناوچانەی ئازادیان دەکات، خاکی زیاتریش ڕزگار بکات و پارێزگاریشی بکات، بەمجۆرەش هەرێمی کوردستان بە ڕێگەی هێزە قارەمانەکانی پێشمەرگە، توانی بیسەلمێنێت کە ستراتیژیەتێکی سەربازی ڕوونی هەیە و جیهان و هاوپەیمانی نێودەوڵەتیش بە ئیرادەی شەڕکردن و سەرکەوتنی سەربازیی یەك لە دوایەك سەرسام بکات.

کامەتا ئەو پرۆسە سەربازییانەی بە درێژایی بەرەی شەڕی دژی داعش توانیویەتی بە هاوشێوەی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە، بوونە هۆکاری ڕزگارکردنی ڕەبیعە و زومار و بەنداوی موسڵ و گوێڕ و مەخموور و جەلەولا و شنگال و ڕزگارکردنی ناوچەی گرنگ و ستراتیژیی لە ڕۆژئاوا و باشووری کەرکووك؟

لە میانەی ئەم سەرکەوتنانەوە توانراوە گرنگترین ڕێگەی زندو و لۆجیستی و شاڕێگەی گرنگ لە تیرۆریستانی داعش ببڕێت. بێگومان ئەم سەرکەوتنانە بێ وێنەن و ئێمە وەك گەلی کوردستان

**هەولێری پایتەخت و سەرۆک مسعود بارزانی پێشوازی لە گرنگترین سەرکردەکانی جیهان و وەزیرانی بەرگریی وڵاتانی زلهێز دەکەن**

**گەشبینییە ئابوورییەکان موژدەبەخشی ئەوەن کە ساڵی ٢٠١٦ ساڵی پەڕینەوە بێت لە ئاستەنگەکان و ساڵی دوورینەوەی هەموو ئەو بەرهەمانەیە کە لەئاکامی خەبات و قوربانیدان و خۆڕاگری چاندوومانە**

**داستانی خۆڕاگری گەلەکەمان بە ڕووی ئاستەنگ و تەحەددییە ئابوورییەکاندا دەریخست، کە خەونی ئازادی و قوربانیدان لە پێناوی سەربەخۆیی و خواستی لەبن نەهاتوو بۆ بڕیاردانی چارەنووس، سووربوونی تەواو بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە، زۆر گەورەترە لەو هەموو تەحەددییانە**

مافی خۆمانە لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکاندا شانازی پێوە بکەین.

بەمشێوەیە لە رووی سەربازییەوە ساڵی ٢٠١٥ ساڵێکی گەورە و گرنگ بووە بۆ داستانەکانی پێشمەرگە لە دژی تیرۆریستان، پێشمەرگە جێگە پەنجەی خۆی بەسەر لاپەڕە پرشنگدارەکانی مێژووی خەباتی مرۆڤایەتی و لە دژی هێزی تاریکی و تیرۆریستان دیاری کرد. هەروەك چۆن کۆمەڵگەی جیهانی و نێودەوڵەتی بە هەموو تەقدیر و رێزێکەوە پێشوازی لێکردووە، ئەمەش لەوەدا رەنگیداوەتەوە کە هەولێری پایتەخت و سەرۆك مسعود بارزانی پێشوازی لە گرنگترین سەرکردەکانی جیهان و وەزیرانی بەرگری وڵاتانی زلهێز دەکەن، هەر لە وەزیرانی بەرگری ئەمریکا تا دەگاتە وەزیرانی بەرگری ئەڵمانیا و فەرەنسا و ئیتاڵیا و کەنەدا و بەریتانیا و تاد..

هەروەها بە شێوەیەکی گەورە لەو دانپێدانانە نێودەوڵەتییە گەورەیە رەنگیداوەتەوە کە پێشمەرگەیان وەك هێزێکی سەربازی کاریگەر ناساندووە، بە شێوەیەکی راستەوخۆش لە سەرکەوتنی ئەو پرۆسە سەربازییانەدا مامەڵەی لەگەڵ دەکەن کە تەحەددی گەورەن، هەروەك ئەو پرۆسە هاوبەشەی کە بە هاوکاری راستەوخۆ و وردی نێوان هێزی پێشمەرگە و هێزە تایبەتیەکانی ئەمریکا لە حەویجە ئەنجامدرا. هەر بۆیە ساڵی ٢٠١٥ بە ڕاستی ساڵی پێشمەرگە بوو، ساڵی شەهیدان بوو کە بە خوێنی بێگەرد و پاکیان گۆڕەپانەکانی شەڕیان گوڵاوپرژێن کرد، بە گیانی بەرخودانیان خاك و گەل و خەندەی منداڵەکانمان و سەلامەتی ژن و ئاسایشی پیرەکانیان پاراستووین، هەربۆیە ساڵی ٢٠١٦ دەبێتە ساڵی تەواوکردنی سەرکەوتن و دەرکەوتنی بەرهەمی قوربانیدانەکانمان.

لە رووی سیاسیشەوە، شانازییە بۆمان کە هەرێمەکەمان جووڵەیەکی سیاسی و دیموکراتی و چالاکی راستەقینەی ئەوتۆ بە خۆوە دەبینێت کە دەبێتە هۆکاری ئەوەی پرۆسەی چەسپاندنی دیموکراتی و سیستمی سیاسیمان پێویستی پێیەتی. ئەمە وێڕای ئەو هەڵە سیاسییانەی کە هەندێك هێزی ناوخۆیی لە پێناوی هەوڵدانیان بە شوێن هەندێك بەرژەوەندی و مەرامی تەسکی حزبی لە سەر حیسابی دەستکەوتە نیشتمانییە گرنگەکانی گەلی کوردستان ئەنجامیاندا، تەنانەت ئەم هەوڵانەش بۆتە هۆکاری ئەوەی لۆژیکی حزبەکانی دیکە بێتە ئاراوە و ڕاشکاوانە دەربکەوێت، لەسەرووهەموویانەوە پارتی دیموکراتی کوردستان لە شێوازی مامەڵەکردنیدا لەگەڵ هەڵەی ئەوانی دیکە و لەناو ماڵی سیاسیی کوردیدا. لەمەشدا بەردەوامیی دانوستاندن و وتووێژی سیاسی لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکان و نەپچڕاندنی دیالۆگ لەگەڵ دۆست و بەرهەڵستکاران تا ئەگەر لە لوتکەی کێشەی سیاسیشدا بووبن، یەکێکە لە سیما سیاسییە دیارەکانی هەرێمی کوردستان، لەمەشیاندا هەرێمی کوردستان وەك ئەزموونێکی بێ وێنە لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەرکەوتووە. لەمبارەیەوە نموونەی نزیك گەلێك زۆرن کە چۆن ئەو کێشە سیاسییانە دەرهاویشتەی کاریگەریی لەسەر ئاسایش و ئاشتەوایی ناوخۆیی لە دەوڵەتان و ناوچەکانی دراوسێمان هەبووە، بەڵام وەك دەبینین ئێمە نەخزاوین بۆ کێشەی ئاسایشی، یان ناوخۆیی قووڵ لە هەرێمی کوردستاندا، سەرەڕای ئەوەی ئەزموونەکەمان تازەیە لە پرۆسەی سیاسی و حکومڕانیدا، کەچی ئەگەر بە دەوڵەتان و دەوروبەر خۆمان بەراورد بکەین، ئەوا دەبینین هەرێمی کوردستان توانایەکی زیاتر لە چۆنیەتی هێورکردنەوەی ململانێی کاری سیاسی لە ژێر چەتری دیموکراتی و لە چوارچێوەی پرۆسەی سیاسیدا هەیە و بەدرێژایی ئەو رووداوانەی لە کوردستاندا روویانداوە هەر لە گەڵاڵەبوون و لەبەرەو پێشچووندا بووە. بەمجۆرە لە رووی سیاسیشەوە ساڵی ٢٠١٥ ساڵی پێشکەوتن و پێگەیشتنی سیاسیی ناوخۆیی بووە، ساڵی دانوستاندنی سیاسیی گەرم بووە بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی کاری سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، بۆیە چاوەڕوان دەکرێت ساڵی ٢٠١٦ ساڵی رێککەوتنی سیاسی و پێشکەشکردنی چارەسەری گونجاو بێت بۆ هەنگاوهەڵگرتن بەرەو پێشەوەو بۆ دەرکەوتنی مافە رەواکانی گەلەکەمان لە چوارچێوەیەکی راستەقینەو بەردەوامدا. لە ڕووی ئابوورییشەوە، گەلە خۆڕاگرەکەمان جوانترین داستانی ئارامی و خۆڕاگرتنی پیشانداوە. هەروەك چۆن هەمیشە ئەم داستانە گەورانەی تۆمار کردووە لەو قۆناخە سەختانەی کە بە درێژایی مێژووی خەبات پێیدا تێپەڕیوە. لەم ماوەیەدا حکومەتی بەغدا بە هەرچییەك لەدەستی هاتبێت ئازاری گەلی کوردستانی داوە، سیاسەتی سزادانی ئابووری

**حکومەتی بەغدا بە هەرچییەك لەدەستی هاتبێت ئازاری گەلی کوردستانی داوە، سیاسەتی سزادانی ئابووری بە پاڵنەری سیاسیی خراپ و بۆ چۆکپێدانان و کەویکردنی ئیرادەمانی پیادەکردووە، بۆ ئەوەی وامان لێبکات لە رێڕەوی ئامانجە شەرعیەکانماندا بۆ ئازادی و سەربەخۆیی و پیادەکردنی مافی رەوای خۆمان لە دیاریکردنی چارەنووسدا لابدەین**

**چاوەڕوان دەکرێت ساڵی ٢٠١٦ ساڵی رێککەوتنی سیاسی و پێشکەشکردنی چارەسەری گونجاو بێت بۆ هەنگاوهەڵگرتن بەرەو پێشەوەو بۆ دەرکەوتنی مافە رەواکانی گەلەکەمان لە چوارچێوەیەکی راستەقینەو بەردەوامدا**

**ئەگەر بە دەوڵەتان و دەوروبەر خۆمان بەراورد بکەین، ئەوا دەبینین هەرێمی کوردستان توانایەکی زیاتر لە چۆنیەتی هێورکردنەوەی ململانێی کاری سیاسی لە ژێر چەتری دیموکراتی و لە چوارچێوەی پرۆسەی سیاسیدا هەیە**

بە پاڵنەری سیاسیی خراپ و بۆ چۆکپێدانان و کەویکردنی ئیرادەمانی پیادەکردووە، بۆ ئەوەی وامان لێبکات لە ڕێڕەوی ئامانجە شەرعیەکانماندا بۆ ئازادی و سەربەخۆیی و پیادەکردنی مافی ڕەوای خۆمان لە دیاریکردنی چارەنووسدا لابدەین. بەڵام بڕیاربەدەستانی بەغدا تووشی وەهم بوون، لە هەڵسەنگاندنیاندا بۆ ئیرادەی راستەقینەی گەلەکەمان و توانای خۆڕاگریی لە پێناوی دەرکەوتنی وەك نەتەوە و بەدەستهێنانی کیانی سیاسیمان سەرچیغ چووەن، لەوەشدا سەرچیغ چوون لە میانەی بڕینی مووچەی فەرمانبەران و دژایەتی هاوولاتیانمان لە ڕێگەی بڕینی قوتی ڕۆژانەیان، کە پێیان وابوو گەلەکەمان پاشگەز دەبێتەوە، یان ئیرادەی سەرکردایەتییەکەمان بۆ بەرەو پێشەوەچوون بۆ جێبەجێکردنی بەرپرسیارێتییە مێژووییەکانی پاشگەز دەبنەوە. بەڵام داستانی خۆڕاگری گەلەکەمان بە ڕووی ئاستەنگ و تەحەددییە ئابوورییەکاندا دەریخست، کە خەونی ئازادی و قوربانیدان لە پێناوی سەربەخۆیی و خواستی لەبن نەهاتوو بۆ بڕیاردانی چارەنووس، سووربوونی تەواو بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە، زۆر گەورەترە لەو هەموو تەحەددییانە.

هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستان سەلماندی کە توانای ئیحتواکردنی کێشەکانی هەیە و توانای بەڕێوەبردنی تەنگژە و پاراستنی دەستکەوتی گەلەکەمانی هەیەو دەتوانێت ئەو قەیرانە ئابوورییەش بە کەمترین زیان و کاری بەردەوام لەسەر کەمکردنەوەی نەهامەتی گەلمان تا ئاستێکی گەورە تێپەڕێنێت.

بەمجۆرە ئەگەرچی ساڵی ٢٠١٥ ساڵی تەحەددی و وەستانەوە بووە بە ڕووی تەنگژە سیاسی و ئابوورییەکاندا، بەڵام گەشبینییە ئابوورییەکان مۆژدەبەخشی ئەوەن کە ساڵی ٢٠١٦ ساڵی پەڕینەوە بێت لە ئاستەنگەکان و ساڵی دوورینەوەی هەموو ئەو بەرهەمانەیە کە لەئاکامی خەبات و قوربانیدان و خۆڕاگری چاندوومانە.

لە دوماهیدا، لەکاتێکدا ساڵی ٢٠١٥ بەڕێدەکەین، ئێمە سەرمان بەرزە، زۆر سەرکەوتووین لەسەر ئاستی سیاسی و دیپلۆماتی و ئابووری و هەروەها زۆر سەرکەوتووین لە ڕووی سەربازییەوە. هەروەك چۆن ساڵی ٢٠١٥مان کۆتایی پێهێنا و جیهان باس لە ئازایەتی ڕۆڵەکانمان و قارەمانیەتی پێشمەرگە و خۆڕاگری گەلەکەمان دەکات. هەروەها ساڵی ٢٠١٥ مان کۆتایی پێهێناو کۆمەڵگەی جیهانیی زۆر بە شۆکەوە بەرامبەر سەرکردایەتییەکەمان رادەوەستێت، لە سەروو هەمووشیانەوە سەرۆك مسعود بارزانی، کە زۆر بەڕێزەوە لە هەموو ناوەندە نێودەوڵەتییەکان و لە هەموو سەردانەکانیدا پێشوازی گەرمی لێدەکرێت، وەك نموونەی ئەو سەردانەی بۆ شانشینی سعودیە کردی و لەلایەن پادشا و دەوڵەتمەداران و سوپاوە پێشوازی لێکرا، هەروەها سەردانی ئەم دواییەی بۆ تورکیا کە بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە ئەنکەرای پایتەخت پێشوازی لێکرا.

ساڵی ٢٠١٥ مان کۆتایی پێهێنا و هەموو شانازی دەکەین بە دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان لە ئاستە جیاوازەکاندا.

ساڵی ٢٠١٦ بە گەشبینییەوە دەست پێدەکەینەوە، بەوەی پرسی کورد گەیشتۆتە قۆناخی دەرکەوتن لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی و گەڕانەوەی بۆ نییە، ئەم ساڵە دەست پێدەکەین بە بەخشینی قوربانی و هەوڵی زیاتر لە پێناوی ئەم خاکەدا، خاکی خۆشەویستی کوردستان و گەلە قارەمانەکەی..

لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٦ـەوە دەبێت دروشمی هەموومان، پیادەکردنی مافی مێژوویی گەلەکەمان بێت لە بڕیاردانی چارەنووس، ئەم مافەی کە هەموو پاکت و عورفە نێودەوڵەتییەکان سەلماندوویانە، لە سەرووی هەمووشیانەوە بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە بە شێوەیەکی راشکاوانە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە «مافی گەلان لە بڕیاردانی چارەنووس، مافێکی یاسایی و شەرعییە و دەکەوێتە چوارچێوەی پاکتی مافە نێودەوڵەتیەکانی مرۆڤ -Universal Right» و بۆ هەموو دەوڵەتان مولزەمە.

بەمجۆرە، ساڵی تازەمان دەست پێدەکات، بە مکووڕبوون لەسەر ئەوەی هەرێمی کوردستان بە مافی خۆی هەستێت لە پیادەکردنی دەسەڵاتەکانی و جێبەجێکردنی دیموکراتیدا بە ڕێگەی راپرسیی ئازاد و دیموکراتی و راستەوخۆ، کە بە هۆیەوە گەلی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٦ قسەی یەکلایکەرەوەی خۆی دەکات.

نێودەوڵەتی دژی تیرۆر بکرێت،
بێ ئەوەی باس لە پاڵەوانێتی
و قارەمانیەتی هێزی
پێشمەرگەی کوردستان نەکرێت
و ئاماژە بە ڕۆڵی کاریگەری
سەرکەوتنەکانیان نەدرێت**

**ئاسۆی دەرکەوتنی کازێوەی
ئازادی و سەربەخۆیی لە هەموو
کاتێکی دیکەی رابردوو نزیکترە**

**هێزە قارەمانەکانی پێشمەرگە
ڕۆڵێکی گەورەیان بۆ
دەرکەوتنمان لەسەر ئاستی
ئیقلیمی و نێودەوڵەتی گێڕاوە،
ئەو شەڕە گەورانەی کە هێزە
قارەمانەکانی پێشمەرگە
کردوویانە، جوانترین مانای
پاڵەوانیەتی و قوربانیدانیان
نەخشاندووە**

---

* بەرپرسی مەکتەبی پێوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی کوردستان و بەرپرسی هێزی پێشمەرگە لە میحوەری باکوور و رۆژئاوای کەرکووك.



# کۆتایی هاتنی شەڕ و گێڕانەوەی سەقامگیری لە سڕینەوەی ئەم سنوورانەی ئێستاوە دەست پێدەکات

# دەوڵەتانی ناو سنووری سایکس-پیکۆ شەڕ و ناسەقامگیرییان بەرهەمهێنا

**"شەڕ دەوڵەت دروست دەکات و دەوڵەتیش شەڕ دروست دەکات"**

**چارلس تیلی**

# لە وڵاتانی عەرەبی ناتوانرێت رژێم بگۆڕێت لەبەر ئەوەی دەوڵەت لەبەریەک هەڵدەوەشێت

**ئەو رووداوانەی بە هۆی راپەڕینەکانی –بەهاری عەرەبی– لە ساڵی ٢٠١١دا هاتنەئاراوە، تا سەر ئێسقان دەسەڵاتی دەوڵەتیان لاواز کرد، ئەویش لە رووی توانای ئەم دەوڵەتانەوە بۆ حوکمڕانی، سەپاندنی باج و پاراستنی هاوولاتیانەوە، بە چەشنێک کە بۆتە تەحەددییەک بۆ تێکڕای نیزامی بەشە عەرەبییەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لە رۆژگاری دوای کۆلۆنیالیزمەوە هاتەدامەزراندن. ئەم لاوازییەش دەرهاویشتەی چەند هۆکارێکە: رووخاندنی رژێمە دیکتاتۆرییەکان، ئەو هەڕەشە جددییەی لە سەر رژێمەکانی دیکە درووست بووە، خەبات و تێکۆشانی بەردەوام بۆ دامەزراندنی سیستمێکی دەستووری نوێ و پتر سەقامگیر، هەڵکشانی تایفەگەری سیاسی، سەرهەڵدان (یاخود سەرهەڵدانەوەی) بزووتنەوەی میلیشیا جیهادییەکان لە سووریا و عێراق و لیبیا و دورگەی سینا. هەموو ئەمانە لە ناوچەیەکدا روودەدەن کە بە دەست کێشەی کۆمەڵایەتی و**

**● شکستی دەوڵەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەوڵەت وەك فاکتەری درووستبوونی شەڕ**

هەموو شیکردنەوەمان ئاماژە بەوە دەکەن کە رەگ و ریشەی کێشەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زیاتر لە شکستی حوکمڕانیدا چڕدەبنەوە، شکستی حوکمڕانیش لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە نەتوانراوە دابەشکردنی دەسەلات و داهات بە چەشنێك بێت کە هەم هاوسەنگی دەسەڵاتەکان بهێنێتەئاراوە و هەم سەرجەم پێکهاتەکانی وڵاتەکە هەست بکەن پشکدارن و بەشدارییان لە درووستکردن و گەڵاڵەکردنی بڕیارەکان و بەڕێوبردنی کاروبارەکان و رەسمکردنی سیاسەتی وڵاتەکەدا هەیە، بۆ ئەوەی هەست بکەن هاووڵاتییەکی راستەقینەی وڵاتەکەن و خۆیان نەخش و رۆڵیان هەیە لە چارەنووس و ئایندەی خۆیان و وڵاتەکەیاندا، هەروەها خۆیان بە بەرپرسیار بزانن لە هەر ئاکام و دەرئەنجامێك کە لە سیاسەتە پیادەکراوەکان و لە بڕیارە جێبەجێکراوەکانەوە دەکەونەوە. ئەم شکستە سەری کێشاوە بۆ شەڕی ناوخۆیی و شەڕی بە وەکالەت و دەستێوەردانی دەرەکی و بوونی ناوچەکە بە گۆڕەپانی گەمە ئیقلیمییەکان و مەیدانی ململانێ جیۆپۆلەتیکییەکان، بە چەشنێك گێژاو و گەردەلوولی ناکۆکییە درێژخایەنەکان و کێشە و قەیرانە چارەسەر نەکراوەکان و تەنگژە کەڵەکەبووەکان هەموویان دۆخێکی درووست کردووە کە ناوچەکە سەر لە لێواری وەرچەخان و دووبارە دارشتنەوە و سەرلەنوێ نەخشەکێشانەوەیە، چونکە ناکرێت ئەو خوێنڕێژی و ئاشووب و ئاژاوە و ناسەقامگیرییەی حاڵی حازر جەستەی وڵاتانی ناوچەکەی تەنیوە، درێژە بکێشێت. ئەوەی ئێستا هەمووان لەسەری هاوڕان بریتییە لە هەژان و هەڵوەشانەوەی ئەو سیستمەی لە دوای رێککەوتنی سایکس پیکۆ-وە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لەسەر بونیاد نرا. ئێستاش ئەگەر بە پێی پێوەرەکانی فرانسیس فۆکۆیاما بۆ دەوڵەت لە دۆخی ئەم دەوڵەتانە بڕوانین، ئەوا دەردەکەوێت کە ئەم وڵاتانە چۆن شکستیان هێناوە لە ئەداکردنی ئەرکە بنەڕەتیەکانی دەوڵەتدا و چۆن ئەو پایە و پێوەرانە لەم دەوڵەتانەدا لە دەستچوون. ئەمە حاڵەتە لە وڵاتانێکی وەك لیبیا و سووریا و عێراق و یەمەندا بە زەقی بەرجەستە بووە. بۆ نموونە دەبینین عێراق و سووریا بە شێوەیەك دابەش و پارچە پارچە بوون کە ئەگەری ئەوە لە ئارادا نەماوە بگەڕێندرێنەوە بۆ دۆخی رابردوویان. کەواتە پێویستە لە هەناوی ئەم دۆخە خوێناوییە و ئەم هەلومەرجە پڕ لە رووبەڕووبوونەوە و پێکدادانەدا گۆڕانکاری و بیرکردنەوەی نوێ درووست بێت، بۆ ئەوەی رۆژگارێکی نوێ بێتەئاراوە کە بتوانرێت کێشە بونیادی و بنچینەییەکانی تێدا چارەسەر بکرێت و ئاشتی باڵ بکێشێت بەسەر ناوچەکەدا، هەروەك چۆن لە دوای شەڕی سی ساڵەی ئەوروپاوە کۆمەڵێك رێککەوتن

**راستە کورد هەموو خۆزگە و ئاواتی ئەوەیە دەوڵەتی کوردستان دابمەزرێت، بەڵام ئەم دەوڵەتە بەو مانایە نییە کە کورد هاووڵاتی پلەیەک بێت و ئەوانی دیکە هاووڵاتی پلە دوو بن**



**ئابووری جددییەوە دەناڵێنن، وەک ئاستی بەرزی بێکاری و بێ و ماڵ و حاڵی و ئاوارە دەربەدەرکراوەکان، هەروەها هەڕەشەی کێشەگەلێکی ژینگەیی گەورەشی لەسەرە، لە نێویاندا کەمی ئاوی خواردنەوە، بە بیابانبوون و نەبوونی سەرچاوەی سرووشتی جگە لە نەوت. ئایندەی ناوچەکە بە نادیاری دەمێنێتەوە. ئەو دەوڵەتانەی پێشتر ڕژێمگەلێکی بەهێز بوون وەک ( میسر ، سووریا و عێراق) ئێستا تا سەرئێسقان تووشی هەژان بوون. سودان داخزاوەتە نێو دوو شەڕی ناوخۆییەوە، یەکێکیان لە نێوان باشوور و باکووردا، ئەوی دیکەیان لە نێو خودی باشووردا. لە لایەکی دیکەوە وڵاتێکی وەک لیبیا، لەسەر لێواری هەرەسە.**

- **سەرچاوە:** "the future of Arab state power"
- **نووسینی: ڕۆجێر ئۆوێن**

هاتنەئاراوە کە دواتر بوونە بەشێك لە ئاشتی ویستڤالیا.

یەکێك لەو گۆڕانکاری و پەرەسەندنانەی زۆربەی توێژەران و شرۆڤەکارانی ناوچەکە تا ڕاددەیەك هاوڕان لەسەری، ئەوەیە کە هەندێ لە گەلانی ناوچەکە کە پێشتر ڕێگرییان لێکراوە لەوەی خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆ و خاوەن سەروەری خۆیان بن، وەك کورد، ئەوا لە ئێستادا پێویستە لە دووبارە دارشتنەوەی نەخشە و سیستەمی ناوچەکەدا خواستی ئەم گەلانە لەبەرچاو بگیرێت و بواری ئەوەیان پێبدرێت مومارەسەی مافی بڕیاردانی چارەنووس بکەن.

## ● دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ بەرهەمی شەڕی ٣٠ساڵەی ئایینیی ئەوروپایە

لە مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤، پرۆفیسۆر ریچارد هاس سەرۆکی ئامۆژگای پێوەندییەکانی دەرەوە لە ئەمریکا، توێژینەوەیەکی بە ناونیشانی (لەبەریەك هەڵوەشان: چۆن وەڵامی ئەم بێ نیزامییەی جیهان دەدرێتەوە؟) بڵاوکردەوە، لەم توێژینەوەیەدا دوو ڕووداو کراونەتە نموونە، وەك کۆتایی هاتنی سیستەمی نوێی جیهان، ئەو دوو ڕووداوەش یەکەمیان ئەو پاشاگەردانییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە بە سەرەتای شەڕی ٣٠ ساڵەی ئەوروپای سەدەی ١٧یەم وێنا کراوە، ڕووداوی دووەمیشیان لکاندنی کرێمای ئۆکرانیایە بە ڕووسیاوە، ئەم ڕووداوەش بەراوردی پێکراوە بە داگیرکردنی کوەیت لەلایەن سەدام حوسێن و لکاندنی بە عێراقەوە.

ئەگەر سەیری مێژووی ئەوروپای سەدەی ١٧یەم بکەین کە ماوەی ٣٠ ساڵ شەڕێکی ناوخۆیی ئایینی بوونی هەبووە، ئەوا ئاشکرایە کۆتاییهاتنی ئەو شەڕە و گەڕانەوەی سەقامگیری، لە ئاکامی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ و درووستبوونی دەوڵەتی نوێی نەتەوەیی هاتۆتەئاراوە و سەرەنجامیش وەك کیسنجەر لە کتێبی (سیستمی جیهانی -٢٠١٤) ئاماژەی پێکردووە، کۆتاییهاتنی شەڕی ٣٠ ساڵە لە میانەی پەیماننامەی ئاشتی ویستڤالیا لە ١٦٤٨، هەم بووە هۆکاری دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی، هەمیش بووە هۆکاری هێنانە کایەی سیستمێکی جیهانی و درووستبوونی پێوەندی نێودەوڵەتی لە نێوان دەوڵەتانی نەتەوەیی تازەی ئەوروپا. بەپێی ئەم بۆچوونەی کیسنجەر، مێژووی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ و مێژووی سیستمی جیهانی و پێوەندی نێودەوڵەتی لە ویستڤالیاوە دەست پێدەکات، کەواتە ئەمە پێمان دەڵێت: دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ بەرهەمی شەڕی ٣٠ ساڵەیە، شەڕێك کە کۆتایی بە سنوورە دەستکردەکانی ئیمپراتۆریەتە کۆنەکان هێنا، هەر ئەمەش بووە هۆکاری سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی لە سەدەی ١٨ و زاڵبوونی دەوڵەتانی نەتەوەیی ئەوروپا بە سەر ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و تەواوی جیهاندا.

ریچارد لە نووسینەکەیدا کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی

**هاووڵاتیانی عەرەبی سوننەی عێراق بە سەرکەوتنی هێزەکانی عێراق بەتایبەتی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی نیگەران دەبن و ترسی ئەوەیان هەیە کە بەر تۆڵەی مەزهەبگەرایی شیعە بکەونەوە**

ئێستا لەگەڵ شەڕی ٣٠ ساڵەی ئایینی ئەوروپای سەدەی ١٧ بەراورد دەکات. لە دەستپێکدا وتەیەکی هیدلی بولی هێناتەوە کە دەڵێت: «لە جیهاندا تەنگژەیەکی هەمیشەیی لە نیوان هێزی نیزام و هێزی بێ نیزامی (ئاژاوە و پاشاگەردانی) بوونی هەیە، باڵانسی نێوان ئەم دوو هێزەیە سیمای هەر سەردەمێك دیاری دەکات». ئەمەش مانای ئەوەیە سیمای ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رەنگدانەوەی ئەوەیە کە شتێك بە ناوی سیستمی نوێی جیهان و سیستمی ئیقلیمی لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونی نەماوە و دەوڵەتە گەورەکان لەسەرووی هەموویانەوە ئەمریکا، بێ توانایە لەوەی بتوانێت کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چارەسەر بکات، ئەوجا بۆ ئەوەی زیاتر بیسەلمێنێت کە کێشەکانی سیستمی نوێی جیهان تەنیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە، ئاماژە بە لکاندنی کریمای ئۆکرانیا دەکات لەلایەن پۆتین-ـەوە بۆ سەر رووسیا، هاس لەم بەراوردکارییەدا، هیچ جیاوازییەك لە نێوان لکاندنی کوەیت بە عێراقەوە لەگەڵ کریما بە رووسیاوە نابینێت، بەڵام لە ساڵی ١٩٩٠ لەبەر ئەوەی باڵانسی هێز بەلای سیستمی جیهانیدا شکابووەوە، جۆرج بوش-ی باوك توانی لە ماوەی کەمتر لە ٦ مانگدا گەورەترین هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بە یەکێتی سۆڤیەتی پێشانیشەوە بۆ دەرکردنی عێراق لە کوەیت درووست بکات، بەڵام ئەوە یەك دوو ساڵە پۆتین کریمای لکاندووە بە رووسیاوە، کەچی ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەتا ئێستاش نەیانتوانیوە هیچ هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی تەنانەت لەسەر ئاستی ناتۆش بۆ کشانەوەی رووسیا لە کریما دروست بکەن.

لێرەوە ئەگەر جارێکی دیکە بگەڕێینەوە بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەراوردی باڵانسی نیزام و شەڕ و ئاشوب پێکەوە بکەین، ئەوا وەك ئەنتۆنی کوردسمان لە تازەترین تویژینەوەیەدا بە ناونیشانی: (تەنگژەی کۆن و نوێ و ناسەقامگیری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا) بڵاوی کردۆتەوە، ئەویش راشکاوانە ئاماژەی بەو پاشاگەردانییە کردووە کە ئێستا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونی هەیە و دەڵێت: (بەشی زۆری ئەو هەواڵ و راپۆرت و شرۆڤانەی لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گوێبیستی دەبین، پێمان دەڵێت: لە تەنگژەیەکەوە بەرەو تەنگژەیەکی دیکە دەچین، بەڵام بنەمای ئەم راپۆرتانە بەو جۆرەن کام تەنگژەیەیان لە رۆژێکی دیاریکراودا دەبێتە سەردێڕی هەواڵ، هەربۆیە ئەگەر سەرنج بدەین هەندێك رۆژ زیاتر بایەخەکە لەسەر یەمەن-ـە یان ئەسەد و داعش، بەم دواییانەش هەموو بایەخەکە کەوتووەتە سەر تەنگژەی نێوان سعودیە و ئێران، بەوەی ئاخۆ پێکدا دەدەن، یان نە. لەوانەیە بکرێت هەریەك لەم کێشانە بە جیا بایەخی پێبدرێت، هەروەها دەکرێت هەموو کێشەکانیش پێکەوە لە چوارچێوەی سەرەدێڕە سەرەکییەکاندا بخوێندرێنەوە)، ئەمەش مانای ئەوەیە راستە کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە رووکاردا کێشەی تازەن، بەڵام ئەگەر بکرێت بخرێنەوە ناو کۆنتێکستە مێژووییەکەی، ئەوا هەموو کێشەکان یەك رەگ و ریشەیان هەیە و هەموویان دەگەڕێنەوە بۆ ئەو سیستمە سەقەتەی کە دەوڵەتی بۆ شەڕکردن و ناسەقامگیری و پاراستنی بەرژەوەندی دەرەکی بەرهەمهێناوە، نەك دەوڵەتێکی بەرهەم هێنابێت بەپێی ویست و خواستی نەتەوە و پێکهاتە جیاوازەکانی ناوچەکە بێت. لێرەوە ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ تویژینەوەیەکی دیکەی پرۆفیسۆر مارینا ئۆتاوای کە لە ساڵی ٢٠١٥ لە سەنتەری وۆرد ولسن بە ناونیشانی (چی لە رێککەوتنی سایکس پیکۆ فێردەبین؟) بڵاوی کردۆتەوە، ئەوا ئەم تویژینەوەیە راشکاوانە ئاماژە بەوە دەکات، ئەو نەخشەیەی دەوڵەتانی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بەرهەمهێناوە و پێی دەڵێن نەخشەی سایکس پیکۆ، ئەوا ئەو دەوڵەتانە بەرهەمی رێککەوتنە نهێنییەکەی ١٩١٦ی سایکس پیکۆ نییە، بەڵکو بەرهەمی نەخشەی سایکس پیکۆ-ی دوای ئاکامی شەڕی یەکەمی جیهانییە لە ساڵی ١٩٢٥، ئۆتاوای لەو تویژینەوەیەدا دەڵێت: (راستە بەریتانیا و فەرەنسا لە ئاکامی شەڕی یەکەمی جیهانی و لە چوارچێوەی سایکس پیکۆ توانییان دەستکەوتەکانی شەڕ دابەش بکەن و سنوورە دەستکردەکان بچەسپێنن، بەڵام نەیانتوانی دەوڵەتی هاوچەرخ دروست بکەن) دیارە مەبەستی ئۆتاوای لە درووستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ، ئەو دەوڵەتەیە کە دوای پەیماننامەی ویستڤالیا لە رۆژئاوا دروست بوون، ئێستا دەوڵەتانی لیبراڵ دیموکراتی رۆژئاوا شانازی بەوە دەکەن و دەڵێن ماوەی ٢٠٠ ساڵە شەڕ لە نێوان دەوڵەتە دیموکراتەکاندا درووست نەبووە، ئەم شانازییە کە رۆژئاوا بە دەوڵەتەکانی خۆیانەوە دەیکەن، فەزڵەکەی بۆ دیموکراتی ناگەڕێتەوە، بەڵکو فەزڵەکەی بۆ کێشانەوەی سنوورەکانی دوای شەڕی ٣٠ ساڵە دەگەڕێتەوە کە لەسەر بنەمای ناسنامەی نەتەوەیی دەوڵەتی لە ئەوروپا درووست کردووە، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە دوای گۆڕینی رژێمە تۆتالیتار و سەرکوتکارەکان کە بە زەبری هێز و ئاسن سەقامگیرییان لەناو ئەو سنوورە دەستکردانە دروست کردبوو، جارێکی دیکە بە رێگەی دیموکراتی، یان کرانەوە سەقامگیری لەو دەوڵەتانە درووست نابێتەوە، ئەمە ئەو نهێنییەیە کە ماوەی ١٠٠ ساڵە رۆژئاوا بەرامبەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پێناوی باڵادەستی و هێزی خۆیان لە گەلانی ناوچەکەی

**ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی هێزی پێشمەرگە توانی لە ماوەی کەمتر لە ٤٨ کاتژمێر بەدەستی بهێنێت، هێزەکانی عێراق لە رومادی نەیانتوانیوە بە چەندین مانگ بەدەستی بهێنن**

**ئایندەی کوردستان لە ئێستاوە نەک دوای داعش، هەر ئەوە دەبێت کە گەلی کوردستان بە رێگەی سندوقی دەنگدان بڕیاری لەسەر دەدات و هەر لەسەر بنەمای ئاکامی ئەو دەنگدان و راپرسییەش هەرێمی کوردستان پێش هەمووان لەگەڵ بەغدا و دوای ئەوانیش لەگەڵ ریاز و تاران و ئەنکەرا وتووێژ دەکات، دوای ئەوانیش هەر لە بەر رۆشنایی بڕیاری گەلی کوردستان مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات**

**سیاسەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ خاڵە هاوبەش و نەگۆڕەکانی تەواوی هاوپەیمانییە جیاوازەکانی ناوچەکە یەک دەگرێتەوە کە بریتیە لە (لە ناوبردنی داعش و گێڕانەوەی سەقامگیری بۆ ناوچەکە)**

دەشارنەوە، باشترین نموونەش بۆ ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە پلەی یەکەم سووریایە ئینجا یەمەن، ئەویش ئەوەیە کە دەیبینین هەرچۆنێك دەستکاری ڕژێمە دیکتاتۆرەکانی هاوشێوەی ئەسەد بکرێت، ئەوا ئەو پاشاگەردانییە دروست دەبێت کە ئێستا دەیبینین.

ئەم باکگراوەندە مێژووییە لە سەر سنوورە دەستکردەکانی سایکس پیکۆ، ئەو ڕاستییەمان پیدەڵێت کە لە چوارچێوەی ئەو سنوورە دەستکردانەی کە بەریتانیا و فەرەنسا وەك دەستکەوتی شەڕ کێشاویانە، لە بری دەوڵەت فاکتەری درووستکردنی شەڕ و ئاژاوە و ناسەقامگیریان درووستکردووە، بۆیە وەك چارلس تیلی دەڵێت: (ئەگەر دەوڵەتان بەرهەمی شەڕ بن، ئەوا دەوڵەتانیش شەڕ درووست دەکەن)، ئەم گوتەی چارلس تیلی نموونەیەکی باشە بۆ دەوڵەتانی ناو نەخشەکەی سایکس پیکۆ، وەك دەوڵەتانێکی ئاکامی شەڕ و درووستکردنی باڵانس لە نێوان بەرژەوەندی زلهێزەکاندا، بەڵام هەر خودی ئەو دەوڵەتانە خۆیان بوونەتەوە بە فاکتەری شەڕ و ناسەقامگیری لە ناوچەکەدا.

بۆ ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە هیچ سیستمێك نییە ئاڕاستەی گەمە نێودەوڵەتییەکە ڕێکبخات و هەر لایەك بە ئارەزووی خۆی لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی بە شێوەی ڕاستەوخۆ و شەڕی بەوەکالەت لەو گۆڕەپانەدا خۆی نمایش دەکات، بۆتە هۆکاری ئەوەی بارودۆخێك دروست بێت زیاتر لەو شەش پاڵوە ڕەنگاوڕەنگە (Rubik's Cube) دەچێت کە زۆر بە ئاسانی دەتوانرێت ڕەنگەکانی هەر شەش دیوی شەش پاڵوەکە تێکەڵ بکرێت، بەڵام زۆر بە زەحمەت دەتوانرێت لێك جیابکرێنەوە، دیارە واقیعی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش ئێستا بەو شێوەیە، جیا لەوەی بارودۆخەکە زۆر بە ئاسانی دەتواندرێت تێك بدرێت و ئاڵۆز بکرێت، بەڵام زۆر بە ئەستەم دەتواندرێت ڕەنگەکان ڕێکبخرێنەوە/ یان سەقامگیری بگێڕێتەوە بۆ ناوچەکە.

هۆکارێك لەم هاوکێشەیەدا کە دەبێتە سەرەداو بۆ کردنەوەی ئەم گرێکوێرەیە، یان سەرەتایەك بۆ بیرکردنەوە لەچارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەدووخاڵی گرنگدا خۆی بەرجەستە دەکات کە بریتین لە:

١. لەناو هێزە گەورەکانی جیهاندا بۆ نموونە فەرەنسا و بەریتانیا و ئەمریکا لەلایەك و ڕووسیا و چین لەلایەکی دیکە، ئەوەیە هەردوولایان لە دژایەتی تیرۆریستانی داعشدا یەك دەگرنەوە و ئامانجی هەردوولایان ڕووخاندنی داعشە، ئەگەر لەسەر ئاکامی دوای داعشیش بیروبۆچوونی جیاواز هەبێت.

٢. ئێستا هێزە گەورەکان هەموویان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوونیان هەیە، ئەم هێزانە دەتوانن بەشێوەی هێزی تەقلیدی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەستێوەردان لە کێشەکاندا بکەن، بەڵام هیچ کام لەو هێزە گەورانە ناتوانن شەڕی یەکتری بکەن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەریەك لەم هێزە گەورانە هێندە چەکی وێرانکار و پێشکەوتوویان هەیە، توانای ئەوەیان هەیە نەك یەکتری لەناو بەرن، بەڵکو ئایندەی جیهانیش بخەنە مەترسییەوە، بۆیە ناتوانن ئەو موغامەرەیە بکەن و ناچار دەبن وەك ئێستا وردە لێك نزیك ببنەوە و بە دوای چارەسەری هاوبەش بگەڕێن.

کەواتە ئەم دوو خاڵە پێمان دەڵێت، ئامانجی هێزە گەورەکان لە ناوبردنی داعشە و بۆ قۆناخی دوای داعش، هەموو هێزەکان پێویستییان بە سەقامگیری، یان دووبارە گێڕانەوەی سەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە، لە هەمانکاتدا هیچ کام لە هێزە گەورەکانیش بێجگە لە ڕووسیا و چین، تەنانەت تەواوی دەوڵەتانی هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسیش گەیشتوونە ئەو قەناعەتەی چۆن بە هێزی سەربازی ناتوانن هەژموونی خۆیان بەسەر هێزە گەورەکانی دیکەدا بسەپێنن، بە هەمان شێوە ناتوانن بە هێزی سەربازی سەقامگیری و ئاشتیش بگێڕنەوە، بۆیە ئەمە هەموو لایەك ناچار دەکات بە دوای فاکتەری ڕاستەقینە بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ و گێڕانەوەی سەقامگیری بۆ ناوچەکە بگەڕێن، کە ئەویش هەڵوەشانەوەی سایکس پیکۆ و دووبارە داڕشتنەوەی سنوورەکانە بۆ ئەوەی دەوڵەتانێك دابمەزرێنەوە کە دەبنە فاکتەری ئاشتی و سەقامگیری، وەك ئەوەی لە دوای ساڵی ١٦٤٨ لە ئەوروپا هاتەئاراوە، ئەویش دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەییە، دامەزراندنی دەوڵەتیش بەو مانایە نییە هەر نەتەوەیەك دەوڵەتێکی بۆ دروست بکەن، بەڵکو بەو مانایەی ئەو نەتەوانە خۆیان چۆن بڕیار دەدەن لە چوارچێوەی سنوورە تازەکاندا لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە پێکەوە بژین.

## ● کوردستان لە ناو ئەم هاوکێشە ئاڵۆزەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

وێڕای هەموو ئەو ئاڵۆزی و پاشاگەردانییەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوونی هەیە و وێڕای ئەو هەموو هاوپەیمانی و ململانێ ئایینی و مەزهەبگەرایییە بوونی هەیە، بەڵام هێشتا لە نێوان هێزە گەورەکانی جیهان و هێزە گەورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خاڵی هاوبەش هەیە، ئەویش (لەناوبردنی داعش و گێڕانەوەی سەقامگیرییە) ئەوجا ئەم ئامانجە لە ناو سنوورە کۆنەکانی دەوڵەتانی ناوچەکە بێتەدی، یان سنووری تازە بکێشرێتەوە، ئەمە خاڵی هاوبەشی نێوان هەموو لایەنەکانی پێوەندیدار بە

**ئامانجی هێزە گەورەکان لە ناوبردنی داعشە و بۆ قۆناخی دوای داعش، هەموو هێزەکان پێویستییان بە سەقامگیری، یان دووبارە گێڕانەوەی سەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە**

**ئێستا دەوڵەتانی لیبراڵ دیموکراتی ڕۆژئاوا شانازی بەوە دەکەن و دەڵێن ماوەی ٢٠٠ ساڵە شەڕ لە نێوان دەوڵەتە دیموکراتەکاندا درووست نەبووە، ئەم شانازییە کە ڕۆژئاوا بە دەوڵەتەکانی خۆیانەوە دەیکەن، فەزڵەکەی بۆ دیموکراتی ناگەڕێتەوە، بەڵکو فەزڵەکەی بۆ کێشانەوەی سنوورەکانی دوای شەڕی ٣٠ ساڵە دەگەڕێتەوە کە لەسەر بنەمای ناسنامەی نەتەوەیی دەوڵەتی لە ئەوروپا درووست کرد**

**لەناو هێزە گەورەکانی جیهاندا بۆ نموونە فەرەنسا و بەریتانیا و ئەمریکا لەلایەک و ڕووسیا و چین لەلایەکی دیکە، ئەوەیە هەردوولایان لە دژایەتی تیرۆریستانی داعشدا یەک دەگرنەوە و ئامانجی هەردوولایان ڕووخاندنی داعشە، ئەگەر لەسەر ئاکامی دوای داعشیش بیروبۆچوونی جیاواز هەبێت**

# ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوودەدات شکستی دەوڵەتی سایکس پیکۆ-یە

**ئایا چ شتێک ڕاڤەی ئەو بێ نیزامییە مێژوویە دەکات کە حاڵی حازر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدی دەکرێت؟ چوار ڕەوتی پێکەوەگرێدراو پەیوەستن بەم پرسەوە. دەبێت لەوەش تێبگەین کە ئەمەریکا بەرپرسیاری سەرەکی نییە بۆ هاتنەئارای ئەم دۆخە و کارێکی زۆریشی لە دەست نایەت بۆ پێچەوانەکردنەوەی.**

**● شکستی دەسەڵاتی دەوڵەت و داخورانی سنوورەکان**

**بۆ ماوەی نزیکەی ١٠٠ ساڵ، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هاوچەرخ لەسەر بناغەی سیستمی دەوڵەت ڕێکخراوە، ئەو سیستمەی کە لە لایەن هێزە ڕۆژئاواییەکان لە دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی -ەوە سەپێندرا. سنووری دەوڵەتە نوێیەکانی وەک عێراق و ئەردەن و سووریا و لوبنان مانایەکی کەمیان لەخۆ دەگرت، بەڵام لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە دانیان پێدا نرا، هەروەها سەرەڕای گرژییە ناوخۆییەکانی نێو ئەم دەوڵەتانە، ئەوا بۆ چەندین دەیە پارێزگاری لەو سنوورانە کرا.**

**ئێستا نیزامی دوای ڕووخان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە داتەپیندایە، بە ڕادەیەکی زۆریش بە هۆی بەهاری عەرەبییەوە ئەم دۆخە دروست بووە، ئەویش کاتێک گەلانی عەرەب لە دژی ئەم دابەشبوونە دەستکردە ڕاپەڕین.**

**بە هەرحاڵ، دەرئەنجامی ئەم شۆڕشە بریتی نەبووە لە زیادکردنی ئاستی ئازادییەکان، بەڵکو بریتی بووە لە هەرەسی دەسەڵاتی دەوڵەت و لەبەریەک هەڵوەشانەوەی سنوورە نەتەوەییەکان. ئەو دەوڵەتەی پێی دەوترا سووریا ئێستا یەک ناگرێتەوە لەگەڵ سنوورە ڕەسمییەکانیدا و ڕەنگە هەرگیز ئەم یەکگرتنەوەیەش ڕوونەدات. حاڵی حازر سنووری سووریا بەم شێوەیە ئەسەدستان،**

**ڕاستە کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕووکاردا کێشەی تازەن، بەڵام ئەگەر بکرێت بخرێنەوە ناو کۆنتێکستە مێژووییەکەی، ئەوا هەموو کێشەکان یەک ڕەگ و ڕیشەیان هەیە و هەموویان دەگەڕێنەوە بۆ ئەو سیستمە سەقەتەی کە دەوڵەتی بۆ شەڕکردن و ناسەقامگیری و پاراستنی بەرژەوەندی دەرەکی بەرهەمهێناوە، نەک دەوڵەتێکی بەرهەم هێنابێت بە پێی ویست و خواستی نەتەوە و پێکهاتە جیاوازەکانی ناوچەکە بێت**

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، هاوشێوەی ئەم ئامانجە هاوبەشە، هەموو دەوڵەتە گەورەکانی جیهان و دەوڵەتە گەورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەك لە شێوەیەکان لە بەرامبەر هەرێمی کوردستان و ئەو شێوازی حوکمڕانییەی لە هەرێمی کوردستان بەڕێوە دەچێت، هەست بە ئاسوودەیی دەکەن و هەر یەك لەو هێزانە بە شێوەیەك لە شێوەکان شانازی بەوە دەکەن کە هاوکاری هەرێمی کوردستانیان کردووە، یان ئامادەن هاوکاری بکەن، ئەمە بە ئێران و ڕووسیا و حکومەتی عێراقیشەوە.

ئەگەر لەم ڕاستەوە سەیری سیاسەتی هەرێمی کوردستان بکەین بەرامبەر کۆی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و عێراق و سووریا بەتایبەتی، بە ڕاشکاوی نەك ئێمە هەموو جیهان هەست بەو سیاسەتە ڕوون و ئاشکرایە دەکات کە هەرێمی کوردستان پیادەی دەکات، ڕاشکاوانەتر سیاسەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ خاڵە هاوبەش و نەگۆڕەکانی تەواوی هاوپەیمانییە جیاوازەکانی ناوچەکە یەك دەگرێتەوە کە بریتییە لە (لە ناوبردنی داعش و گێڕانەوەی سەقامگیری بۆ ناوچەکە)، هەر بۆ نموونە ئەگەر ئامانجی هەریەکە لە ٣ هێزە گەورەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بریتین لە ( تورکیا و ئێران و سعودیە) بریتی بێت لە لەناوبردنی داعش و گێڕانەوەی سەقامگیری بۆ ناوچەکە، ئەوا هەرێمی کوردستان دۆستی هەرسێ لایەنە و وەك یەکیش سەردانی هەر سێ لایەن دەکات و وەك یەکیکش پێشوازی لە شاندی هەر سێ لایان دەکات، ئەوجا ئەجێندای ئەم وڵات بۆ دوای داعش لە ئەجێندای وڵاتێکی دیکە جیاوازە، ئەوەیان پێوەندی بە سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە نییە، لەبەر ئەوەی ئایندەی کوردستان لە ئێستاوە نەك دوای داعش، هەر ئەوە دەبێت کە گەلی کوردستان بە ڕێگەی سندوقی دەنگدان بڕیاری لەسەر دەدات و هەر لەسەر بنەمای



داعشستان، نوسرەستان، کوردستان و .. تاد، بەڵام قەوارەیەکی سیاسی نییە کە ناوی سووریا بێت. هەروەها عێراقیش پارچە پارچە بووە، بەغدا دەستڕۆیشتوویەکی کەمی هەیە لە هەرێمی کوردستان، یان ئەنبار و مووسڵ کە زۆرینەی دانیشتووانەکەیان سوننەن. هەروەها بونیادی دەوڵەت لە لیبیا و یەمەن-دا بوونیان نەماوە و ڕەنگە نەتوانرێت هەرگیز جارێکی دیکە پێکەوە گرێ بدرێنەوە.

- **دابەشبوونی سوننە و شیعە**

ئەم دابەشبوونە نوێ نییە- بەڵکو مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ٧ کاتێک نەیانتوانی لەسەر دانانی خەلیفەی موسڵمانان ڕێکبکەون. هەروەها مەرج نییە ئەو دابەشبوونە لە هەر کاتێکی دیکە خراپتر بێت، چونکە لە ئاستێکی نزمتردایە بە بەراورد بە کۆتاییەکانی سەدەی ١٨، کاتێک خێڵە وەهابییەکانی کەنداوی عەرەبی دەستیان دایە وێرانکردنی شارەکانی کەربەلا و نەجەفی ئێستای عێراق، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە ئەم دیاردە مێژووییە کە لە ڕووی توندوتیژییەوە لە هەڵکشان و داکشاندا بووە و پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ و مەترسیدارترەوە. دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ لە ئێران و شەڕی ئێران و عێراق دەستی پێکرد، هەروەها داگیرکردنی عێراقیش لەلایەن ئەمەریکاوە لە ساڵی ٢٠٠٣دا و گرتنەدەستی جڵەوی دەسەڵاتی بەغدا لەلایەن زۆرینەی شیعەوە هاوسەنگییە تایفەگەرییەکەی لە ناوچەکەدا گۆڕی.

- **سەرچاوە:** The Middle East is falling apart
- **نووسینی:** فیلیپ گۆردن

ئاکامی ئەو دەنگدان و ڕاپرسییەش هەرێمی کوردستان پێش هەمووان لەگەڵ بەغدا و دوای ئەوانیش لەگەڵ ڕیاز و تاران و ئەنکەرا وتووێژ دەکات، دوای ئەوانیش هەر لە بەر ڕۆشنایی بڕیاری گەلی کوردستان مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات.

دیارە ئەم پەیامە هەفتەی ڕابردوو سەرۆك بارزانی لە میانەی کۆبوونەوەی لەگەڵ کونسوڵی گشتی تەواوی ئەو وڵاتانەی کە کونسوڵگەرییان لە کوردستان هەیە بە ڕاشکاوی باسی کردووە و پەیامی ڕاستەقینەی گەلی کوردستان لە سەر زاری سەرۆك بارزانی پێیان ڕاگەیەندراوە، دیارە لەم کۆبوونەوەیەدا بێجگە لە کونسوڵەکانی وڵاتانی دراوسێ و عەرەبی، کونسوڵی دەوڵەتانی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیش ئامادەبوون، ئەمەش مانای ئەوەیە سەرۆك بارزانی تێڕوانینی کوردستانی بۆ ئایندە و سەقامگیری ناوچەکە دوای داعش بە جیهان ڕاگەیاندووە، ئەم ڕاگەیاندنەش دەستپێکی هەوڵێکی گەورەی دیپلۆماتییە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاشتییانە و بە ڕێگەی دیپلۆماتی لەگەڵ هەموو وڵاتانی جیهان ڕاستەوخۆ باسی لێوە بکرێت.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: چۆن بەرژەوەندییە جیاوازەکانی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی لە سەر ئەم واقیعەی ئێستای کوردستان یەك دەگرنەوە و چۆن هەوڵدەدرێت لە نێو ئەو جیاوازییانەدا لێکتێگەیشتن لەگەڵ سیاسەتی هەرێمی کوردستان دروست بکرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە پەیوەستە بە شێوازی بەڕێوەبردنی ئەو سیاسەتە لەسەر ئەرز و بڕوابوون بەو شەڕانەی پێشمەرگە لە سەر زەوی دەیکات و ئەو سەرکەوتنە گەورانەی تۆماری کردووە و دەیکات، لەلایەکی دیکە ئەوەی جێگەی شانازییە بۆ نەتەوەکەمان، ئەگەر بەراوردی شەڕی ئازادکردنی شنگال

**سیمای ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕەنگدانەوەی ئەوەیە کە شتێک بە ناوی سیستمی نوێی جیهان و سیستمی ئیقلیمی لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونی نەماوە و دەوڵەتە گەورەکان لەسەرووی هەموویانەوە ئەمریکا، بێ توانایە لەوەی بتوانێت کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چارەسەر بکات**

**عێراق و سووریا بە شێوەیەک دابەش و پارچە پارچە بوون کە ئەگەری ئەوە لە ئارادا نەماوە بگەڕێندرێنەوە بۆ دۆخی رابردوویان. کەواتە پێویستە لە هەناوی ئەم دۆخە خوێناوییە و ئەم هەلومەرجە پڕ لە رووبەڕووبوونەوە و پێکدادانەدا گۆڕانکاری و بیرکردنەوەی نوێ درووست بێت، بۆ ئەوەی رۆژگارێکی نوێ بێتەئاراوە کە بتوانرێت کێشە بونیادی و بنچینەییەکانی تێدا چارەسەر بکرێت**

لەگەڵ شەڕی ئازادکردنی رومادی بکەین، دەبینین ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی هێزی پێشمەرگە توانی لە ماوەی کەمتر لە ٤٨ کاتژمێر بەدەستی بهێنێت، هێزەکانی عێراق لە رومادی نەیانتوانیوە بە چەندین مانگ بەدەستی بهێنن، جیا لەمەش هاووڵاتیانی عەرەبی سوننەی عێراق بە سەرکەوتنی هێزەکانی عێراق بەتایبەتی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی نیگەران دەبن و ترسی ئەوەیان هەیە کە بەر تۆڵەی مەزهەبگەرایی شیعە بکەونەوە، بەڵام عەرەبی سوننە و شیعەی عێراق بەوانەوەی لە کوردستانن و ئەوانەشی لە ناوچەکانی خۆیان، بە سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە دڵخۆشن و ئامادەباشن لە کوردستانەوە و بە هاوکاری هێزی پێشمەرگە ئامادەباشی بۆ ئازادکردنی مووسڵ بکرێت، بەڵام مەرجی پێشوەختەیان هەیە کە نابێت هێزەکانی عێراق، بەتایبەتی هێزەکانی حەشدی شەعبی بەشداری لە گرتنەوەی رومادی، یان موسڵ بکەن. ئەمەش مانای ئەوەیە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە هێزێکە تەواوی نەتەوە و ئایین و مەزهەبە جیاوازەکانی کوردستانی لە خۆی گرتووە و سوپایەکە ناسنامە نیشتمانی و نەتەوەییەکەی لە سەرووی خۆساخکردنەوەیە لەسەر ئەم نەتەوە، یان ئەو ئایین، یان ئایینزا، یان مەزهەبێکی دیاریکراو، بۆیە لەم رووەشەوە کوردستان توانیویەتی چەمکی نەتەوە بە مانای (Nation) لە چوارچێوەی نەتەوەیەکی دیاریکراو بێنێتە دەرەوە و مانای نیشتمانی پێبدات، هەروەك چۆن لە ئەوروپا سەرکەوتنی دەوڵەتی نەتەوەیی مانای دەوڵەتی نەتەوەیی



(Nation States) گۆڕی بۆ مانای دەوڵەتی نیشتمانی، ئەمەش بەو مانایەی راستە کورد هەموو خۆزگە و ئاواتی ئەوەیە دەوڵەتی کوردستان دابمەزرێت، بەڵام ئەم دەوڵەتە بەو مانایە نییە کە کورد هاوولاتی پلەیەك بێت و ئەوانی دیکە هاوولاتی پلە دوو بن، نەخێر چۆن ئێستا لە دەوڵەتی ئەمری واقیعی کوردستاندا، کوردستان نیشتمانی هەموو پێکهاتە و نەتەوەو ئایین و مەزهەبە جیاوازەکانە، لە ئایندەشدا کوردستان هەر نیشتمانی هەمووان دەبێت، لەمەش زیاتر هەروەك ئێستا چۆن نەوایەکی ئارامە بۆ هەموو ئەو نەتەوە و ئایینە جیاوازانەی لە ترسی ناسەقامگیری روودەکەنە کوردستان و گەیشتۆتە رادەیەك لە میدیای جیهانیدا بە شەقلاوە دەڵێن شەقلۆجە، لە داهاتووشدا هەروا دەبێت و کوردستان هەر نەوایەکی ئارام دەبێت بۆ تەواوی مرۆڤایەتی و تەواوی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی ناوچەکە.

ئەم واقیعەی ئێستای کوردستان، لەسەر ئاستی گشتی سیاسەتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و سیاسەتی گشتی هەرێمی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە شێوەیەکی تایبەتیش لەسەر ئاستی ئەو سیاسەتە لۆکاڵەی حاڵی حازر لە ناوخۆدا پیادە دەکرێت، وەك دەبینین لەگەڵ هەموو بیروبۆچوونە جیاوازەکان و لەگەڵ هەموو ئایین و نەتەوە جیاوازەکان و تەواوی مرۆڤایەتی بۆ سەقامگیری و لەناوبردنی تیرۆریستانی داعش و گێڕانەوەی سەقامگیری یەك دەگرێتەوە، ئەمەش کوردستانی کردۆتە ئەو خاڵە هاوبەشەی لەگەڵ هەمووان یەك بگرێتەوە و بە تەنیا لەگەڵ هیچ هاوپەیمانییەك، یان جەمسەربەندییەکی ناوچەکەدا نەبێت.

**ناکرێت ئەو خوێنڕێژی و ئاشووب و ئاژاوە و ناسەقامگیرییەی حاڵی حازر جەستەی وڵاتانی ناوچەکەی تەنیوە، درێژە بکێشێت. ئەوەی ئێستا هەمووان لەسەری هاوڕان بریتییە لە هەژان و هەڵوەشانەوەی ئەو سیستمەی لە دوای رێککەوتنی سایکس پیکۆ-وە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لەسەر بونیاد نرا**



## مایکڵ گەنتەر
پسپۆڕی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ گوڵان:

# لە بەرژەوەندیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە پێشوازی لە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بکات

**مایکڵ گەنتەر، پرۆفیسۆری زانستە سیاسییەکانە لە زانکۆی تێنێسی تەقەنی و پێشتریش بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی «کێنت ستەیت» بەدەست هێناوە. خاوەنی حەوت کتێبە لە بارەی خەبات و تێکۆشانی کوردەوە، بە دەیان کتێب و وتاری لەبارەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە نووسیوە، بۆ هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی داڕووخانی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەگەری دروستبوونی دەوڵەتی نوێ لە ئەنجامی شەڕەکانی ناوچەکەوە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

*** بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ئاستێك ئاڵۆز و ناسەقامگیر بووە، کە نازانرێت چ لایەك شەڕ لەگەڵ چ لایەکدا دەکات، هەروەها نازانرێت چ لایەك هاوپەیمانێتی لەگەڵ چ لایەکی دیکەدا دەکات، لە ناو سنووری ئەم دەوڵەتانەی ئێستا هەن، کێشەکان چارەسەر ناکرێت، ئایا تا چەند خودی دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست فاکتەری سەرەکین بۆ ئەم ئاژاوە و ناسەقامگیرییەی ئێستا لە ناوچەکەدا بوونی هەیە؟**


- زۆربەی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستکردی ئیمپریالیزمن لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانی، بۆیە ئەم دەوڵەتە دەستکردانە لە هەندێك حاڵەتدا وەك عێراق و سووریا سەلماندیان کە ناتوانن کێشە زۆرەکانیان چارەسەر بکەن، هەر بۆیە دانیشتووانەکانیان روویان کردووەتە گرووپە نەژادییەکانی وەك کورد و تائیفییەکانی وەك سوننە و شیعە بۆ چارەسەری کێشەکانیان.

*** وتەیەکی بە ناوبانگ هەیە کە دەڵێت: شەڕ دەوڵەت درووست دەکات و دەوڵەتیش شەڕ درووست دەکات، ئەگەر دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ بەپێی ئەم گوتەیە بەرهەمی شەڕی ٣٠ساڵەی ئەورووپا بێت، ئەوا دەبێت ئەم شەڕەی ئێستاش دەوڵەتی تازە درووست بکات. پرسیار ئەوەیە ئەگەر ئەم شەڕە دەوڵەتی تازە دروست نەکات، ئایا چۆن شەڕ کۆتایی دێت و سەقامگیری ناوچەکە دەگەڕێتەوە؟**

- تەنیا بە تێپەڕینی کات دەزانین چی لە سووریا و عێراقدا روودەدەن، ئەویش، یان چەندین قەوارەی نوێی بچووك و نەژادی و تائیفیی هاوشێوە، یان فیدراڵی لاوازی گەورەتر دەردەکەون. چەمکەکەی ئۆجالان بۆ ئۆتۆنۆمی دیموکراتی لامەرکەزی ئەگەری نییە بێتە ئاراوە بە لەبەرچاو گرتنی بوونی بەردەوامی دەسەڵاتی سیاسی.

*** بە پێی ئەو پێناسەیەی بۆ دەوڵەتی هاوچەرخ دەکرێت، دەوڵەت دەبێت ئەو توانایەی هەبێت خاکەکەی خۆی بپارێزێت و سەروەری یاسا دابین بکات و دامەزراوەکانی بە باشی هەڵسووڕێنن، بەڵام لە دەوڵەتەکانی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەوڵەت ناتوانێت نە خاکەکەی بپارێزێت، نە سەروەری یاسا و نە دامەزراوەشی هەبێت، ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە پێویستە بیر لە شێوازێکی دیکەی دەوڵەت و لە ناو سنووری تازەدا بکرێتەوە؟**

- بەڵێ، ئەگەر بیر لە جۆرێکی نوێ لە قەوارە نەکەینەوە، ئەوا بە هەرحاڵ شتێکی نوێ پێکدێت.



*** لەوەتەی لە ٢٠١٤ـەوە دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی داعش هاتۆتەئاراوە، بێجگە لە هەرێمی کوردستان لە عێراقدا، هیچ دەوڵەتێك نەیتوانیوە تیرۆریستانی داعش تێکبشکێنێت، ئێستا هەرێمی کوردستانی عێراق دەوڵەت نییە و لە هەوڵدانە بۆ ئەوەی دەوڵەت درووست بکات، بە ڕای تۆ ئایا باشتر نییە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەك بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستان لە سەر خاك، پێشوازی لەم دەوڵەتە تازەیە بکات؟**

- بەشێوەیەکی نموونەیی باشترین شت بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەوەیە کە پێشوازی لە حکومەتی هەرێمی کوردستانی سەربەخۆ بکات، بەڵام ئەمە ئەگەری ڕوودانی نییە بە لەبەرچاوگرتنی پێویستی بۆ سەقامگیری. بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت خۆی بڕیاری ئەوە بدات کە کامە باشترین و گونجاوترین کاتە بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی، بەڵام پێویستە هەوڵی بەدەستهێنانی ڕازیبوونی نافەرمیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و تورکیا و ئێران بدرێت.

*** ئەوەی جێگەی تێڕامان و هەڵوەستەکردنە، ئێستا هەردوو دەوڵەتی عێراق و سووریا وەك دوو دەوڵەتی خاوەن سەروەری بوونیان نەماوە، ئەم دوو دەوڵەتە بوونەتە گۆڕەپانی ململانێی مەزهەبگەرایی شیعە و سوننە، بەڵام هەتا ئێستا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و لە سەرووی هەموشیانەوە ئەمەریکا، باس لە یەکپارچەیی و سەروەری ئەم دوو دەوڵەتە دەکات کە لە سەر ئەرزی واقع بوونیان نەماوە، ئایا ئەمە خۆدزینەوە نییە لە چارەسەر کردنی کێشەکان؟**

- بەڵێ، هەر لەبەر ئەمەشە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت باشترین بڕیاری خۆی بدات کە هەل و مەرجەکە گونجاو دەبێت بۆ ئەوەی سەربەخۆ بێت.

*** ڕاتان لەسەر ئەنجامدانی ڕاپرسی بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لە کوردستاندا چییە؟**

- هەمووان ئەوە دەزانین کە زۆربەی کورد سەربەخۆییان دەوێت، تا ئێستا دوو جار ریفراندۆمی نارەسمی ئەوەمان پێدەڵێت. کاتێك سەرکردەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاتی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی دیاری دەکەن، ئەو کاتە باشترە بانگەشەی ریفراندۆمێکی ڕەسمی بکەن کە لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە سەرپەرشتی بکرێت، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەو کێشە سیاسی و ئابوورییانەی ئێستا هەیە، لەوانەیە ئەم پرسە ئێستا ئاسان نەبێت.

**حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت خۆی بڕیاری ئەوە بدات کە کامە باشترین و گونجاوترین کاتە بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی، بەڵام پێویستە هەوڵی بەدەستهێنانی ڕازیبوونی نافەرمیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و تورکیا و ئێران بدرێت**



**فەلاح مستەفا**
**بەرپرسی فەرمانگەی پێوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:**

# سەرۆک بارزانی به کونسوڵی وڵاتانی ڕاگەیاند گەلی کوردستان بڕیار لە ئایندەی پێوەندییەکانی هەرێم و بەغدا دەدات

**ساڵی ٢٠١٥ دەکرێت پێی بڵێین: ساڵی دیپلۆماتی کوردستان، لەبەر ئەوەی هەر لە سەرەتای ئەو ساڵە و لە شوباتی ٢٠١٥، سەرۆك بارزانی بە تەواوی بە سەرۆك و سەرۆك وەزیرانی ئامادەبووی لوتکەی میونیخ بۆ ئاسایشی ڕاگەیاند، سنوورەکانی سایکس پیکۆ غەدرێکی گەورە و هەڵەیەکی گەورەیە بەرامبەر کورد کراوە و کاتی ئەوە هاتووە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەو هەڵەیە ڕاست بکاتەوە. لە ئایاری هەمان ساڵدا لە میانەی کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆك ئۆباما و تەواوی ئیدارەی ئەمریکادا، زۆر ڕاشکاوانە سەرۆك بارزانی پرسی کورد و ئایندەی کوردستانی خستە سەر مێزی وتووێژەکان و پێی ڕاگەیاندن، کورد بەبێ ویستی خۆی بە سەر چوار دەوڵەتدا دابەشکراوە و ئەو واقیعە بە سەر ئێمەدا فەرز کراوە، ئێمە مێژوویەکی تاڵمان لەگەڵ عێراق هەیە و نامانەوێت ئەو مێژووە دووبارە بێتەوە و بگەڕێینەوە بۆ خاڵی سفر و کاتی ئەوە هاتووە گەلی کوردستان خۆی بڕیار لە سەر ئایندەی خۆی بدات. لەگەڵ دەستپێکی ساڵی تازەش لە میانەی کۆبوونەوەی سەرۆك بارزانی لەگەڵ کونسوڵی وڵاتان جارێکی دیکە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە گەلی کوردستان بڕیار لە سەر شێوازی پێوەندیی ئایندەی نێوان هەرێم و بەغدا دەدات. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم وەرچەرخانە گەورە دیپلۆماتییە بەرامبەر هەرێمی کوردستان و زەمینەسازی بەرەو سەربەخۆیی، ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ فەلاح مستەفا بەرپرسی فەرمانگەی پێوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** هەفتەی ڕابردوو سەرۆك بارزانی لەگەڵ کۆنسوڵی وڵاتان لە هەولێر کۆبووەوە، مەبەست لەو کۆبوونەوەیە چی بوو؟ ئایا سەرۆك بارزانی مەبەستی بوو لە ڕێگەی کونسوڵخانەکانیانەوە چ پەیامێك بەو وڵاتانە بگەیەنێت؟**

- وەك نەریتێکی دیپلۆماتی ساڵانە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ نێردە دیپلۆماتییەکانی هەرێم کۆدەبێتەوە بۆ باسکردنی چەند بابەتێك، لەوانە:

١. سوپاسکردنی وڵاتەکانیان کە نێردەی دیپلۆماتییان لە هەرێمی کوردستان هەیە.

٢. باسکردنی ئەو پرس و تەوەر و پەرەسەندنانەی کە لە هەرێمی کوردستان ڕوویانداوە و پیشاندانی چۆنیەتی تێڕوانینی هەرێم بۆ ئەو پرسانە.

٣. باسکردنی تێڕوانین و پلانی ئێمە بۆ ئایندە، چۆنیەتی تێڕوانینمان بۆ پێوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا، لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

لەم کۆبوونەوەیەدا سەرەتا پرسی مەترسیی تیرۆریستانی داعش و سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە کە توانیویەتی سەرکەوتنی گەورە بەدەست بهێنێت و ناوچەیەکی بەرفراوان لە تیرۆریستان پاك بکاتەوە، تاوتوێ کرا و پاشان باس لەوە کرا چۆن مامەڵە لەگەڵ هەڕەشەی تیرۆریستانی داعش دەکرێت بۆ ئایندەی هەرێمی کوردستان و ئایندەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، هەروەها سەرۆك بارزانی سوپاسی ڕۆڵی هاوپەیمانی نێودەڵەتی و ئەو حکومەتانەی کرد کە لەم شەڕەدا هاوکاری هەرێمی کوردستانیان کردووە، بەڵام پێشی ڕاگەیاندن شەڕەکە هێشتا تەواو نەبووە، ئەم شەڕە خەرجییەکی زۆری هەیە و بارێکی قورسی خستۆتە سەر هەرێمی کوردستان، ئەمەش نەك هەر تەنیا لە ڕووی ماددی و ئابووری، بەڵکو لە ڕووی گیانیشەوە کوردستان و بەتایبەتی هێزی پێشمەرگە قوربانییەکی زۆری داوە، دوای ئەوەش پێویستە پێداویستی بەردەوامی ئەم شەڕە دابین بکرێت، خاڵێکی دیکە پرسی ئاوارە و پەنابەرانی کوردستان بوو، لەسەر ئەم پرسەش ئاماژەی بەوە کرد کە بە هۆی ناسەقامگیری لە سووریا و بەشەکانی دیکەی عێراق ژمارەیەکی هێجگار زۆر پەنابەرو ئاوارە ڕوویان لە کوردستان کردووە کە بە زیاتر لە ١,٨ ملیۆن کەس مەزندە دەکرێن، ئەمەش خۆی لە خۆیدا پرسێکی گرنگە بۆ هەرێمی کوردستان و بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش، سەبارەت بە پێوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا باس لە بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان کرا لەلایەن حکومەتی بەغداوە، هەروەها باس لە پێوەندییەکانی ئێستای نێوان هەرێم و بەغدا کرا، ئاماژە بەو پاشخانە مێژووییە کرا کە کورد لەگەڵ عێراق هەیبووە، هەر لە سیستمی مەرکەزییەوە بۆ ئۆتۆنۆمی، هەروەها لە دوای ٢٠٠٣یشەوە بڕیاردرا سیستمی حوکمڕانیی عێراق لە سەر بنەمای دەوڵەتێکی فیدراڵی و دیموکراتی و پەرلەمانی و فرەیی بونیاد بنرێتەوە، بەڵام لە ماوەی ١٢ ساڵی ڕابردوودا نەتوانراوە ئەو دەوڵەتە بونیاد بنرێتەوە، بۆیە ئێستا گەلی کوردستان مافی خۆیەتی بڕیاربدات پێوەندییەکانی ئایندەی

لەگەڵ بەغدا چۆن ڕێکدەخاتەوە، مافی خۆیەتی بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات و بەوەی چ جۆرە سیستمێکی حوکمڕانی دەوێت، ئەمەش پرسێکە پەیوەستە بە هەموو گەلی کوردستان و پێویستە ڕاپرسییەك بە ئامادەبوونی چاودێرانی نێودەوڵەتی ئەنجام بدرێت، بۆ ئەوەی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان بە پشت بەستن بە ڕای گەلی کوردستان ئەو بابەتە لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکات، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاشتییانە ئەو پێوەندییە تازەیە ڕێکبخرێتەوە، هەروەها سەبارەت بە پێوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەرۆك بارزانی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە هەرێمی کوردستان سیاسەتێکی پێڕەو کردووە کە دەرگا بە ڕووی هەموو جیهاندا بکاتەوە و ئامانجی ئەوە بووە لە چوارچێوەی پێوەندی ئابووری و بازرگانی و پێوەندییەکی فراوان دابمەزرێنێت، ئێستاش لە دوای شەڕی داعش پێوەندییەکان زیاتر پێوەندی سەربازی و ئاسایشن کە خاڵێکی هاوبەشە بۆ هەموو لایەکمان، هەموو ئەمانەش پێکەوە دەربڕی بایەخی هەرێمی کوردستان بوو بە پێوەندییەکانی لە گەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

*** ئاشکرایە لە سەرەتای شەڕی دژی داعش هەرێمی کوردستان تەنیا ئامانجی ئەوە بووە بە هەرشێوەیەك بێت، یارمەتی پێشمەرگە بدەن، بەڵام ئێستا هەست دەکرێت بە زمانێکی دیکە قسە دەکەن و لە کۆبوونەوەکاندا باسی وردەکاری دەکرێت، ئەمەش نەك تەنیا لەسەر چەك و پێشمەرگە، بەڵکو باس لە پێداویستیەکانی هەرێمی کوردستان دەکرێت، ئایا چۆن زمانی دیپلۆماتی هەرێمی کوردستان بەم ئاستە وەرچەرخانی بەخۆیەوە دیوە؟**

- ئەگەر هەندێك بگەڕێینەوە بۆ دواوە، واتە بۆ سەرەتای داگیرکردنی موسڵ لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە، هەرێمی کوردستان سەرەتا دەیویست خۆی لە شەڕی داعش بە دوور بگرێت و لەم شەڕەوە تێوە نەگلێت، ئامانجی ئێمە پاراستنی کوردستان بوو، بەڵام ئاشکرایە تیرۆر و تیرۆریستان هەڕەشەن بۆ سەر هەموو لایەك و کاتێك تیرۆریستانی داعش هێرشیان بۆ سەر کوردستان دەستپێکرد، کەوتینە بارودۆخێکەوە کە ئەگەری ئەوەی هەبوو، ئەوەی بونیادمان ناوە و ئەوەی بەدەستمان هێناوە لەدەستی بدەین، بۆیە سەرۆکی هەرێمی کوردستان چەند هەنگاوێکی جددی و بەپەلەی هەڵگرت بۆ ئەوەی هەرچۆنێك بێت پێشڕەوییەکانی تیرۆریستانی داعش ڕابگیرێت، بۆ ئەمەش پێویستمان بە هاوکاری نێودەوڵەتی بوو، لەبەر ئەوەی پێشتر ئەمریکا و دەوڵەتانی ناتۆ ئەو هاریکاری و یارمەتییەی بۆ بونیادنانەوەی سوپای عێراق خەرجیان کردبوو، هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان لێ بێبەش کردبوو، سەرەنجامیش سوپای عێراق ئەو سوپایە دەرچوو کە خۆی و ئەو هەموو چەك و تەقەمەنییەی دا بەدەستی تیرۆریستانی داعشەوە، هاوکات چەکی دەستی پێشمەرگە چەکی کۆن و ئیمکانیەتی سنووردار بوو، ئەوجا بۆ ئەوەی پێشمەرگە بتوانێت پێشڕەوییەکان ڕابگرێت و بەردەوام بێت، ئەوا داواکاری هەرێم ئەوە بوو چەندی دەکرێت لە ڕووی پێداویستیی سەربازییەوە هاوکاری هێزی پێشمەرگە بکرێت، بەڵام پاش ئەوەی پێشمەرگە بەو چەکە کۆنانە و بەو ئیمکانیەتە کەمەی لەبەردەستی بوو، بە هەماهەنگی لەگەڵ هاوپەیمانان توانی پێشڕەوییەکانی داعش ڕابگرێت و خۆی ئامادەبکاتەوە بۆ ئەوەی ئەو ناوچانەی داعش داگیری کردوون، دووبارە ئازادیان بکاتەوە، ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زیاتر لە نزیکەوە چاودێری بارودۆخەکە بکەن و زیاتر هەڵوەستە لە سەر ئیرادە و خۆڕاگری هێزی پێشمەرگە بکەن، ئەمە خۆی لە خۆیدا بونیادنانی متمانەیەك بوو بەوەی هێزی پێشمەرگە ئەو هێزەیە کە خۆڕاگرە و دەتوانێت تیرۆریستانی داعش لە سەر زەوی تێکبشکێنێت، بۆیە هاوپەیمانی نێودەوڵەتیش هەنگاوی بەرەو ئەوە هەڵگرت باشتر هاوکاری هەرێمی کوردستان بکات، ئەوە بوو بنکەی مەشق و ڕاهێنانی سەربازی و بنکەی ڕاوێژکارانی سەربازی لە هەریم کرایەوە، ئەم هەماهەنگییەی نێوان هەرێمی کوردستان و هاوپەیمانان بووە هۆکاری ئەوەی هێزی پێشمەرگە سەرکەوتنی زۆر گەورە تۆمار بکات، هەروەك ئەوەی ئەمڕۆ گەیشتووینەتە ئەوەی ئامادەباشی دەکرێت بۆ ڕزگاکردنەوەی مووسڵ، کەواتە دوای ئەو سەرکەوتنانە پێداویستی دیکە هاتنە ئاراوە، لەوانە هاوکاری هاوپەیمانان بۆ دووبارە ئاوەدانکردنەوەی ئەو شوێنانەی کە هێزی پێشمەرگە لە دەستی تیرۆریستانی داعش ئازادی کردوون، هەروها داواکردنی هاوکاری بۆ ئەوەی بتوانین ئەو خەڵکە دووبارە لەو ناوچانە نیشتەجێ بکرێنەوە، لەلایەکی دیکەشەوە لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا زمانی دیپلۆماتی کوردستانیش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ئێستا هەرێمی کوردستان لە هاوکێشەی سیاسی و سەربازی و ئابووری و بارزگانیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یاریزانێکی سەرەکیی گۆڕەپانەکەیە. لەم ڕاستەوە دەتوانم بڵێم ساڵی ٢٠١٥ ساڵی دیپلۆماتییەتی کوردستان بووە، لەبەر ئەوەی لە دوای دەستپێکی شەڕی داعش ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆك و سەرۆك وەزیران و وەزیرانی بەرگری و دەرەوەی جیهان سەردانی هەولێریان کردووە، بە دەگمەن هەیە شاندێك هاتبێتە عێراق و سەردانی هەرێمی کوردستانی نەکردبێت، هەموو ئەو شاندانەش ڕاستەوخۆ کۆبوونەوەیان لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەت کردووە،

**ئەو دەستکەوتانە و ئەم واقیعەی ئێستا هاتۆتە ئاراوە بەرهەمی متمانە و ڕاستگۆیی سیاسەتی لۆژیکانەی سەرۆک بارزانی-یە، ئەو سیاسەتە وایکردووە کە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا متمانەیەکی لە ڕادەبەدەریان بە کوردستان هەبێت**

**بە هۆی ناسەقامگیری لە سووریا و بەشەکانی دیکەی عێراق ژمارەیەکی هێجگار زۆر پەنابەرو ئاوارە ڕوویان لە کوردستان کردووە کە بە زیاتر لە ١,٨ ملیۆن کەس مەزندە دەکرێن**

**لە دوای ٢٠٠٣یشەوە بڕیاردرا سیستمی حوکمڕانیی عێراق لە سەر بنەمای دەوڵەتێکی فیدڕاڵی و دیموکراتی و پەرلەمانی و فرەیی بونیاد بنرێتەوە، بەڵام لە ماوەی ١٢ ساڵی ڕابردوودا نەتوانراوە ئەو دەوڵەتە بونیاد بنرێتەوە، بۆیە ئێستا گەلی کوردستان مافی خۆیەتی بڕیاربدات پێوەندییەکانی ئایندەی لەگەڵ بەغدا چۆن ڕێکدەخاتەوە**

بۆیە لەم قۆناخەدا و لەگەڵ بەرەو پێشەوە چوونی پرسەکان، ئێستا کاتی ئەوەیە هەرێمی کوردستان بیر لەوە بکاتەوە چۆن ئایندەی خۆی مسۆگەر بکات و چۆن بتوانێت ئەو قەوارە سیاسییەی بونیادی ناوە بیپارێزێت، هەموو ئەمانەش راستەوخۆ پێوەندیدارن بە ئیرادە و خۆڕاگری هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە توانییان ئەو سەرکەوتنە گەورانە بەدەست بهێنن و شکست بە تیرۆریستانی داعش بهێنن. ئەم سەرکەوتنانە چەند خاڵێکی گرنگی بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش خستەڕوو، لەوانە:

١. هەرێمی کوردستان زۆر بە ئاشکرا سەلماندی لە بەرەی دژە تیرۆرە و لەم بەرەیەشدا لە ریزی پێشەوەیە و کاراکتەری سەرەکیی سەرکەوتنی ئەم شەڕەیە.

٢. سیاسەتی هەرێمی کوردستان بایەخدانە بە لێبوردەیی و پێکەوەژیانی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان بەبێ جیاوازی .

٣. کردنەوەی دەروازەی هەرێمی کوردستان بە رووی لێقەوماوانی دەستی تیرۆر و توندوتیژی بە بێ جیاوازی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی.

بێگومان ئەم خاڵانە هەموویان جێگەی پێشوازی و رێزی کۆمەڵگەی نێودەڵەتییە بۆ هەرێمی کوردستان.

*** بەم دواییە وەزیری بەرگری چەندین وڵات سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد.، ئایا هاتنی وەزیری بەرگری وڵاتان راستەوخۆ بۆ کوردستان و کۆبوونەوەیان لەگەڵ سەرۆك بارزانی و سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان، بۆ چ ئامانجێکە و، ئایا ئەمە بۆتە ئەو واقیعەی وەك دەوڵەت مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکەن؟**

- هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەو سیاسەتە لۆژیکییەی پێڕەوی دەکات، توانیویەتی لە نێوەندە جیهانی و نێودەوڵەتییەکاندا خۆی بسەلمێنێ، راشکاوانە دەتوانم بڵێم ئەو مامەڵەیەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەیکات وەك بەشێك لە وڵاتێك، هەتا ئێستا بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ هیچ هەرێمێکی دیکە لە جیهاندا نەکراوە، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان وەك حکومەتێك توانیویەتی خۆی بسەلمێنێت و خاکەکەی خۆی لە تیرۆریستان بپارێزیت و ئاسایش و سەقامگیری خۆی کۆنتڕۆڵ بکات و، پێوەندییە نێودەوڵەتیەکانی بە رێکوپێکی بەڕێوەبەرێت. ئەمە لەگەڵ ئەوەی هێشتا هەرێمی کوردستان دەوڵەتێکی سەربەخۆ نییە، بۆیە ئەگەر هەرێمی کوردستان کێشەی دەوڵەتی نەبووایە، ئەوا دڵنیام ئاستی هاوکاری و پشتگیری نێودەوڵەتی زۆر لە ئێستا زیاتر دەبوو، بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەوەی هەتا ئێستا هەر بەشێکین لە عێراق، ئەوا ئەم حاڵەتە زۆر ئاستەنگی بۆ درووست کردووین، بۆیە وێڕای ئەمانەش ئێمە شانازی دەکەین کە هەرێمەکەمان توانیویەتی پێگەی خۆی بخاتە ریزی وڵاتانی جیهان و کەمتر نییە لە حکومەتێکی دیکە، ئەم راستییانە ئێستا لە جیهاندا بەرجەستە بوون، سەرۆك بارزانی خۆی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی هەرێمی کوردستانە، وەزارەتی پێشمەرگە کاروباری بەرگری بەڕێوەدەبات و هەرێمی کوردستان وەك قەوارەیەکی سیاسی سنووری زیاتر لە ١٠٥٠ کیلۆمەتری لەگەڵ تیرۆریستانی داعش هەیە و توانیویەتی ئەو سنوورە بپارێزێت و تەسلیمی ئیرادەی تیرۆریستان نەبێت، بۆیە ئەم واقیعە فەرزی کردووە راستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ ئەم راستییە بکرێت، هەر بۆیە کە وەزیرانی بەرگری وڵاتانی هاوپەیمان سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن، دەستپێکی قسەکەیان ئەوەیە دەستخۆشی لە سەرکەوتنەکانی هەرێمی کوردستان دەکەن، هەر لەسەرکەوتنەکانی پێشمەرگە، سەرکەوتنی بەڕێوەبردنی هەرێمی کورستان و سەرکەوتن لە بونیادنانی کۆمەڵگەیەك کە بڕوای بە لێبووردەیی و پێکەوەژیانی نێوان سەرجەم پێکهاتە جیاوازەکان هەیە، هەر بۆ نموونە لە سەردانی ئەم دواییە وەزیری بەرگری ئەمریکا بۆ کوردستان، چەند جارێك جەختی لەسەر ئەوە کردەوە و گوتی: دەستخۆشی ئەو بەڕێوەبردنە باشەی کوردستانتان لێدەکەین لەناو ئەو هەموو قەیرانەی رووبەڕووتان بۆتەوە، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە جیهان بە شێوەیەکی تایبەتی سەیری کوردستان دەکات، بەڵام ئێمە هەتا ئێستا بەشێکین لەو عێراقەی کە لە رووی پراکتیکەوە لەسەر ئاستی ئیقلیمی و جیهانیش بوونی نەماوە و دابەش بووە.

*** لەسەر ئاستی ئیقلیمی و ناوچەکە لەم دواییەدا سەرۆك بارزانی دوو سەردانی گرنگی بۆ سعودیە و دەوڵەتانی کەنداو و تورکیا ئەنجام دا، ئایا ئەمە لە رووی عورفی دیپلۆماتییەوە چ مانایەکی هەیە؟**

- ئەو دەستکەوتانە و ئەم واقیعەی ئێستا هاتۆتە ئاراوە بەرهەمی متمانە و راستگۆیی سیاسەتی لۆژیکانەی سەرۆك بارزانی-یە، ئەو سیاسەتە وایکردووە کە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا متمانەیەکی لە رادەبەدەریان بە کوردستان هەبێت. لێرەوە ئەگەر سەیری سیاسەتی هەرێم بکەین هەر لە سەرەتای دروستبوونی ئەم قەیرانانەوە، بۆ هەموو لایەك ئاشکرا بوو هەرێمی کوردستان لە چ خانەیەکدایە و چی دەوێت. ئەگەر سەیری تەواوی قەیرانەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین، دەبینین بەشی هەرە زۆری قەیرانەکان دەرهاویشتەی کێشە و ململانێی مەزهەبگەرایی نێوان شیعە و سوننەن و نابێت ئەمەش نادیدە بگیرێت، کە لەناو ئەم ژینگە ئاڵۆزەدا هەرێمی کوردستان نەك هەر نەبۆتە بەشێك لەو ململانێ مەزهەبگەراییە، بەڵکو

**سەبارەت بە پێوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەرۆك بارزانی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە هەرێمی کوردستان سیاسەتێکی پێڕەو کردووە کە دەرگا بە رووی هەموو جیهاندا بکاتەوە و ئامانجی ئەوە بووە لە چوارچێوەی پێوەندی ئابووری و بازرگانی و پێوەندییەکی فراوان دابمەزرێنێت**

**لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و سەنتەرەکانی هزر و لێکۆڵینەوە، زۆر زیاتر لە جاران باسی ئایندەی کورد و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەکرێت**

**کۆنگرێسی ئەمریکا دوو ئەنجومەنە -پیران و نوێنەران-، ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە بەشی زۆری ئەندامانی هەر دوو ئەنجوومەنەکە هاوسۆز و پشتیوانی گەلی کوردستانن**

**پێشتر ئەمریکا و دەوڵەتانی ناتۆ ئەو هاریکاری و یارمەتییەی بۆ بونیادنانەوەی سوپای عێراق خەرجیان کردبوو، هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان لێ بێبەش کردبوو، سەرەنجامیش سوپای عێراق ئەو سوپایە دەرچوو کە خۆی و ئەو هەموو چەک و تەقەمەنییەی دا بەدەستی تیرۆریستانی داعشەوە**

**لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا زمانی دیپلۆماتی کوردستانیش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ئێستا هەرێمی کوردستان لە هاوکێشەی سیاسی و سەربازی و ئابووری و بازرگانیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست یاریزانێکی سەرەکیی گۆڕەپانەکەیە**

**ساڵی ٢٠١٥ ساڵی دیپلۆماتییەتی کوردستان بووە، لەبەر ئەوەی لە دوای دەستپێکی شەڕی داعش ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆک و سەرۆک وەزیران و وەزیرانی بەرگری و دەرەوەی جیهان سەردانی هەولێریان کردووە، بە دەگمەن هەیە شاندێک هاتبێتە عێراق و سەردانی هەرێمی کوردستانی نەکردبێت**

توانیویەتی کیانیك درووست بکات کە تیایدا لێبووردەیی و پێکەوەژیان بۆ هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییەکان بوونی هەبێت، لەمەش زیاتر سیاسەتی هەرێمی کوردستان بۆ هەموو لایەکی سەلماند کە هەرێمی کوردستان لە بەرەیەکدا نییە دژی بەرەیەکی دیکە، بۆ هەموو دەوڵەتانی عەرەبی سەلماند بەوەی هەرێمی کوردستان مەبەستی چییە و چ ئایندەیەکی دەوێت. لەم چوارچێوەیەدا هەوڵێکی زۆرمان لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی داوە بۆ ئەوەی کونسولگەری خۆیان لە هەولێر بکەنەوە، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی لە نزیکەوە زیاتر لە سیاسەتی هەرێمی کوردستان تێبگەن. بۆیە خۆشحاڵین ساڵ لە دوای ساڵ هەرێمی کوردستان زیاتر هەنگاو بەرەو پێشەوە هەڵدەگرێت. لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و سەنتەرەکانی هزر و لێکۆڵینەوە، زۆر زیاتر لە جاران باسی ئایندەی کورد و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەکرێت، ئەمانە هەمووی مانای ئەوەن کوردستان خۆی سەلماندووە بەوەی توانای خۆبەڕێوەبردنی خۆیان وەك کیانێکی سەربەخۆ هەیە و شایستەی ئەوەن خۆیان بڕیار لەسەر ئایندەی خۆیان بدەن و خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان بن.

*** بەم دواییە لە زانکۆی کۆلۆمبیا راپۆرتێك بە ناونیشانی (پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت لە کوردستانی عێراق) ئامادە کرا، ئەم راپۆرتە کۆمەڵێك راسپاردەی بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هەرێمی کوردستانیش خستەڕوو، یەکیك لەو راسپاردانە پێشنیاری ئەوە دەکات ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کۆبوونەوەیەك بۆ هەرێمی کوردستان رێکبخات. پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئایا ئێوە وەك حکومەتی هەرێمی کوردستان چۆن سەیری ئەو راپۆرتە دەکەن؟**

- ئەو گرووپەی ئەو راپۆرتەیان ئامادە کردووە، پێشتر بۆ تێگەیشتن لە قەیرانەکان و ئامانجی ئێمە بۆ ئایندە، سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردووە و لەگەڵ بەرپرسانی هەرێم بیر و بۆچوونیان ئاڵوگۆڕ کردووە، لەم راپۆرتە کۆمەڵێك راسپاردە ئامادە کراون کە بەشێکیان بۆ هەرێمی کوردستانە و بەشێکیشی بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە.. سەبارەت بە راسپاردەکانیان بۆ هەرێمی کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان لیژنەیەکی پێکهێناوە بۆ ئەوەی ئەو راسپاردانە دیراسەت بکرێن و میکانیزمی گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە بۆ چۆنیەتی جێبەجێکردنیان، بۆیە ئێمە ئەم راپۆرتە وەك نەخشەی رێگە سەیر دەکەین بەرەو سەربەخۆیی، سەبارە بە راسپاردەکانیشیان بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەمەیان پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەنگاوی بۆ هەڵبگرێت و خۆشمان بە رێگەی نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و نێردە دیپلۆماتییەکانی هەرێم کاری لەسەر بکەین بۆ ئەوەی هاندەر بین بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش کار لەسەر ئەو راسپاردانە بکات.

*** لەگەڵ رێکخراوی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان پێوەندیتان چۆنە و ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە باسی ئەوە لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن، کە کوردستان بە سیفەتی چاودێر لە کۆبوونەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئامادە بێت؟**

- پێوەندیمان لەگەڵ رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان باشە، بەڵام ئەم رێکخراوە زۆر فراوانە و لە چەندین وڵاتی دیکە رێکخراوی سەربە رێکخراوی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان هەن، لە عێراق نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان ناسراو بە (یۆنامی) هەیە، ئەم رێکخراوە ئۆفیسیان لە بەغدا و نووسینگەشیان لە هەرێمی کوردستان هەیە، هەر بۆیە ئەگەر باسی بارەگای گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەین کە لە نیویۆرك ـە و ئێمە ببینە ئەندامی چاودێر لەو رێکخراوە، بێگومان ئەمە هەوڵی زۆری دەوێت و ئاستەنگی زۆریشی لە بەردەمدایە، لەبەر ئەوەی پێش هەموو شت ئێمە بەشێکین لە عێراق، ئەگەر بمانەوێت داوایەکی لەو جۆرە بەرز بکەینەوە، ئەوا دەبێت لە رێگەی عێراقەوە بەرزی بکەینەوە. بەڵام ئایا عێراق ئەمە دەکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە روونە. چونکە عێراق تاکو ئێستا رێگە نادات، شاندی کوردستان لە چوارچێوەی شاندەکانی عێراق بەشداری کۆبوونەوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات، کەواتە ئەگەر عێراق نەیکات، دەبێت وڵاتانی دیکە ئەم ئەرکە بگرنە ئەستۆ، ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی دەستێوەردان لە کاروباری عێراق، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پرسە باس کراوە و لەلایەن چەند وەزارەتێکی حکومەتەوە دیراسەتی بۆ کراوە، بەوەی باشترین هەنگاو ئەوەیە هەوڵبدەین کوردستان ببێتە ئەندامی چاودێر لەو رێکخراوانەی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانن و کەمتر سیاسین، وەك رێکخراوی یونسکۆ، بۆیە ئەم پرسە دیراسەتکراوە و کاری لەسەر دەکرێت.

*** ئێوە یاوەری شاندی سەرۆك بارزانی بوون لە سەردانی بۆ واشنتۆن، ئایا لە کۆبوونەوەی ئەمجارەی سەرۆك بارزانی لەگەڵ سەرۆك ئۆباما و ستافی ئیدارەی ئەمریکی چۆن باس لە پرسی کورد و ئایندە کرا؟ ئایا تاچەند لەناو ئیدارەی ئەمریکی و کۆنگرێس پێشوازی لەم پرسە دەکرێت؟ هەروەها ئایا لە ناوەندەکانی فیکر و لێکۆڵینەوە چۆن تەبەنی ئەم پرسە دەکەن و تاچەند ئەم ناوەندانە زەمینە خۆش دەکەن بۆ کاریگەری لەسەر بڕیاری سیاسیی ئەمریکا؟**

- جێگەی شانازییە ئەو شەرەفەم هەبووە بەشداری

شاندەکانی جەنابی سەرۆك بم، بەتایبەتی لەو کۆبوونەوەی بەڕێزیان لە مانگی ئایاری ٢٠١٥ کە لەگەڵ سەرۆك ئۆباما و جێگری سەرۆك بایدن و ئیدارەی ئەمریکا ئەنجامدران، دیارە بۆ نەتەوەی کورد جێگەی شانازییە کە سەرۆك بارزانی و بە روونی و راشکاوییە پرسی کورد لەگەڵ سەرکردەکانی جیهان باس دەکات، لەو کۆبوونەوەیەشدا سەرۆك بارزانی پرسی کوردی بە راشکاوی خستە سەرمێزی گفتوگۆ و باسی ئەوەی کرد کورد نەتەوەیەکە دژ بەویستی خۆی بەسەر چوار وڵاتدا دابەشکراوە و ئەم واقیعەش بەسەر ئێمەدا فەرز کراوە، سەربارەت بە پرسی کوردیش لەباشووری کوردستان سەرۆك بارزانی باسی لە ئەزموونی تاڵی کورد لەگەڵ عێراق کرد، مێژووی عێراق پڕیەتی لە سیاسەتی چەوت و نەهامەتی بەرامبەر گەلی کوردستان، بەڵام لە هەموو قۆناخێکدا کە بوارێك بۆ ئاشتی و دیالۆگ هاتبێتە پێشەوە، کورد دەرگای خستۆتە سەر پشت بۆ چارەسەری ئاشتییانە، لە بەرامبەردا حکومەتەکانی عێراق رەفتاری خۆیان گەیاندە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، پیادەکردنی پرۆسەی بەدناوی ئەنفال کە ١٨٢ هەزار هاووڵاتی بێسەروشوێن کران، پێشتریش ٨٠٠٠ بارزانی و ١٢ هەزار کوردی فەیلی کۆمەڵکوژ و بێسەروشوێن کران، زیاتر لە ٤٥٠٠ گوندی کوردستانیان کاولکرد، ئەمانە هەمووی ئەو قوربانییانەن کە گەلی کوردستان لەپێناوی ئازادی و سەربەستی داویەتی. بۆیە جەنابی سەرۆك بە سەرۆك ئۆبامای راگەیاند: ئێمە جارێکی دیکە ناگەڕێینەوە بۆ خاڵی سفر، دووبارە چاوەڕێی ئایندەیەکی نادیار ناکەین و گەلی کوردستان شایستەی ئایندەیەکی باشترە و شایستەی ئەوەیە خۆی بڕیار لەسەر ئایندەی خۆی بدات. دوای ئەو هەموو قوربانییە پێویستمان بە سەقامگیری و ئاشتییە، سەقامگیری و ئاشتیش بەو ڕێگەیە دێتەدی کە گەل خۆی کاروباری خۆی بەڕێوەبەرێت. ئەوەی پێویستە سەلماندوومانە، لەمەش زیاتر ئێمە بەرپرسیار نین لەوەی عێراق پارچەپارچە دەبێت، ئێستا ئێمە لە ناوچەیەکدا دەژین پڕیەتی لە ململانێ لەسەر دەسەڵات و هاوپەیمانی جیاجیا لە ناوچەکەدا لەسەر بنەمای مەزهەبگەرایی درووست بووە، بەڵام هەتا ئێستا تەنیا کوردستان لەنێو ئەم هەموو ململانێیی و هاوپەیمانییە جیاوازەدا توانیویەتی بە سەربەخۆیی بڕیاری خۆی بدات و بێجگە لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی تیرۆریستانی داعش بە سەرۆکایەتی ئەمریکا، نەبۆتە بەشێك لە هیچ کام لەو هاوپەیمانییانە، ئەمەش لە پێناوی ئەوەیە دەبێت بەرەیەکی بەهێز دژی تیرۆریستانی داعش هەبێت، سەبارەت بەم قسانەی سەرۆك بارزانی، ئەوەی تێبینیمان کرد ئەوەیە کە ئێستا لە ناو ئیدارەی ئەمریکا تێگەیشتنێکی زۆر باشتر لە جاران بۆ ئەم پرسە هەیە، پێشتر یەکسەر پێیان دەگوتین ئێمە لەگەڵ سەروەری و یەکپارچەیی عێراقین، ئێستا ئەو زمانە نەماوە، ئەوجا ئەگەر لێرەوە ئیدارەی ئەمریکا لەگەڵ کۆنگرێس لە یەکدی جیابکەینەوە، دیارە کۆنگرێسی ئەمریکا دوو ئەنجومەنە -پیران و نوێنەران-، ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە بەشی زۆری ئەندامانی هەر دوو ئەنجومەنەکە هاوسۆز و پشتیوانی گەلی کوردستانن، بەڵام گرنگ ئەوەیە کۆنگرێس و ئیدارەی ئەمریکا بزانن کاتێك راپرسی ئەنجامدەدەین، ئاکامی ئەم راپرسییە دەبێتە چەکێکی گرنگ بە دەست سەرکردایەتی سیاسیی کوردستانەوە بۆ ئەوەی دانوستاندنی لەگەڵ بەغدا پێبکات، هەروەها ئەوکاتە دەتوانین ئەم پرسە رووبەڕووی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکەینەوە. سەبارەت بە ناوەندەکانی هزر و لێکۆڵینەوەش لە ئەمریکا، ئەوان بایەخی گرنگ بە ئێستا و ئایندەی کوردستان دەدەن، ئەم ناوەندانە بەشێوەی کراوە و راستەوخۆ راسپاردەی خۆیان دەدەنە بڕیاربەدەستان، هەروەها کۆبوونەوەی داخراویشیان هەیە کە لە سەر پرسە گرنگەکان بڕیاربەدەستان گوێیان بۆ دەگرن.

*** تورکیا یەکێکە لە دراوسێ گرنگەکانی هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکی ستراتیژی ئێستا لە نێوان هەولێر و ئەنکەرا بوونی هەیە، ئایا ئێستا ئەو پەیوەندییە لە سەر ئاستی ئابووری و سیاسی و دیپلۆماتی لە چ ئاستێکدایە؟**

- پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩١-١٩٩٢ پاش ئەوەی هەڵبژاردن کرا و پەرلەمانی هەرێمی کوردستان درووست بوو و حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا. ١٩٩٢-٢٠٠٣ قۆناخێکە، لەم قۆناخەدا پەیوەندییەکان زیاتر لەگەڵ پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بووە و پەیوەندییەکەش تا رادەیەك لە هەڵبەز و دابەز بووە، دوای ٢٠٠٣ هەستمان کرد گۆڕانکارییەکی ئەرێنی لەلایەن حکومەتی تورکیاوە سەبارەت بەو پەیوەندییە درووست بوو، ئەم نیگەرانییە چەند ساڵێکی خایاند تا ئەو کاتەی تورکیا هەستی کرد دەکرێت هەرێمی کوردستان بکرێتە هاوبەشێك، واتە هەرێمی کوردستان ببێتە هاوبەشێك بۆ تورکیا و تورکیا ببێتە هاوبەشێك بۆ هەرێمی کوردستان، لای ئێمە روون بوو گرنگە تورکیا ببێتە هاوبەشێك بۆ هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی لە بوارەکانی سیاسی و ئابووری و بازرگانی، لەبەر ئەوەی زۆر خاڵی هاوبەش لە نێوانماندا هەبوو، بەڵام لەم بازنەیەدا چەند پرسێك بوونیان هەبوو، وەك پرسی بوونی کورد لە تورکیا، هەروەها پەیوەندی نێوان ئەنکەرە و بەغدا، سەبارەت بە یەکەمیان ئێمە هەموو کات

**هەرێمی کوردستان زۆر بە ئاشکرا سەلماندی لە بەرەی دژە تیرۆرە و لەم بەرەیەشدا لە ریزی پێشەوەیە و کاراکتەری سەرەکیی سەرکەوتنی ئەم شەڕەیە**

**سیاسەتی هەرێمی کوردستان بایەخدانە بە لێبووردەیی و پێکەوەژیانی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان بەبێ جیاوازی**

**هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەو سیاسەتە لۆژیکییەی پێڕەوی دەکات، توانیویەتی لە نێوەندە جیهانی و نێودەوڵەتییەکاندا خۆی بسەلمێنێ**

**ئەو مامەڵەیەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەیکات وەک بەشێک لە وڵاتێک، هەتا ئێستا بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ هیچ هەرێمێکی دیکە لە جیهاندا نەکراوە**

گوتوومانە پشتیوانی کورد دەکەین لە تورکیا، بڕیاردان لە شێواز و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیاش، پرسیکە لە نێوان گەلی کورد و تورکیا، پێویستە ئەم پرسە بە ڕێگەی دیالۆگ و ئاشتی چارەسەر بکەن، سەبارەت بە دووەمیشیان ئێمە راشکاوانە رامانگەیاندووە لەگەڵ ئەوەین پێوەندی نێوان ئەنکەرا و بەغدا، پێوەندیەکی باش بێت، بەڵام لە سەر حیسابی بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان نەبێت، هەر بۆیە ئێمە وای دەبینین دوای پەیدابوونی تێگەیشتنێکی تەواو لە سەر سیاسەتی و دیدی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا، گۆڕانکاریەکی زۆر ئەرێنی لە پێوەندییەکانی هەردوولادا روویاندا، ئەمەش جێگەی دەستخۆشی و سوپاسە بۆ سەرکردایەتی سیاسی هەردوولا کە توانییان هەنگاوی بوێرانە بەرەو دامەزراندنی بنەمایەکی پتەو بۆ پێوەندیەکی درێژخایەن هەڵبگرن، بەمەش توانرا سیاسەتی رووبەڕووبوونەوە بگۆڕدرێت بۆ سیاسەتی هاوکاری و پشتیوانی لەگەڵ یەکتری، بۆ ئەمەش گەڕاین بە دوای خاڵی هاوبەش لەسەر ئاستی سیاسی و ئابووری و بازرگانی، لە ئێستادا بە ئومێدی ئەوەین کاری زیاتر بکرێت بۆ بەرەو پێشەوە بردنیان، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەم هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا گرنگە و هەم تورکیاش بۆ هەرێمی کوردستان گرنگە.

*** عەرەبستانی سعودیە بەم دواییە هاوپەیمانییەکی دژی داعشی بە ناوی هاوپەیمانی ئیسلامی راگەیاند کە ٣٤ دەوڵەت لە خۆی دەگرێت. ئەم رۆڵە گەورەیەی سعودیە چۆن دەخوێنێتەوە و ئایا ئەوە بنەمای هەیە کە دەڵێن ئەو ٣٤ دەوڵەتە پشتگیری لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دەکەن؟**

- عەرەبستانی سعودیە هێزێکی گرنگ و کاریگەرە لە ناوچەکە و لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیش ئەو دەوڵەتەیە حیسابی لەسەر دەکرێت، بۆیە ئێمە خۆشحاڵین ئەو پێوەندییە گرنگە لە نێوان هەرێمی کوردستان و سعودیە بوونی هەیە.، ئەوجا سەبارەت بەو هاوپەیمانییەی کە سعودیە رایگەیاندووە، ئەوا زەحمەتە ئێمە راپۆرتێکی فەرمیمان لەسەر ئەم هاوپەیمانییە لەبەر دەست نەبێت و بڕیاری لەسەر بدەین، ئێمە لەمبارەوە بە فەرمی راپۆرتیکمان لەبەردەست نییە سەبارەت بە ئامانجی ئەم هاوپەیمانییە، هەروەها ئێمە وەك هەرێمی کوردستان دەوڵەت نین، هەتا بڕیاری لەسەر بدەین، باشە، یان خراپە، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەوەین هاوپەیمانی بە جۆرێك کە بیروبۆچوونی ئەندامانی هاوپەیمانییەکە دژ بەیەکتری نەبن، هەڵوێستیان سەبارەت بە ئاشتی و سەقامگیری و خۆشگوزەرانی وەك یەك بێت، ئەگەر بەمجۆرە بێت، ئێمە حەز دەکەین هاوپەیمانی لەمجۆرە دروست ببن، لەمبارەوە ئێمە نەمانشاردۆتەوە لەگەڵ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعشین بە سەرۆکایەتی ئەمریکا کە ٦٧ دەوڵەت لەخۆی دەگرێت، بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەوەی عێراق ئامادە نییە شاندی کوردستان بەشداری پێبکات، هەرێمی کوردستان ئامادەی کۆبوونەوەکان نابێت، ئەگەرنا ئەندامانی دیکەی هاوپەیمانییەکە رێگر نین لەوەی هەرێمی کوردستان بەشداری بکات، بۆیە ئێمە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش وادەبینن لە سەر ئەو بنەمایە دروست بووە و نابێتە هۆکاری دروستبوونی هاوپەیمانی دژ، سەبارەت بە هەڵویستی ئەندامانی ئەو هاوپەیمانییەش کە سعودیە سەرکردایەتی دەکات، لە سەر پرسی کورد، ئێمە دەڵێن لەوانەیە بە حوکمی ئەوەی سعودیە تێگەیشتنێکی تەواوی لە سەر پرسی کورد هەیە، کاریگەری لەسەر چەند دەوڵەتێکی ناو هاوپەیمانییەکە هەبێت، بەڵام بڵێین هەر ٣٤ دەوڵەتەکەی ناو هاوپەیمانییەکە پشتگیری دۆزی کورد دەکەن، ئەمەیان پرسێکە باوەڕ ناکەم لە جێگەی خۆیدا بێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر بمانەوێت بەرەو هەنگاوی سەربەخۆیی بڕۆین، دەبێت هەرێمی کوردستان بەجیا لەگەڵ هەر یەکێك لەو وڵاتانە دابنیشێت و بە کراوەیی باس لەم پرسە بکات و تێگەیشتنی تەواو لەگەڵیاندا درووست بکات، بۆ ئێمەش جێگەی خۆشحاڵییە ئەگەر تەواوی ئەندامانی ئەو هاوپەیمانییە پشتگیری دۆزی کورد بکەن، بەڵام وەك وتم ئەمە پێویستی بەوەیە هەرێمی کوردستان راستەوخۆ لەگەڵ ئەو وڵاتانە ئەم پرسە بە روونی و راشکاوی باس بکات.

*** ئەگەر دوایین پرسیارمان تایبەت بێت بە مەزندەی خۆت وەك بەرپرسی فەرمانگەی پێوەندییەکانی دەرەوە، ئایا ئەگەر ئێستا کوردستان دەوڵەت رابگەیەنێت، چەند دەوڵەت پشتگیری لێدەکات؟**


- لەوانەیە نەتوانم بە ژمارە پێتان بڵێم چەند دەوڵەت پشتگیریمان دەکات، بەڵام گەشبینی بە ئاستێکە کە زۆربەی زۆری دەوڵەتانی جیهان پشتگیریمان دەکەن، لەوانەیە هەندێك دەوڵەت هەبن لەبەر کێشەی تایبەتی خۆیان نەتوانن پشتگیریمان بکەن، بەڵام زۆربەی زۆری دەوڵەتان پشتگیریمان دەکەن، لەمەش زیاتر ئەمساڵ ١٠٠ ساڵ بە سەر رێککەوتنی سایکس پیکۆ تێدەپەڕێت، دەرکەوت لە ماوەی ئەم ١٠٠ ساڵەدا ئەو سنوورانەی بە زۆر کێشراون، مایەی کێشە و ئاشووبن، بۆیە هیچ گومان لەوەدا نییە ئەو سنوورانە گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. لەمەش زیاتر ئەوەی بۆ ئێمە جێگەی خۆشحاڵییە، ئەوەیە ئێمە دەمانەوێت بە رێگەی دیالۆگ و لێکتێگەیشتن بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو هەڵبگرین، ئەم تێگەیشتنەی ئەمڕۆش لەسەر ئەم پرسە هەیە، پێشتر بوونی نەبووە.

**ئەگەر هەرێمی کوردستان کێشەی دەوڵەتی نەبووایە، ئەوا دڵنیام ئاستی هاوکاری و پشتگیری نێودەوڵەتی زۆر لە ئێستا زیاتر دەبوو، بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەوەی هەتا ئێستا هەر بەشێکین لە عێراق، ئەوا ئەم حاڵەتە زۆر ئاستەنگی بۆ دروووست کردووین**

**ئێمە هەموو کات گوتوومانە پشتیوانی کورد دەکەین لە تورکیا، بڕیاردان لە شێواز و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیاش، پرسیکە لە نێوان گەلی کورد و تورکیا، پێویستە ئەم پرسە بە رێگەی دیالۆگ و ئاشتی چارەسەر بکەن**

**ئەمساڵ ١٠٠ ساڵ بە سەر رێککەوتنی سایکس پیکۆ تێدەپەڕێت، دەرکەوت لە ماوەی ئەم ١٠٠ ساڵەدا ئەو سنوورانەی بە زۆر کێشراون، مایەی کێشە و ئاشووبن، بۆیە هیچ گومان لەوەدا نییە ئەو سنوورانە گۆڕانکارییان بەسەردا دێت**

# وتاری ئایینی و نانەوەی ململانێی تایفەگەری و رق و کینە



د. تەیسیر عەبدولجەبار ئالووسی*
بۆ گوڵانی نووسیوە

شتێکی تازە نییە کاتێ لە رێی هەواڵەکانەوە ئاگاداری ئەوە دەبین کە پێشێلکاریگەلێکی نادروست رووبەڕووی وتاری ئایینی دەبنەوەو ئەو کەسانەشی کە بۆ مەبەستی سیاسی دەیقۆزنەوە و ململانێی تایفەگەری و دوژمنکاری و زێدەکردنی رق و کینەی پێ دەنێنەوە، لەم دواییەشدا هەواڵەکان دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کە هەرێمی کوردستان ٣٠ وتاربێژی لە خوێندنەوەی وتاری ئایینی راگرتووە، ئەوانەی کە هانی توندڕۆیی و پەرگیریی دەدەن، وتاری ئەوانە زیاتر پشتیوانیی لە تیرۆرو تاوانەکانی دەکەن، هاوکات پاساوو بیانوویان تێدایە تاکو خەڵکانێك پێوەندییان پێوە بکەن و کردەوەی تیرۆریستی ئەنجام بدەن.

وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی هەرێمی کوردستان ئەوەی ئاشکراکردووە کە ژمارەیەك لە هاووڵاتیان کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئەو وتارانەو هانی توندوتیژی دراون، کە دواتر ئەو کەسانە چوونەتە ریزی تیرۆریستانی داعشەوە، کێشەکە لەوەدایە کە ئەو ژمارە پێشنوێژ و وتارخوێنانە هەموویان وتاری چەواشەکاری پەیڕەو ناکەن، کارەساتەکەش ئەوەیە کە هەندێ لە بەرپرسانی وەزارەت، رەنگە لە هۆکارەکانی کاروباری ئیدارییان کۆڵیبێتەوە بۆ دوورخستنەوەیان، بۆ نموونە هەندێ وتاربێژ فەرمانبەری وەزارەت نین و دەکرێ دووربخرێنەوە، لێرەدا دەپرسین: ئەی ئەو فەرمانبەرانەی سەر بە وەزارەتن چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ کاتێ هەمان تاوان ئەنجام دەدەن؟ ئایا نابێ هەڵوێستی ئەوانەش لە رووی دەستخەرۆدان و گومراییکردنیان یەکلایی بکرێتەوە؟

ئەم کێشەیە ناچێتە بواری جیاوازیی بیروبۆچوون و ئازادیی رادەربڕینەوە، تەنانەت بواری پیادەکردنی پیشەو هاوکات تەوزیفکردنی لێکدانەوەی لۆژیکی تێکستی

**هەرێمی کوردستان ٣٠ وتاربێژی لە خوێندنەوەی وتاری ئایینی راگرتووە، ئەوانەی کە هانی توندڕۆیی و پەڕگیری دەدەن، وتاری ئەوانە زیاتر پشتیوانیی لە تیرۆر و تاوانەکانی دەکەن**

**کێشەی ئەو وتاربێژانە پەیوەستە بە هاووڵاتی و ژیان و ئاسایش و سەقامگیرییەوە، بۆیە ئەگەر رێگە بدەین بە چەند کەسێک کە سەر بە حزبەکانی ئیسلامی سیاسی بن، کەواتە رێگە دەدەین کە ئارامی و سەقامگیریی خەڵکمان لێ تێکبدەن**

**یەکێک لە پێشنوێژان لە مزگەوتێکی شاری هەولێر کە لەهەمان کاتدا ئەندام پەرلەمانی عێراقەو سەر بە حزبێکی ئیسلامی سیاسییە، بۆتە هۆکاری ئەوەی کە ١١ گەنج لەژێر کاریگەریی وتارەکانی ئەودا، پێوەندیی بە داعشەوە بکەن**

ئایینیشەوە، بەڵکو ئەوە کێشەی ئاسایشی نەتەوەییە کە راستەوخۆ پێوەندیی بە ژیان و بەرژەوەندیی خەڵکەوە هەیە، ئەمە کێشەیەکە پەیوەستە بە هاووڵاتی و ژیان و ئاسایش و سەقامگیرییەوە، بۆیە ئەگەر رێگە بدەین بە چەند کەسێك کە سەر بە حزبەکانی ئیسلامی سیاسی بن و لە پەنای ئەوانەوە لە ژیانی گشتیدا گوزەران بکەن، ئەوا لەو حاڵەتەدا ئێمە بە شێوەیەکی فراوان رێگە دەدەین کە ئارامی و سەقامگیریی خەڵکمان لێ تێکبدەن.

رێگەدان بەو تاقمە تا وتاری دوژمنکارانەو رق و کینە لەژێر پاشخان و پەردەی ئایینیدا بڵاوبکەنەوە، مایەی هەڵوەستەیەوەو وریاییە و نابێ بهێڵین هەروا بە ئاسانی بەسەر بچێت و بە ئارەزووی خۆیان چۆنیان بۆ بلوێت کاری تێکدەرانە ئەنجام بدەن، لەبەر ئەوە مەسەلەی پێشنوێژیی و وتاربێژیی لە مزگەوتەکاندا کێشەیەکە پێویستی بە چاوپێداخشاندنەوەو بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی جیدی هەیە، کە دەکرێ لەبەر رۆشنایی ئەو بابەتەدا نەهێڵین دزە بکاتە ناو کۆمەڵگە بە پاساوی بڕوا و بیروبۆچوونی ئایینی، دواتر شێواندنیان بۆ بڵاوکردنەوەی وتاری چەواشەکارانەی تاریکپەرستانە کە هیچ پێوەندییەکی دروستی لە گەڵ ئاییندا نەبێت، بەڵام بۆ تێپەڕاندنی وتاری سیاسیی بقۆزرێتەوە کە پڕیەتی لە رق و کینەوە دژی مرۆڤایەتیشە، دواتر دوژمنایەتیی کۆمەڵگەی و چالاکییە مرۆییەکانی پێ بکرێت.

یەکێك لە داهێنەرانی پێشنوێژیی لە مزگەوتێکی شاری هەولێر کە لەهەمان کاتدا ئەندام پەرلەمانی عێراقەو سەر بە حزبێکی ئیسلامی سیاسییە، بۆتە هۆکاری ئەوەی کە ١١ گەنج لە ژێر کاریگەریی وتارەکانی ئەودا، پێوەندیی بە داعشەوە بکەن، بۆیە ئەگەر ئەو حزبە ئیسلامییە سیاسییانە داکۆکی لە لایەنگرانی خۆیان و ئەو هەڵسوکەوتانەیان بکەن کە لۆژیکی رق و کینە بڵاوبکەنەوە، ئەو کاتە وا دەخوازێت بەهیچ شێوەیەك نەچینە ژێر باری ئەو گوشارەوە. ئەو گلەیی و گازاندە حزبییانە سەبارەت بە دوورخستنەوەی وتاربێژانی رق و کینە لە مزگەوتەکان نابێ کاربکاتە سەر پلانی وەزارەتی ئەوقاف و کابینەی حکومەت بۆ چاکسازی، بەڵکو سیاسەتی گشتی لە رووبەڕووبوونەوەی هەموو هەوڵێکی تێکدەرانەی بەرەی ناوخۆ بەرجەستە بکرێت، هاوکات بۆ بەرپەرچدانەوەی هەوڵەکانی پاشقۆڵگرتن لە ئەرکی پیرۆزی پێشمەرگە و رۆڵی ئەوان لە پاراستنی سنوور و ئاسایش و سەقامگیریی شارەکان.

ئەم جۆرە ئاراستەیە پێویستی بە بەرپەرچدانەوەی بیرو هزری هاندانی پەڕگیریی و چەواشەکاریی سیاسیی شاردراوەی ژێر پەردەی ئایینیی ساختە هەیە، ئەم ئەرکەش مانای بەتینکردنی یەکێتیی کۆمەڵگەو سەلامەتیی هۆشیارییە، هەروەها ریسواکردنی هەوڵەکانی دزەکردن بەو مانایەی کە رێگەنەدەین شانە نووستووەکانی داعشی تیرۆریست ئەوەی مەبەستیانە ئەنجامی بدەن و لەپشتەوەش بەو شێوەیەی هێزەکانی ئیسلامی سیاسی بیانەوێت گورز لە پێشمەرگەو هێزە ئەمنییەکان بدەن.

بۆیە بەمەبەستی وێناکردنێکی تەواوی بەرەنگاربوونەوەی تاوانەکە، پێش هەموو شتێك پێویستە بەبایەخدان بە خوێندن و پێگەیاندنی وتاربێژان لە پەیمانگاکاندا بە چاودێریی حکومەت و لەرێی چەند کەسێکی رۆشنگەریی دروستدا بێت. هاوکات پێویستە چاو بەسەرجەم پرۆگرامەکانی خوێندندا بخشێنرێتەوە ئەوانەی کە باس لە تێکست و دەقی ئایینی دەکەن لەرێی پوختەکردن و لە بێژینگدان تاکو هەموو لەو شتانە داتەکێن کە لە سەدەکانی تاریکی و دواکەوتوویدا پێوەیان لکاوە، ئەو دەق و تێکستانەشی لێ لاببرێن کە بەچەند روویەکەوە راڤە دەکرێن و گوزارشت لە دروستیی ئایین ناکەن و پشت بە سەرچاوە تەواوو دروستەکان نابەستن. هاوکات هەر بوارو دەرفەتێك کۆتایی پێ بهێنرێت کە ئاماژە بە توندوتیژی دەکەن و ئەو وتارانەی دەوڵەتی تاریکپەرستی کاوێژدەکەنەوە لەژێر چەندین ناوی بریقەدار وەك دەوڵەتی خەلافەت و ئایینزایی تایفەگەری و خۆمەڵاسدان لەپشت ئەو سەنگەرانەی کە دابەشکاریی و دوژمنکاریی و شەڕوشۆڕ لەپەنای رق و کینە بەرهەمدێنن.

دیسان پێویستە رێگە نەدرێ بە پیاوانی ئایینی ئەو وتارانە بخوێننەوە کە یەکێتیی کۆمەڵگەو سەلامەتی و لۆژیکی ژیانی مرۆیی ئازادو سەربەرزانە لەکەدار دەکەن و ئاشتی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی دەوڵەت پێشێل دەکەن. بۆیە هەر دەبێ سەروەریی یاسا بەسەر هەموو کەسایەتییەکدا جێبەجێ بکرێت هەتا ئەگەر لەپەنای حزبێکی سیاسی ئیسلامیشدا بێت یان لە پەرلەماندا پارێزبەندیشی هەبێت، چونکە هەڕەشەکردن لە کۆمەڵگەو دەوڵەت ئەو پارێزبەندییە دەکێشێتەوەو دەیخاتە ژێر لێپرسینەوەی فەرمی و دواتر تاوانباری دەکات و بەپێی یاسای وڵات دەیخاتە زیندانەوە.

بەڵام سەبارەت بە کاری حزبیی ئەوا پێویستە هەمیشە

بیری لێبکرێتەوە بەوەی کە کارێکە لە چوارچێوەی دەوڵەتی مەدەنی و یاساکانی و میکانیزمەکانی کارکردندا پیادەدەکرێت و هەر دەرچوونێکیش لەو لۆژیکە دەرچوونە لە پابەندبوونە یاساییەکان، کە ئەمەش مانای راگرتنی خودی کاری حزبە سیاسییەکەیە، کەواتە ناکرێ حزبێکی سیاسی کاربکات بۆ هێناکایەی سیستمێکی بەسەرچوو جا بەهەر وێناو شێوەیەك بێت وەك ئەلتەرناتیڤێکی دەوڵەتی مەدەنی و دەستوورو یاساکان و بەکارخستنی دەسەڵاتەکانی ئەو دەوڵەتە. بەم شێوەیە ناکۆکی لەگەڵ حزبی ئیسلامیدا ناکرێت بەوەی نەهێڵرێت کاربکات بەڵکو پێویستە بەبیری بهێنرێتەوە کە گۆڕەپانی کارکردنی سیاسی بریتی نییە لە وەی بێت و وتارێك لە مزگەوتدا بخوێنێتەوە کە هانی تەیارکردنی رق و کینەو توندوتیژی بدات و کۆمەڵگەش دووچاری دابەشبوون بکات لەبەر بەرژەوەندیی لۆژیکێکی تاریکپەرستی و چەواشەکاریی.

لەئەستۆگرتنی ئازادییەکانی کاری سیاسی هەمیشە بە یاسا دیاریدەکرێت، هەروەها لۆژیکی بڵاوکردنەوەی کلتووریش مەرجدارە بەوەی کە کلتوورەکە رۆشنگەرییەوە و پشت بە عەقڵێکی دروست دەبەستێت و هەموو قسەیەکی پڕوپوچی دواکەوتوویی و چەواشەکاریی شاردراوەی ژێر پەردەی ئایینی بە درۆو بوختان رەتدەکاتەوە.

لەلایەکی دیکەوە و بە کۆتایی هێنانی مەسەلەی وتاربێژان و سەپاندنی دەسەڵاتی یاسای مەدەنی، ئەرکەکانی رۆشنگەریی و هۆشیاریی کۆمەڵگە دەبنە مەترسیگەلێکی وتارە چەواشەکارییەکان و میکانیزمییەکانیان. بەم شێوەیە دەکرێ پەلکێشکردنی لاوان بۆ چالاکییەکانی ئەلتەرناتیڤی کۆمەڵگەی مەدەنی ببێتە ئەرکێکی گرنگ و مەترسیدار، هەروەها پێویستە یەکێتییەکانی قوتابیان و لاوان و حزبە مەدەنییەکانیش بە لۆژیکی سەردەم و نوێخوازی رۆشنبیربکرێن و کەناڵە ئاسمانییەکان و هۆیەکانی میدیای تازە بەگەڕبخرێن بۆ رۆشنبیری و گیانی ئەرێنی لە شوێن نەرێنییەوە، هاوکات بابەتییانە لە جیاتی بێهودەیی ناتەندروست.

دیارە پوختەکردن و پاککردنەوەی پڕۆگرامەکانی قوتابخانەو زانکۆکان و کۆنترۆڵکردنی شێوازی بەڕێوەچوونیان دەرفەتێکی زۆر گرنگە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەمەو پیلانی ئیسلامییە توندڕۆکان، لێرەدا ئاڵوگۆڕکردنی سەردان و دیالۆگ لەگەڵ زانکۆکانی ئەوروپاو جیهانی پێشکەوتوودا زۆر بەسوودە لە هەر شوێنێك کەناڵی بەو شێوەیە کارا هەبێت بۆ دیموکراسیزەکردنی ژیان و رێگەگرتن لە هێزە دواکەوتووەکان کە هەڵگری وتاری رق و کینەن و هەمیشە هەوڵی بڵاوکردنەوەیان دەدەن.

گەڕانەوەی مزگەوتەکان و ئەوانەی کاریان تێدا دەکەن بۆ باوەشی کۆمەڵگە و دڵنیابوون لە ناوەڕۆکی وتارەکان هەر وا بە ئاسانی نایەتەدی، بەڵام لە هەمان کاتدا نابێ چاوپۆشیی لێ بکەین لەوەی کە لەودیو دیوارەکان و هۆڵە بەرینەکانیان دەگوزەرێت، چونکە چەند کەسێکیان تێدایە کە پێویستە زۆر بە وردیی لەسەر بنەمای شەفافییەت و کرانەوە، بەدواداچوون و چاودێریی چالاکییەکانیان بکرێت. بۆیە دەبێت کۆمەڵگە لەسەر رووداوو پێشهاتەکان زۆر وریا بێت و هەموو لایەکیش بە تەواوی ئەرکی خۆیان جێ بەجێ بکەن، ئەمەش بەو واتایەی کە وەزارەتی ئەوقاف هەموو ئەو ئیدارانە بەلاوەبنێت کە ئاسانکاری دەکەن بۆ ئەو کەسە توندڕۆیانە بەمەبەستی گەیشتن بە سنوورێك و بە یاسا راگرتن و قەدەغەکردنی ئەنجامدانی تاوانی بڵاوکردنەوەی گومڕایی و هاندانی رق وکینە. رەنگە ئەم ئەرکە زۆر لە داکۆکیکردن لە کۆمەڵگە و ئاشتیی کۆمەڵایەتی و سەقامگیری و ئاسایش پیرۆزتر بێت. ئەرکێکە کە زۆر دیارە و دەکرێ پشتیوانیی پێشمەرگە بکات بە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی لەناوەوە زیاتر سەرکەوتنی بۆ دابین بکات، هاوکات یەکێتیی کۆمەڵگە و هەموو هێزە ئەمنی و سەربازییەکان بەهێزبکات کە تایبەتن بە پاراستنی دەستکەوتەکان لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی مەدەنیی سەقامگیردا.

پڕیشکی ئەو گەمە و تاوانە دەبێتە هۆکاری هەڵگیرسانی ئاگرێك، ئەگەر هاتوو هەر وا بە ئاسانی و بێ بایەخ چاوپۆشی لێبکرێت، کە دەرئەنجام ناتوانرێت دواتر کۆنترۆڵ بکرێت، یان دەرفەتی زیاتر بدرێت تاکو چییان بوێت ئەنجامی بدەن، بەڵکو پێویستە زۆر بە بایەخ و مکوڕبوون و پێداگریی و یەکلاییکردنەوە پێش ئەوەی زیاتر تەشەنەبکات، چارەسەربکرێت. بۆیە بڕواو متمانەبوونی کۆمەڵگەی کوردستانی بە سەرکردایەتییەکەی و هەوڵە سەرکەوتووەکانی زۆر مکوم و بەهێزە کە لەم رووەوە بەردەوام سوود لە شارەزایی و هەنگاوە پێشکەوتووەکانی دەوڵەتان وەردەگرێت.

---

*** توێژەری ئەکادیمی زانستە سیاسیەکان و سەرۆکی زانکۆی ئیبن روشد لە دانیمارك**

**پوختەکردن و پاککردنەوەی پڕۆگرامەکانی قوتابخانە و زانکۆکان و کۆنترۆڵکردنی شێوازی بەڕێوەچوونیان دەرفەتێکی زۆر گرنگە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەمەو پیلانی ئیسلامییە توندڕۆکان**

**گەڕانەوەی مزگەوتەکان و ئەوانەی کاریان تێدا دەکەن بۆ باوەشی کۆمەڵگە و دڵنیابوون لە ناوەڕۆکی وتارەکان هەر وا بە ئاسانی نایەتەدی، بەڵام لە هەمان کاتدا نابێ چاوپۆشییان لێ بکرێت**

**بڕواو متمانەبوونی کۆمەڵگەی کوردستانی بە سەرکردایەتییەکەی و هەوڵە سەرکەوتووەکانی زۆر مکوم و بەهێزە کە لەم رووەوە بەردەوام سوود لە شارەزایی و هەنگاوە پێشکەوتووەکانی دەوڵەتان وەردەگرێت**

# پێشینەو میكانیزمی توندوتیژی سیاسی لە هەرێمی كوردستان

## نموونەی ئەنسارولئیسلام و بزووتنەوەی گۆڕان

بەشی چوارەم و كۆتایی



سەرۆ قادر

تایبەت بە گوڵان نووسیوییەتی

**• لێدانی توڕاسی بارزانی و دەركردنی پارتی دیموكراتی كوردستان**

لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٥، توندوتیژیی لە ناوچەی سلێمانی دەستیپێكردەوە. ئەمجارەیان زۆر توندتر بوو لە ساڵانی ٢٠٠٣ تا ٢٠٠٨، هەروەها زۆر تێكدەرتر بوون لە تەنگژەكەی ساڵی٢٠١١. لە قۆناغی ئەمجارەیدا، ئامانج تەنیا پارتی دیموكراتی كوردستان و بنەماڵەی بارزانی بوو. نەوشیروان ئەم دووانەی كردوون بە ئامانجی تایبەتی خۆی. پێیوایە ناوچەی سلێمانی سەرەنجام بۆ ئەوە، توڕاسی تاڵەبانی رووخاندووە و هەر كاتێك بیەوێ دەتوانێ داگیری بكات، بۆیە ئەوەی كە ماوەتەوە و بیشكێنێ و دەریبكات، پارتی و بنەماڵەی بارزانی -یە.

لەم دە ساڵەی دواییدا ڕق و كینە و ناشرین نیشاندانی پارتی و بنەماڵەی بارزانی و شەخسی مسعود بارزانی، بە شێوەیەكی ئەوتۆ لە لایەن بزووتنەوەی نەوشیروان كاری لەسەر كراوە، كە لە راستیدا پارتی نەك وەك حزب و بارزانی نەك وەك سەركردەیەك، بەڵكو وەكو كاست، یان توێژێكی كۆمەڵایەتی كە لە ڕووی دینی و نەتەوەییەوە بە كەم بزاندرێ و دەبێ لەناو ببردرێ، تەعریفی بۆ كراوە. بۆیە لەناو ئەو پانتاییە كۆمەڵایەتییەی كە نەوشیروان كاری لەسەر دەكات، پارتی بوون و لایەنگری بارزانی بوون، بە تاوان و سووكایەتییەكی گەورە دادەندرێ، لە دەربڕین و نووسینەكانیشیاندا لەلای گەنجان و ئەوانەی كە بە بیرمەندی خۆیانی دەزانن بە ئاشكرا دیارە.

لە مێژوودا هەموو رێكخراوێكی توندڕۆ، ئامانجێكی كۆمەڵایەتی بۆخۆی دیاری دەكات. بۆ نموونە نازییەكان لەناوبردنی جوویان بە ئامانج گرت، حزبی بەعس لەناوبردنی كورد و شیعەی بە ئامانج گرتبوو، داعش لەناوبردنی ئێزیدی و شیعەی زۆرتر وەك ئامانج دیاری كردووە. ئەگەریش لێكۆڵینەوە بكەین لەهەر وڵاتە بە شێوەی تایبەتی خۆیان، توندڕۆكان ئامانج بۆخۆیان دیاری دەكەن.

لە ناو كوردستاندا بزووتنەوەی گۆڕانی نەوشیروان، لێدانی توڕاسی بارزانی مستەفا، شەخسی مسعود بارزانی، بۆخۆی كردووە بە ئامانجی كۆمەڵایەتی، نەك سیاسی بە تەنیا. ئەمەشیان دەبێ هەڵوەستەی لەسەر بكرێ و تێبگەین.

ئەگەر وردبینەوە، نەوشیروان لە كاتی تەنگوچەڵەمە دروستكردندا، جیا لە مێژووی بزووتنەوەی ماویستی، هەڵوەشانەوەی دەوڵەتانی ئەورووپای شەرقی كردبوو بە مۆدێلی خۆی. بۆ نموونە جارێك دەیگوت: بزووتنەوەی ئێمە بزووتنەوەیەكی مۆر، واتا لە سەر شێوازی ئەو رەنگانەیە كە لە ئەورووپای شەرقی بەكار هاتوون، یان نارنجی-یە وەك ئەوەی كە لە ئۆكرانیا بەكاردەهات، یان بە مۆم و.. هتد، بۆیە لە شیعار و پەرچەمەكانیاندا مۆم و نارنجی و مۆر و رەنگەكانی دیكە زۆر بە ئاسانی كۆپی كراون و مەبەستیش لێی ئەوەیە، كە بڵێن ئێمە وەك جیهانی ئێستا پێشكەوتووین!

هەمیشە شتی هاوبەش لە نێوان توندڕۆكاندا زۆرە. ئەگەر ئێستا داعش هەموو توندڕۆكانی ناو فكری سیاسی لە ناوچە ئیسلامییەكاندا بۆخۆی رابكێشێ، چ ئیخوان بێ، یان ئەلقاعیدە، یان شێوازی دیكەی ئەنسار و ئەو شتانە بن، هەموویان دەڕۆن و دەبن بە داعش. ئەمە لە ناو جوغز و فكری ئیسلامیدا. لەناو جوغز و فكری غەیرە ئیسلامیدا، نەوشیروان دەرگای بۆ هەموو توندڕۆكانی كوردستان ئەوانەی كە ئامادەی پەلاماردانن كردۆتەوە، لە ڕاگەیاندنەوە بگرە تا خۆپیشاندانەكان و تا دەگاتە ناو پەرلەمان و حكوومەت. ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو ئەندام پەرلەمانانەی كە نەوشیروان دایناون، گەنجی تێدایە كە بە هیچ شێوەیەك وەك ئەندام پەرلەمان تەعریف ناكرێ، بەڵكو كە دێتە پەرلەمان رێك وەك ئەو گەنجە پەلاماردەرانە هەڵسوكەوت دەكات كە لە دەرەوەی پەرلەمانن. لە دوا ڤیدیۆیدا نەوشیروان دەڵێ: ئەگەر ئەوان لە عەبدوڵڵای مەلا نوری، ئەو گەنجەی كە بەردەوام لەناو هۆڵی پەرلەمان پشێوی دەنایەوە، دەترسێن، -مەبەستی پارتی و بارزانی-یە،

ئەوا لە ئێستادا من ٢٤ عەبدوڵڵای مەلا نوری-م بۆ ناردوون. واتە هەر ٢٤ ئەندام پەرلەمانی کە ئێستا گۆڕان ناردوونی لە تیپی عەبدوڵڵای مەلا نوری-ن. لە ڕووی توندوتیژییەوە ئەگەر گوێ لە قسەکانی ناو گرتە ڤیدیۆییەکەی نەوشیروان بگرین، ئەو سووکایەتی و جنێوانەی کە بە سەرکردە کۆنەکانی یەکێتی لە ژن و پیاو دەیدات، یان بە سەرکردەکانی ئیدارەی کەرکوک دەیدات، ئەو کەسایەتیانەی کە لەوێدا ناویان دەهێنێ، بە قسەی زۆر سووک و تۆمەتی زۆر سووک لەناو کۆبوونەوەی سەرکردایەتیدا باسیان دەکات. دەبینین وشەی زبر، سووکایەتی و جنێوی ڕووت، بەشێکی دیکەی کەسایەتی پەلامارەدری نەوشیروان مستەفا-یە.

هەمسوو توندڕۆکان بە شێوەی جیاجیا، زمان وەک چەکی ڕووخێنەر بەکاردێنن. بەڵگە ڤیدیۆییەکانی سەدام حوسێن، کە لەکاتی پاکتاوکردنی نەیارەکانی خۆی لە ١٩٧٩، لە ناو کۆنگرەی حزبەکەیدا کردوونی، ئەوکاتەی هەندێك لە نەیارە قوربانییەکانی دەهێنا و لە بارێکی دەروونی ڕووخاودا، لە بەرامبەر لایەنگرانی خۆی ئیعترافی لێوەردەگرتن، لە کرداره سیاسیی و فکرییەکانی نەوشیروان مستەفا دەچێت. ئەگەر سەدام حوسێن لە ناو حزبەکەی خۆیدا، نەیارەکانی دەخستە ژێر ئیعتراف کردن و دوایی بە قاچ و دەست شکاندنیان، کۆتایی بە ژیانیان دەهێنا، نەوشیروانیش هاوڕێکانی خۆی دەخستە زیندان و ئیعترافی لێوەردەگرتن و بە تەور بەدەستی خۆی، پارچە پارچەی دەکردن. کەواتە توندڕۆکان زەمینەی سەرهەڵدانی دیکتاتۆرەکانن. نموونە کۆمەڵایەتییەکان هەمیشە لە یەکدی دەچن.

سەرنجڕاکێش لەوەدایە کە سەرکردایەتییەکی دروست کردووە، بە هیچ شێوەیەك موناقەشەی شێوازەکانی دەربڕینی نەوشیروان مستەفا ناکەن. ئەمەش یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی سەرکردە توندڕۆکان. ئێستا وردە وردە لە میدیادا کەسانێك دەردەکەون، دەڵێن نەوشیروان مستەفا سەرکردەی حزبی نییە بەڵکو عەلامەیە، داهێنەرە، نووسەرە و موفکیرە. ئەو ناوانەی بۆ ریز دەکەن و دەیانەوێ قودسیەت و ڕێزی تایبەتی خۆیانی پێ بدەن. نەوشیروان مستەفا جیا لە میدیا، بواری ڕۆشنبیریش بەکار دەهێنێ. ژمارەیەك ڕۆشنبیری تایبەتی خۆی دروست کردوە، زۆر گرنگیان پێ دەدات و قسەکانیان بە میدیا دەگوازێتەوە، کە لە ڕاستیدا هەمووی قسەی نەوشیروان خۆیەتی. هەرکاتێکیش ئەوانە نەگونجانێکیان لەگەڵ نەوشیروان هەبێ، بە خێرایی سووک دەکرێن، دادەشۆردرێن و لەناو دەبردرێن. ئێستا پێوەر لە زۆنی سەوزدا بۆتە ئەوەی کە کێ و کام نووسەر لەگەڵ نەوشیروان بێت، لایەنگری ئەو بێ، لە ڕووی مەزاجیشەوە نەوشیروان کەیفی پێ بێ، ئەوە بەرز دەکرێتەوە و ناودار دەکرێ، لە میدیاکانی گۆڕان و ناو خەڵکیشدا پێی دەگوترێ ڕۆشنبیری بەرز و ژمارە یەك!

ئەم شێوازی پەلاماردانە کە نەتیجەی قۆستنەوەی پشێوی ناو کۆمەڵگەی کوردستانە، ترسناکترین فتیلی شەڕی ناوخۆیە کە نەوشیروان بەکاری دێنی. ئەگەر دەرفەتی هەبێ ئەوەی کە لە قەڵادزێ، سلێمانی، هەڵەبجە و گەرمیان بەرانبەر بە بارەگاکانی پارتی کردی، ئەوا دەیکاتە جەنگ بەرانبەر بە هەمسوو حزبەکان. ئەوە لە مێژووی هەمسوو حزبە توندڕۆکاندا هەیە. نەوشیروان دەیەوێت دوو کەسایەتی کاریزمـاداری کوردستان بە خێرایی بشکێنێت و لەناویان ببات. یەکیان جەلال تاڵەبانی و دووەمیشیان مسعود بارزانی -یە. دوای ئەوەی لە سلێمانی یەکێتی و مام جەلال، بەرەنگاری نەوشیروان بوونەوە، ئینجا مام جەلال نەخۆش کەوت، ئیتر نەوشیروان ڕووی قسەی کردۆتە بارزانی و تەنیا بارزانی کردووە بە هەدەفی خۆی بۆ لەناوبردنی. لەو ڕووەوە هەمسوو توراسی دە ساڵەی خۆی، ئەو خەڵك و پەروەردە و چەمکانەی کە هەیەتی بەکاردێنێ. ئەو نەك وەك سیاسەتمەدارێکی بیروڕا جیاواز هەڵسوکەوت لەگەڵ بارزانی دەکات، بەڵکو بارزانی وەك سەرکردەی توێژێکی کۆمەڵایەتی (مێژووی بارزانییەکان) و بەڵایەکی کۆمەڵایەتی (پارتی) وەك غەزەبێك بۆ ئەم وڵاتە تەعریف کردووە. هەدەفیشی تەنیا لەناوبردنە، نەك چاکسازی..

ئەگەر نموونە بێنمەوە بۆ ئەو بۆچوونەم کە گۆڕان ئامانجی بەڕێوەبردنی حکوومەت نییە، دەبینین کاتێك پەرلەمان کەوتە بەردەستی ئەوان، کردیان بە بێ ئارامترین و پشێوترین شوێنی ناو هەرێمی کوردستان. کە لە پەرلەمانی عێراق جێگری سەرۆکیان دەست کەوت، جموجوڵی کوردیان لە بەغدا پەك خست. کە هاتنە ناو حکوومەتی هەرێم، بۆ ماوەی دوو ساڵ ئەم حکوومەتەیان ئیفلیج کرد، واتە کابینەیان وا لێکرد کە نەتوانێ بە ئاسانی کۆبێتەوە و کارەکانی خۆی نەکات. لە کاروباری داراییدا کە وەزیر سەر بە گۆڕان بوو، تەنیا کاری کارشکێنی بوو. لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا، لە پەرلەمان و حکوومەت هیچ پرۆژەیەکیان دەرنەخستووە بۆ چاکسازی، یان بۆ باشترکردنی بارودۆخ بێ، یان مۆدێلێکی دیکەی بەڕێوەبردنی دەسەڵات نیشان بدەن. ئەگەر من تەعریفێکی ئەم ئایدیۆلۆژیایەی نەوشیروان بکەم؛ بریتییە لە حاڵەتێك کە لە ناو بزووتنەوەی سیاسیی هەندێك لە میللەتاندا، لە ناو بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو میللەتانەدا سەرهەڵدەدات. ئەوانەش بریتین لە کەسایەتییە سیاسییەکانی توندوتیژ، کە جێگە و پێگەی تایبەتییان لەناو کۆمەڵگەدا هەیە. ئەو پێگەیە بەکاردێنن بۆ ئەوەی خۆیان بەهێزتر بکەن. سەرەنجام بیروباوەڕی توندڕۆیانەی خۆیان دەگوازنەوە بۆ ناو کۆمەڵگە، بزووتنەوەیەکی لەسەر دروست دەکەن، ئەگەر بتوانن حکوومەت داگیردەکەن. نەوشیروان بزووتنەوەیەکی بە پەروەردەی شەعبەوی و توندوتیژ و پەلاماردەر، بۆ جیلی نوێ و بۆ لایەنگرەکانی خۆی دروست کردووە. میدیایەکی بەهێزی بۆ دامەزراندووە، خۆی عەزل کردووە و پابەند نییە بە هیچ قانون و داب و نەریتێکی و سیاسی و کۆمەڵایەتی. کاتێك کە فەرمان بە لایەنگرانی خۆی دەدات، لە پەلاماردانی میدیاییەوە بگرە تا پەلامار و سووتاندنی دەزگاکان، هەوڵی تیرۆرکردن، سووکایەتی کردن، هیچ سنوورێك بۆ خۆی دانانێت. نەوشیروان وەك زۆر لە سەرکردە توندڕۆکان، بارودۆخێکی دەروونی هاوسەنگی نییە. مێژووی نەوشیروان لە توندوتیژی و تووڕەیی، تۆڵەکردنەوە، دەستڕەشی، حقد و ڕق هەڵگرتن، تەسفیەکردن و لەناوبردنی

**لەناو ئەو پانتاییە کۆمەڵایەتییەی کە نەوشیروان کاری لەسەر دەکات، پارتی بوون و لایەنگری بارزانی بوون، بە تاوان و سووکایەتییەکی گەورە دادەندرێ، لە دەربڕین و نووسینەکانیشیاندا لەلای گەنجان و ئەوانەی کە بە بیرمەندی خۆیانی دەزانن بە ئاشکرا دیارە**

**نەوشیروان لە کاتی تەنگوچەڵەمە دروستکردندا، جیا لە مێژووی بزووتنەوەی ماویستی، هەڵوەشانەوەی دەوڵەتانی ئەورووپای شەرقی کردبوو بە مۆدێلی خۆی**

**لەناو جوغز و فکری غەیرە ئیسلامیدا، نەوشیروان دەرگای بۆ هەموو توندڕۆکانی کوردستان ئەوانەی کە ئامادەی پەلاماردانن کردۆتەوە، لە ڕاگەیاندنەوە بگرە تا خۆپیشاندانەکان و تا دەگاتە ناو پەرلەمان و حکوومەت**

**لە ڕووی توندوتیژییەوە ئەگەر گوێ لە قسەکانی ناو گرتە ڤیدیۆییەکەی نەوشیروان بگرین، ئەو سووکایەتی و جنێوانەی کە بە سەرکردە کۆنەکانی یەکێتی لە ژن و پیاو دەیدات، یان بە سەرکردەکانی ئیدارەی کەرکووک دەیدات، ئەو کەسایەتیانەی کە لەوێدا ناویان دەهێنێ، بە قسەی زۆر سووک و تۆمەتی زۆر سووک لەناو کۆبوونەوەی سەرکردایەتیدا باسیان دەکات. دەبینین وشەی زبر، سووکایەتی و جنێوی ڕووت، بەشێکی دیکەی کەسایەتی پەلاماردەری نەوشیروان مستەفا-یە**

**نەوشیروان بزووتنەویەکی بە پەروەردەی شەعبەوی و توندوتیژ و پەلاماردەر، بۆ جیلی نوێ و بۆ لایەنگرەکانی خۆی دروست کردووە. میدیایەکی بەهێزی بۆ دامەزراندووە، خۆی عەزل کردووە و پابەند نییە بە هیچ قانون و داب و نەریتێکی و سیاسی و کۆمەڵایەتی**

موخالیفەکانی خۆیدا، مێژوویەکی نووسراو و بیستراو و بیندراوی ڕوونی هەیە. بۆیە ڕەفتاری هیچ کەسێك، با سەرکردەیەکی سیاسیش بێ، دوور نییە لە باری دەروونی و خواستەکانی ناو ناخی. شەخسییەتی نەوشیروان لە تیپێکی شڵەژاوە، تۆڵەکەرەوەیە، زۆر توندە، هەڵچوو و دابڕاوە لە یەك کاتدا. ئەمانە هەمووی لەناو بزووتنەوەی سیاسیدا ڕەنگ دەداتەوە. ئەمانە وایانکردووە کە نەوشیروان، تەنیا جووڵە بۆ داشۆرین و لەناوبردنی کەسانی نەیاری خۆی دەکات. هیچ ئەلتەرناتیڤێکی نییە، بۆیە کاتێك کە فرسەتی کەوتەدەست، نەیتوانی هیچ پێشکەش بکات. هەرکاتێك کە نەوشیروان تەنگوچەڵەمە دروست دەکات، هیچ ئامانجێك بۆ تەنگوچەڵەمەکە دیاری ناکات. ئەگەر لە شیعارەکانی بکۆڵینەوە، کۆتاییەکەی هیچە. واتە هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئیداری چارەسەر ناکات. ئەگەر شی بکەینەوە، دەبینین دژلێکی ڕوون هەیە و دەبێ وازی لێ بێنێ.

ئەمە قەدەری هەندێك میللەتە، بەدەست هەندێك لە حاڵەتی سەرکردەیی کە لە ناویاندا هەڵدەکەوێ. ئەوانە لە مێژوودا، لەناو هەندێك لە میللەتان، کارەساتی گەورەیان بەسەر میللەتی خۆیاندا هێناوە. ئەگەر ئێمە لە ڕووسەکان بپرسین، کە کەسێکی وەك ستالین چۆن هاتە سەرکردایەتی حزبی کۆمۆنیستی ئەو وڵاتە و سەرۆکایەتی وەرگرت، دوایی ئەو کارەساتە گەورەی بەسەر دەوڵەتی سۆڤیەتی کۆندا هێنا؟ دەبێ تەنیا بگەڕێینەوە بۆ بارودۆخی تایبەتی ژیانی ستالین، باری دەروونی و ئەو شێوازانەی بەکاریدەهێنا. کاتێك لە ئەڵمانەکان بپرسی هیتلەر چۆن سەری هەڵدا؟ چۆن ئەو وڵاتەی تووشی جەنگی دووەمی جیهانی کرد؟ چۆن بڕیاری بۆ لەناوبردنی جوولەکە دەدا؟ چۆن زانا و کەسایەتییەکانی ئەو وڵاتەی دەکوشتن؟ نەخۆشەکانی بۆ دەسووتاندن؟ جوولەکەی بۆ دەسووتاندن؟ سەربازی دیلی بۆ لە کورەخانەکاندا دەکردنە خەڵووز؟ هیچ وەڵامێکیان نییە، تەنیا دەگەڕێنەوە بۆ بارودۆخی دەروونی و پەروەردەیی هیتلەر لەناو کەشی سیاسیی ئەڵمانیا. ئەو حزبێکی دامەزراند و ڕوانگاکانی خۆی گواستەوە بۆ ناو بزووتنەوەی سیاسی. هەروەها ماو لە چین و پۆلپۆت لە کەمبۆدیا هەروا بوون. پۆلپۆت لە کەمبۆدیا بەو شێوەیەی نەوشیروان مستەفا گەیشتە سەرۆکایەتی وڵات. ئینجا لە سێ ملیۆن دانیشتووی کەمبۆدیای ئەوکات، یەك ملیۆن و نیوی کوشت. دواجار خۆی لە ژێر دارێکدا بە تەنیا مرد و کەس نەبوو بیشارێتەوە. ئەو هیچ وەڵام و نووسین و لێکدانەوەیەکی بۆ کردارەکانی خۆی نەبوو. قەزافی هەروا، سەددام حوسێن لە عێراقی عەرەبیدا هەروا بوو.

نموونە زۆرن. ئێمە پێویستە نەوشیروان مستەفا بخەینە ناو ڕیزی ئەو حاڵەتانەی کە لە ژیانی سیاسی میللەتاندا سەرهەڵدەدەن. ئەوانەی جیا لە بەڵا، خەراپەکاری و ڕووخاندن هیچی دیکەیان بۆ وڵات نەهێناوە. پێویستە لەسەر ئەم حاڵەتە بوەستین و شی بکەینەوە، ئینجا میللەتی خۆمانی لێ تێبگەیەنین. دیاردەی نەوشیروان دیاردەیەکی ترسناکە، دەبێ ڕۆشنگەریی لەسەر بکرێ، تا دەردەکەوێت و دەناسرێت. ئەوسا بە ئاسانی بەلاوە دەنرێت.



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت
asidiq1962@yahoo.com

لە کەم و کورتییەکانی هەر ئایدیۆلۆژیایەك بە شێوەیەکی گشتی مۆنۆپۆڵکردنی حەقیقەتە و بە حەقیقەت ناسینی شتە ڕێژەییەکانە.

ئایدیۆلۆژیا بە پێچەوانەی زانست و ڕۆشنبیریی، ساڵانێکی زۆری لە تەمەنی خەڵك و وڵات و ناوچەکە بەفیڕۆدا و، تووشی زۆر شەڕی لابەلا و بێسوودیشی کردن، زۆرێکیش لە جوانییەکانی دنیای تاکی مرۆڤەکانی لە ژێر پاڵەپەستۆی گوفتار و ڕەفتارە ناشیرینەکانی کۆمەڵگەدا خنکاند.

ئایدیۆلۆژیا هەتا زیاتر حەقیقەت بە خۆی بدات، زیاتر بازنەکانی ژیان تەسکتر دەکاتەوە و زیاتریش هەناسە لە تاك دەبڕێت، هەموو دنیاش بە یەك ڕەنگی دیاریکراو بۆیە دەکات، حزب و ڕەوتە سیاسییەکانیش، بەپێی ڕادەی خۆبەحەق ناسیی و بەپێی ڕادەی نوێنەرایەتیکردنی خۆی بۆ ئەو شتەی کە خۆی بە حەقیقەتی دەزانێت، لە یەکدی جیاوازن.

بەڵام تاقیکردنەوەکانی ڕۆژگار لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوو و بەلای کەمەوە دەریخست کە هەتا ئایدیۆلۆژیا توندتر بێت، پەیڕەوکارانیشی توندڕەوتر دەبن و، حەقیقەت لای خۆیان ئیحتیکار دەکەن و، خەڵکی دیش بە گومڕا و لادەر وەسف دەکەن.

ئەزموونەکانی ڕابردوو چەند جۆرێك لە ئایدیۆلۆژیای پیشانی مرۆڤایەتی دا، وەك ئایدیۆلۆژیای نەتەوەیی، ئایدیۆلۆژیای چینایەتی و ئایدیۆلۆژیای ئایینی، لە هەمان کاتیشدا ئەزموونەکان ئەوەیان نیشاندا کە بە ئایدیۆلۆژیاکردنی ئایین ـ هەر ئاینێك ـ بازنەی حەقیقەت تەسکتر دەبێتەوە و شەڕ و کارەساتەکانیش خوێناویتر دەبن.

کارە تۆقێنەرەکانی ڕێکخراوە ئاینییە توندڕەوەکان لە سەرتاسەری جیهاندا نموونەی بەرجەستەن بۆ مەترسی و ترسناکیی بە ئایدیۆلۆژیاکردنی ئایینەکان.

بۆیە زانا و عاریفی گەورەی کورد و جیهان (مەلا سەعیدی بەدیعوززەمان)، کارێکی گەورەی بە

# بەشێکی حەقیقەت لای هەر یەکێکمانە، نەک هەمووی

ئەنجام گەیاند کە دژ وەستایەوە لەگەڵ بە سیاسیکردن و بە حزبیکردنی ئایین، ئەو لە قورئانەوە دەستپێکرد و، قورئانیش ڕابەری بوو، بۆیە شێوازی ئاخاوتن و نووسینیشی بۆ تێگەیشتن ئاسان بوو. ئەو کە خاوەنی پەیامێکی قورئانیی بوو، بۆیە گرێ کوێرەی لە وشە و ڕستەکانی نەدەدا، چونکە لە سەردەمی ئاڵۆزبوونی چەمك و ماناکاندا، پانتاییەك – ئەگەر بچووکیش بێت – پێویستە بۆ ئاسانکاریی لە بەر ئەوەی لە بری قسەکردن بە هێما و شاردنەوەی مانای راستەقینەی وشەکان لە پشت دیواری رستە چڕەکاندا، ئاخاوتن بە زمانێکی سادە، دەبێتە پێداویستییەکی سەردەم.

بۆیە بۆ خۆ دوورگرتن لە دۆگما و بە ئایدیۆلۆژیاکردنی ئایین زۆر گرنگە چەقبەستوو نەبین، پێویستە هەمیشە پرسیار بکەین و ژمارەی پرسیارەکانمان لە ژمارەی وەڵامەکانمان زیاتر بن.

بۆیە ئەوانەش کە وەك قوتابیی ڕێبازە هزرییەکەی زانا و عاریفی گەورەی کورد و جیهان (مەلا سەعیدی بەدیعوززەمان) بیریان دەکردەوە و دەیاننووسیی، خۆیان لە ئاڵۆزبوونی بیر و نووسین بەدوور دەگرت.

یەکێك لەوانەش دکتۆر (کۆڵن تێرنەر) بوو، کە لە ساڵی (١٩٥٥) لە پێرمەنگهام لە دایك بووەو، لە ساڵی (١٩٧٥) بۆتە موسڵمان و لە زانکۆی مانچستەر مامۆستا بووە. ماوەیەکی زۆر بە خوێندنەوەی نامیلکەکانی نوورەوە خەریك بووە. لە بەرواری (١٩٩١/٣/١٦) لە ئەستانبوڵ لە سیمینارێکدا بابەتێکی گرنگی پێشکەشکرد لە ژێر ناونیشانی «شۆڕشی ئیمان» کە تیایدا چەندین پرسیاری گەورەی کرد و، چەندین راستیی نەگوتراویشی خستەڕوو، بۆ نموونە :

١- ئەو دەپرسێت: ئایا ئێمە موسڵمانین، چونکە باوەڕمان بەخودا هەیە؟ یان ئێمە باوەڕمان بەخودا هەیە، بۆیە ئێمە موسڵمانین؟

٢- ئەو دەڵێت: ئەگەر مانای (لا الە الا اللە) ئەمە بێت کە هیچ خودایەك نییە، تەنیا (اللە) نەبێت.

ئەمە وەرگێڕانی رستەکەیە، نەك ماناکەی. ئەو دەیەوێت بزانێت ئەم رستەیە لە ڕاستیدا چی دەگەیەنێت؟

٣- ئەو دەڵێت: چەندین ساڵە موسڵمانان هەر باسی ئیسلام دەکەن، بەڵام زۆر کەم باسیان لە بارەی (اللە)وە نووسیوە.

٤- ئەو دەڵێت: هەریەك لە ئێمە کە لەدایك دەبێت، هیچ نازانێت، بەڵام ئارەزووی ناسینی خۆمان و ناسینی جیهانی دەوروبەرمان، ئارەزوویەکی خۆڕسکە تیاماندا، بۆیە هەریەك لە ئێمە بە جۆرێك وەڵامی پرسیارە جیاوازەکان دەداتەوە، وەك: من کێم؟ ئەو شوێنە کوێیە کە خۆمم تێدا دۆزیوەتەوە؟ ئەرك و بەرپرسیارێتیم چییە؟ کێ منی هێنایە بوون؟

٥- ئەو دەنووسێت: نامیلکەکانی نوور پێمان نیشان دەدەن کە چەندین هەنگاو و پرۆسەی دیاریکراو هەن، پێویستە ئەنجام بدرێن بۆ ئەوەی مرۆڤ ببێت بە موسڵمان بە تەواوی مانای وشەکە.

لە تێڕامانەوە بۆ مەعریفەت، لە مەعریفەتەوە بۆ ڕاستیی ناسین، لە ڕاستیی ناسینەوە بۆ ئیمان و باوەڕهێنان، لە باوەڕهێنانەوە بۆ تەسلیم بوون بە خودا.

٦- ئەو رای وایە کە: لە بەر ئەوەی هەر خولەکێکی نوێ و هەر ڕۆژێکی نوێ، لایەنێکی نوێ و رواڵەتێکی نوێی حەقیقەتی ئیلاهیمان پیشان دەدەن، بۆیە پێویستە پرۆسەی باوەڕهێنانیش بەردەوام و خۆ تازەکردوو بێت...

٧- ئەو دەڵێت: دەتوانین بڵێین کە ڕواڵەتە دەرەکییەکانی ئیسلام (واتە شێوازیی عیبادەتەکان) نەگۆڕن، بەڵام ئیمان بەردەوام لە جووڵە و حەرەکەتدایە، واتە زیاد و کەم دەکات، بۆیە پێویستە کە بایەخ پێدانمان چڕ بکەینەوە لەسەر حەقیقەتی ئیمان. ئەو حەقیقەتەی کە حەقیقەتی ئیسلام بە دوایدا دێت.

٨- ئەو دەڵێت: بۆیە دەتوانم بڵێم کە جاران من موسڵمان بووم، بەڵام باوەڕدار نەبووم، واتە (مسلم) بووم نەك (مؤمن)....

بۆیە (بەدیعولززەمان) نەهات ئیسلامم پێ بناسێنێت، چونکە ئەمەش کارێکە هەر کەسێك دەتوانێت بیکات، بەڵام ئەو ئیمانی پێ ناساندم.

**بۆ خۆ دوورگرتن لە دۆگما و بە ئایدیۆلۆژیاکردنی ئایین زۆر گرنگە چەقبەستوو نەبین، پێویستە هەمیشە پرسیار بکەین و ژمارەی پرسیارەکانمان لە ژمارەی وەڵامەکانمان زیاتر بن**



سین فۆڵی، پرۆفیسۆری مێژووە لە زانکۆی «میدڵ تێنێسی ستەیت» و تایبەتمەندی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕەوتە ئایینی و سیاسییەکانە لە جیهانی ئیسلامی و نووسەری کتێبی «دەوڵەتە عەرەبییەکانی کەنداو، دوورتر لە نەوت و ئیسلام»ـە. لە دیمانەیەکدا گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستەکرد لە بارەی دوایین پەرەسەندنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆڵی کورد لە شەڕی داعش و ئەگەری گۆڕانی سنوورەکان لەم ناوچەیەدا، ئەویش بەم شێوەیە هاتەئاخاوتن.

### سین فۆڵی پسپۆڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# بێگومان کوردستان مۆدێلێکە بۆ جیهانی عەرەبی

*** لە ئێستادا پاشاگەردانی و ئاشووبێکی گەورە باڵی کێشاوە بەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و حاڵی حازر ئەوە بەدی دەکەین کە بارگرژی تائیفەگەری لە نێوان سعودیە و ئێراندا بەرەو هەڵکشان چووە، بەتایبەتی دوای لە سێدارەدانی نەمر ئەل نەمر لە نێو کۆمەڵە کەسێکی دیکە لەلایەن سعودییەوە. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕاددەیەك ئەم دۆخە دەبێتە هۆی ئەوەی ناوچەکە بەرەو ناسەقامگیری و ئاژاوەی زیاتر سەربکێشێت؟**

- پێموایە گرنگە ئەوەی ڕوودەدات لە گۆشەنیگایەکی گونجاوەوە لێی بڕوانرێت. بەڵێ شێخ نەمر ئالنەمر شیعە بوو، هەروەها تەنگژە تائیفییەکانی ناو شانشینی سعودیە و هەروەها لەگەڵ ئێراندا ڕاستیە، بەڵام ئامانجەکانی نەمر و حکومەتی ئێرانی لە یەك ناچن و تا ڕادەیەك هەموو ئەو خەڵکەی کە کوژران سوننی بوون (٤٣ لە ٤٧ کەس). هەندێك لە وانەی کوژران سەر بە قاعیدە بوون و تۆمەتبار بوون بە ئەنجامدانی کاری تیرۆریزم. لە ئەنجامدا سعودیە بە لەسێدارەدانەکان پەیامێکی نارد بۆ لایەنگەلی جیاواز لە ناوەوە و دەرەوە، ئێرانیش تەنیا لایەن نەبوو، مەرجیش نییە لایەنی سەرەکی بووبێت. پەلاماردانی پۆستە دیپلۆماسییەکانی سعودیە لە ئێران ئەم داینامیکەی گۆڕی، هەروەها ئەوەش هەمان گرنگی هەیە کە بزانین دابەشبوونە تائیفییەکان لە ناو سعودیە و ناوچەکەدا شتێکی تەنیا ڕەش و سپی نییە. ئەزموونی نەمر هەروەك شیعەکانی بەشەکانی پارێزگای ڕۆژهەڵات نییە، یان تەنانەت وەك شیعەکان لە نەجران کە سنووری لەگەڵ یەمەندا هەیە.

*** بۆچوونێك هەیە پێیوایە هۆکاری پشێوییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە چیتر ئەمەریکا ڕۆڵی پێشەنگی نییە لە ناوچەکەدا، ئەمەش بۆشاییەکی درووست کردووە، بۆ ئەوەی وڵاتێکی وەك ڕووسیا ڕۆڵی سەرەکی ببینێت لەم ناوچەیەدا، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕاددەیەك ئەم دۆخە سەردەکێشێت بۆ ململانێی زیاتری نێوان ڕووسیا و ئەمەریکا؟**

- کەلێنی نێوان هێز و نفوزی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ دەستڕۆیشتوویی رووسیا لەم ناوچەیەدا وەك کەلێنێکی گەورە دەمێنێتەوە. ویلایەتە یەکگرتووەکان هێشتا تەنیا هێزی کاریگەرە لەناوچەکەدا. هێزی چین-یش گەورەترە لە رووسیا لە ناوچەکەدا. سەبارەت بە پێوەندییەکانی نێوان رووسیا و ئەمریکاش، ئەم دوو لایەنە لە راستیدا زۆر نزیکن لە سیاسەتیاندا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەوەی کە زۆر کەس باوەڕیان وایە. بەشێوەیەکی بەرچاو، هەردوو لا بەباشی بە یەکەوە کاردەکەن لەسەر رێککەوتنی ئەتۆمیی ئێران و هەروەها لەسەر دەستپێشخەرییە نێودەوڵەتییەکانی ئاشتی لە سووریادا.

*** ئێمە دەزانین کە سعودیە بڕیاری پچڕاندنی پێوەندییەکانی لەگەڵ ئێراندا داوە، ئەویش دوای ئەوەی هێرش کرایە سەر باڵوێزی وڵاتەکەی لە تاران و کۆنسوڵخانەکەی لە مەشهەد، دەمانەوێت ئەو پرسیارە بکەین، ئایا تا چ رادەیەك ئەگەری ئەوە هەیە کە بارگرژییەکان سەربکێشن بۆ هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان هەردوو وڵاتی ئێران و سعودیەدا؟**

- پێموانییە جەنگ لەم ناکۆکییەوە سەرهەڵبدات، لە راستیدا ناکۆکییەکە تەنیا توندبوونەوەی پرۆسەی خراپبوونی پێوەندییەکانە لە نێوان هەردوولادا کە بۆ چەندین ساڵ بەردەوام دەبێت. ئەمە یەکەم جار نییە کە ئەم دوو دەوڵەتە پێوەندییە دیپلۆماسییەکانیان هەڵدەپەسێرن. بەگشتی ناکۆکییەکە هێور دەبێتەوە لەبەر ئەوەی ئێران پێویستی بەوە دەبێت بگات بە بازاڕەکانی کەنداو، ئەگەر ئابوورییەکەی بگەڕێنێتەوە بۆ شوێنی خۆی پاش ئەوەی ئابڵوقە ئابوورییەکان هەڵدەگیرێن. لەلای خۆیەوە ریاز-یش هەر لەمێژە ئەوەی دیاریکردووە کە بەردەوام دەبێت بە رێگەدان بە حاجییەکانی ئێران بچنە ناو شانشینەکەی و لەگەڵ گفتوگۆکانی ئاشتی نێودەوڵەتی کار دەکات لە سەر سووریا، کە پرۆسەیەکە بە روونی ئێرانیشی تێدایە و هەردوو لاش بەرژەوەندی زۆر تێکهەڵڕژاویان هەیە، بەتایبەتی لە سوریا و یەمەن و لوبنان و بازاڕی نەوتی جیهانی کە باس ناکرێن. باڵوێزی سعودیە لە نەتەوە یەکگرتووەکان -ئەلموعەلیمی- بەم دواییانە وتی کە سعودییەکان «دوژمنی لەدایکبووی سروشتی ئێران نین.»

*** بەهۆی ئەو پێوەندییە گرژ و ئاڵۆزانەی لە نێوان سعودیە و ئێراندا درووست بوون، ئەوا شەڕی بەوەکالەتیشی لێ دروست دەبێت، دەمانەوێت بزانین ئایا ئیسرائیل ئەم دۆخە بەکار ناهێنێت بۆ دەستپێکردنی شەڕ لەگەڵ ئێراندا، بەتایبەتی ناسەقامگیرییەکان لە ئیسرائیلەوە نزیکن، وەك سووریا و حزبوڵا کە هەردوولایان هاوپەیمانی ئێرانن؟**

- بەهاری عەرەبی و جەنگی ناوخۆیی لە سووریا و دەستێوەردانی رووسیا لە سووریا گۆڕەپانێکی ستراتیژی نوێ و ترسناك و ئاڵۆزی بە ئیسرائیل پێشکەش کردووە. هەندێك کات ئیسرائیل دەیتوانی سوود لە ئاشتی لە بەرزاییەکانی جۆلان وەربگرێت و لە حزبوڵڵا بدات لە ناو سووریادا. بەڵام پێموا نییە ئیسرائیل لەم کاتەدا شەڕ لەگەڵ ئێراندا بکات، بەتایبەتی لەبەر رۆشنایی رێککەوتنی ئەتۆمی ئێراندا.

زۆر کاراکتەری نێودەوڵەتی گرنگ وەك پەکین و بەرلین و مۆسکۆ و لەندەن پاریس و واشینتۆن و ...تاد، دەیانەوێت ئەو رێککەوتنە ببینن سەربکەوێت لە جیاتی ئەوەی کە ئیسرائیل لە ئێران بدات.

*** کۆبوونەوەی ئێران و سعودیە لەسەر مێزی گفتوگۆ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سووریا دەستکەوتێك بوو بۆ ئەمریکا، بەڵام ئێستا پێوەندییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە پچڕاون. ئایا ئەگەری ئەوە نەهاتۆتە ئاراوە کە لە بری ئەوەی ئێران و سعودیە هەوڵەکانیان بخەنە گەڕ بۆ گەیشتن بە چارەسەرێك بۆ قەیرانی سووریا، ئەو وڵاتە بکەنە گۆڕەپانی ململانێیەکانی خۆیان؟**

- سووریا تەنیا یەکێکە لەو ناوچە زۆرانەی ناکۆکی لە نێوان ئێران و سعودیەدا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست درووست کردووە، من پێشبینی دەکەم کە گفتوگۆی نێودەوڵەتی بەردەوام دەبێت. هاوپەیمانە جیهانییەکانی هەم تاران و هەم ریاز هێندە لە پرۆسەکەوە تێوە گلاون کە تاران و ریاز ناتوانن لە یەکیان دووربخەنەوە. لوبنان و یەمەن ناوچەی تری ناکۆکین لە نێوان ریاز و تاراندا. بە شێوەیەکی بەرچاو ریاز و هاوپەیمانەکانی هێزی سەربازی گرنگیان لە یەمەندا بڵاوکردووەتەوە. هەروەها ئەوەی شایەنی باسە ئەوەیە کە لە سێدارەدانی ٤٧ کەسەکە هاوکات بوو، لەگەڵ شکستی ئاگربەستەکە لەیەمەندا. دەبێت بزانین کە لەسەدا بیستی دانیشتووانی سعودیە لە باشوور دەژین.

*** ئەوە راستییەکی بەرچاوە کە کورد نەبۆتە بەشێك لە هاوکێشەی تائیفەگەری لە نێوان شیعە و سوننەدا، هەروەها رۆڵێکی کارا و کاریگەری هەبووە لە بەرپەرچدانەوەی تیرۆریستانی داعش، ئایا تا چەند کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی رێز لەم رۆڵەی کورد دەگرێت و بەرز دەینرخێنێت؟**

- هێزە کوردییەکان رۆڵی سەرەکی دەگێڕن لەهەر کارێکی سەربازی نێودەوڵەتی لەدژی داعش. بەگشتی گومانی تێدا نییە کە کوردستان وەك مۆدێلێکی سیاسی وایە بۆ جیهانی عەرەبی جا ئەگەر ئەمە ببێتە پاڵپشتی بۆ هیوا نەتەوەییەکانی کورد لە ناو سووریادا ئەوا لە کۆتاییدا دەیبینین.

*** ئایا پێشبینی ئەوە دەکەن لە ئەنجامی ئەم شەڕەی ئێستا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا درێژەی هەیە، گۆڕانکاری جیپۆلەتیکی و گۆڕان لە سنوری دەوڵەتاندا بێتەئاراوە و لە ئەنجامی ئەوەشدا دەوڵەتی کوردستان دروست بێت؟**


- سنوورە نێودەوڵەتییەکان زۆر قورسە بگۆڕدرێن و من پێموایە کە پاش جەنگی یەکەمی جیهانی، سیستەمی سایکس پیکۆ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەردەمێنێتەوە، زۆر زیاتر لەوەی هەرکەسێك پێشبینی دەکات. زۆر خەڵك لە سنوورەکانی ئێستادا خۆیان تێوەگلاندووە و وەك ئەوەی هەیە، ئەمەش بەتایبەتی حاڵەتی کوردستانە و ئەمە مەسەلەیەك بووە کە ئۆپۆزیسیۆنی سووریای لە ٢٠١١وە بە شێوەیەکی خراپ دابەشکردووە، بە پێچەوانەوە سەربەخۆیی زیاتری کورد لە داهاتوودا ئەگەری هەیە، بەتایبەتی لە سووریادا.

**هێزە کوردییەکان لەهەر کارێکی سەربازیی نێودەوڵەتی لە دژی داعش رۆڵی سەرەکی دەگێڕن**

**بەهاری عەرەبی و جەنگی ناوخۆیی لە سووریا و دەستێوەردانی رووسیا لە سووریا گۆڕەپانێکی ستراتیژی نوێ و ترسناك و ئاڵۆزی بە ئیسرائیل پێشکەش کردووە**

**سەربەخۆیی زیاتری کورد لە داهاتوودا ئەگەری هەیە، بەتایبەتی لە سووریادا**

# ئایندەی ناسەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست



ساسان عەونی

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەو پانتاییەی کە هەڵکەوتەیەکی گرنگی جیۆسیاسی هەیە لە جیهان، لەو کاتەوەی کە (ئەلفرێد ماهان) لە ساڵی ١٩٠٢ بۆ یەکەم جار دەستەواژەی (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست)ی داڕشت و دواتریش (مارك سایکس و جۆرج بیکۆ) لە ساڵی ١٩١٦ دابەشیان کرد، یەکێکە لە ناوچە ناسەقامگیرەکانی سەر نەخشەی جیهان.

## ● هۆکارە بەردەوامەکانی ناسەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە درێژایی سەد ساڵی ڕابردوو تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان ناوچەیەکی پڕ لە ململانێ، کێشە، ناسەقامگیری، شەڕ و ئاژاوە بووە، زیاتر لە (١٠) جەنگی گەورەی خوێناوی لەم ناوچەیەدا ڕووی داوە کە ئێستاش گرژی و ئاڵۆزی و پاشماوەکانی تەواو نەبوون و کاریگەری و درێژەیان هەر بەردەوامە. جگە لە بەڕێوەچوونی شەڕی بەوەکالەت و پەرەسەندنی توندڕەوی و تیرۆر، هەروەها ململانێی ئەتۆمی کە لە نێوان چەند وڵاتێکی پێك ناکۆك و دژبەیەکی ئەم ناوچەیە بەڕێوە دەچێت، گرژییەکی سەرباری دروستکردووە. گرنگترین هۆکارەکانی ناسەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەم چەند خاڵەدا کورت بکەینەوە:

١. گرنگیی ستراتیژی ئەم ناوچەیە و پەیوەست بوونی بە بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی وڵاتانی زلهێزی جیهان و هەوڵیان بۆ کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی وزە و ڕێڕەوە دەریاییە گرنگەکانی ئەم ناوچەیە.

٢. ململانێی نێوان زلهێزەکانی جیهان و ململانێی هێزە ئیقلیمیەکان لەگەڵ یەکتری و هەوڵیان بۆ فراوانکردنی هەژموونیان لەم ناوچەیە و بەردەوامی بەریەککەوتنی ئەم هەژموونانە لەگەڵ یەکتری.

٣. گرفتی جۆراوجۆری نێوان دەوڵەت و سیستەمە سیاسییەکانی ئەم ناوچەیە لەگەڵ یەکتری و بەڕێوەچوونی زیاتر لە (١٠) شەڕی خوێناوی لە ماوەی (٦٥) ساڵی ڕابردوو.

٤. ململانێی بەردەوام و درێژخایەنی نێوان وڵاتانی عەرەب و ئیسرائیل و دەرهاویشتەکانی، هەروەها ململانێی ئێران و ئیسرائیل و ئێران و وڵاتانی عەرەبی.

٥. جیاوازی نێوان نەتەوە و ئایین و مەزهەبەکان و بەریەککەوتنی بەردەوامیان لەگەڵ یەکتری، بە تایبەتی مەیلی ئیسلامی سیاسی بە هەردوو مەزهەبەکەی بۆ خۆزاڵکردن.

٦. گرفتی ئاو و سەرچاوەکانی ئاوی شیرین و جیاوازی لەنێوان وڵاتانی سەرچاوە و وڵاتانی ڕێژراو.

٧. بڵاوبوونەوەی توندڕەوی و تیرۆر و تۆقاندن و میلیشیای چەکداری جۆراوجۆر و بوونی ئیرادەی چەند بارە بۆ ئەنجامدانەوەی جینۆساید و کۆمەڵکوژی.

٨. کێشەی سیستەمە سیاسیەکان و نەبوونی دیموکراسی و شکستهێنانی سیستەمی حوکمڕانیی هەندێك لە وڵاتان و بوونیان بە دەوڵەتی فاشیل و گۆڕانیان بۆ مەیدانی جەنگ.

## ● ململانێی زلهێزەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

لە سەدەی ڕابردوودا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەکێك بوو لە گۆڕەپانە کراوەکانی ململانێی نێوان دوو جەمسەرەکەی دنیا، لە ئێستادا ململانێ و هەوڵی فراوانبوونی هەژموونی زلهێزەکان لەم ناوچەیە لەئاستی جیاجیادایە، ئەو زلهێزانەی جیهان کە لە ئێستادا لەم ناوچەیەدا ڕۆڵ دەبینن، بریتین لە (ویلایەتە یەگکرتووەکانی ئەمریکا، وڵاتانی ئەورووپا، ڕووسیا)، چاوەڕێ دەکرێت لە داهاتوودا (چین و هیند) ڕۆڵی زیاتر بگێڕن. ئەم وڵاتانە هەریەکە بە جۆرێك و بە شێوەیك لەم ناوچەیە ڕۆڵیان هەیە و کار بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆیان دەکەن. بەڵام لە هەمووان بەهێزتر و کاریگەرتر لەسەر ڕەوشی ناوچەکە و تەنانەت ئایندەی ناوچەکەش بریتییە لە ویلایەتە یەککرتووەکانی ئەمریکا.

ئەمریکا (٣) سێ بەرژەوەندی ستراتیژی درێژمەودای لە ناوچەکە هەیە کە دەستبەرداریان نابێت و بریتین لە (وزە، پاراستنی ئیسرائیل، هەڕەشە توندڕەوی و

تیرۆریستییەکان کە هەڕەشەن بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا).

بۆ پاراستنی ئەم سێ بەرژەوەندییەش ئەمریکا پارێزگاری لە بوونی سەربازی خۆی لە ناوچەکە و لە هاوپەیمانێتییەکانی دەکات و بوار نادات کە هیچ زلهێز و هێزێکی هەرێمیی هاوبەشی بکات، چونکە بابەتەکە بریتییە لە کۆنترۆڵکردنی وزە و ڕۆیشتنی لەم ناوچەیەوە بۆ جیهان، کە ئەمریکا بە هیچ جۆرێک دەستبەرداری ئەم باڵادەستییەی لەم ناوچەیە نابێت.

ئەورووپا و رووسیا و چین و هیند ڕۆڵی گەشەکردوویان هەیە لەم ناوچەیە، بەڵام هیچ کامیان ناتوانن کێبەرکێ و رکابەری ڕۆڵی ئەمریکا بکەن لەم ناوچەیە و حەزیش ناکەن بیکەن، چونکە لە سایەی ئەرکی گرانی پاراستنی ناوچەکە لە لایەن ئەمریکاوە، ئەوان بە ئاسانی و بێ هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی لە ڕۆیشتنی بێ کێشەی وزە لەم ناوچەیە سوودمەندن. ئەمە جگە لەوەی کە ئەم وڵاتانە بەرژەوەندیی هاوبەشیش کۆیان دەکاتەوە، کە گرنگترینیان متمانەکردنیانە لەسەر سەرچاوەکانی وزەی ئەم ناوچەیە، هەروەها توندڕەوی ئیسلامی بە هەڕەشە بۆ سەر خۆیان دەزانن و پێویستیان بە هاوکاری یەکتری هەیە.

## ● کوردستان لە کوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ململانێکانیدایە؟

ئەگەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جەرگەی نەخشەی جیهانی گرتبێت، ئەوا کوردستانیش جەرگەی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتووە. یان بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین کە کوردستان لە ناو جەرگەی نەخشەی جیۆسیاسی جیهاندایە، هەر ئەوەش یەکێك بووە لەو هۆکارانەی کە کوردستان پێیەوە دوچاری دابەشبوون هاتووە.

هەموو گرنگییەکانی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەن بە شێوەیەك لە شێوەکان لە کوردستانیش بوونیان هەیە، هەر لە گرنگی جوگرافی، تۆبۆگرافی، دەوڵەمەندی ئابووری و بوونی سەرچاوە سرووشتییەکان و نەوت و گاز، بوونی ئاوی شیرین و سەرچاوە ئاوییەکان، هەروەها دەوڵەمەندی کەلتووری پێکەوەژیانی نەتەوەیی و ئایینی نێو پێکهاتەکانی.

لە دوای شەڕی (داعش) و دروستبوونی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش، کوردستان بە سەرۆکایەتی سەرۆك بارزانی بووە بەشێکی کارای ئەو هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییە و پێشمەرگە بووە هێزی سەرەکی و ئەفسانە شکێنی تیرۆریستانی داعش.

ئێستا لە ناوچەکە کۆمەڵێك ململانێ و هاوپەیمانی بەڕێوەدەچن کە بە شێوەیەك لە شێوەکان، کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان لەسەر کوردستان هەیە. بەتایبەتی لە ڕووی ئابووری و سەقامگیری.

ئەوەی گرنگە ستراتیژیی کوردستان کە سەرۆك بارزانی کاری بۆ دەکات و پەیڕەوی لێ دەکات، سەرەڕای هەموو لەمپەر و بەربەستەکان ئەوەیە کە:

١. بەرژەوەندی کوردستان و خەڵکەکەی لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکانەوەیە.

٢. کوردستان نابێتە لایەنگیری هیچ هێزێکی هەرێمی لە دژی هیچ هێزێکی تر و ماوە نادرێت خاکی کوردستان ببێتە مەیدانی یەکلاکردنەوەی حساباتی لایەنەکان.

٣. کوردستان لە ڕیزی هاوپەیمانی نێودەوڵەتییە لە شەڕی دژی داعشدا، پێشمەرگەش ئامادەیە کە هاوکاری هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بکات بۆ تێکشکاندنی داعش.

٤. تەبایی و ئاشتی ناوخۆیی نێو هێزە سیاسییە بەرپرسیارەکان لە کوردستان گەرەنتیی دەستکەوتی باشتر و گەورەترە.

## ● ئاینده بەرەو کوێیە؟

گەرمی و ئاڵۆزیی ڕووداوەکان و زۆریی وردەکاری و بەیەکداچوونی بەرژەوەندییەکان، هەندێ جار جۆرێك لە ترس و دڵەڕاوکێ دروست دەکەن، بەڵام بە وردبوونەوە لە هێڵە گشتییەکان و ئەو ئاراستەیەی کە جیهانی دیموکراتی گرتوویەتیە بەر و ئەو شوێنەی کە کوردستان هەڵیبژاردووە، جێی ئومێد و گەشبینییە، چونکە ئادگارەکانی داڕشتنەوەی نەخشەی ناوچەکە وردە وردە بەدیار دەکەون، تا ئێستاش کوردستان کارەکتەرێکی ئەکتیڤە و ئاراستەیەکی ڕاستی هەیە. تیرۆر و تیرۆرستان لە جیهانی ئەمڕۆی مرۆڤایەتی شوێنیان نییە و دەبێت لەناو ببرێن، لەم هاوکێشەیەش کوردستان سەرمەشقە و قوربانی داوە، لەجیاتی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی شەڕی دەستەویەخەی تیرۆر دەکات. ململانێ هەرێمی و ناوچەییەکان بە هەرشێوەیەك بن، مەوقعی کوردستان لە چوارچێوەی هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییە گەورەکەی جیهانی دیموکراتیدایە. نموونەی لێبووردەیی و پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی و پاراستنی مافی نەتەوە و ئایین و مەزهەبەکان و بوونی کوردستان بە پەناگەی ئارامی ئاوارەکان، جێی بایەخی جیهانە و کوردستانی وەك سیمبولێك لێکردووە لە ناوچەکە کە شایەنی ڕێزگرتن و پارێزگاری لێکردنی نێودەوڵەتییە. هەروەها سەرۆکێکی شارەزا و لێهاتوومان هەیە کە جێی باوەڕی ناوخۆیی و جیهانە و دەتوانێت ئەم قۆناغە هەستیارە بە سەرکەوتوویی دەرباز بکات. بۆیە سەرەڕای ئاڵۆزییەکان، گرفتەکان، کێشەکان و ئەو ماوەیە کە یەکلاکردنەوەی ململانێکان و بەرژەوەندییەکان لەسەر زەوی دەیخوازێت، بەڵام دەتوانین ئاییندەیەکی گەش لە ئاسۆ ببینین، ئەو ئاییندەیەش پێویستی بە یەکریزی و تەبایی و هەوڵ و خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان بۆ گەیشتن بە ئاکامی سەرکەوتوو و ئامانجەکانی هەیە.

**سەرۆکێکی شارەزا و لێهاتوومان هەیە کە جێی باوەڕی ناوخۆیی و جیهانە و دەتوانێت ئەم قۆناغە هەستیارە بە سەرکەوتوویی دەرباز بکات**

**نموونەی لێبووردەیی و پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی و پاراستنی مافی نەتەوە و ئایین و مەزهەبەکان و بوونی کوردستان بە پەناگەی ئارامی ئاوارەکان، جێی بایەخی جیهانە و کوردستانی وەک سیمبولێک لێکردووە لە ناوچەکە کە شایەنی ڕێزگرتن و پارێزگاری لێکردنی نێودەوڵەتییە**

**ئادگارەکانی داڕشتنەوەی نەخشەی ناوچەکە وردە وردە بەدیار دەکەون، تا ئێستاش کوردستان کارەکتەرێکی ئەکتیڤە و ئاراستەیەکی ڕاستی هەیە**

## پرۆفیسۆر رۆدنی ویڵسۆن بۆ گوڵان:

# کورد لە هەر کەسێکی دیکە زیاتر سەرکەوتنی بەسەر داعشدا بەدەستهێناوە

**رۆدنی ویڵسۆن، پرۆفیسۆرە لە زانکۆی دورهام لە بەریتانیا، نووسەری چەندین کتێبە لەوانە: «پەرەپێدانی ئابووری لە رۆژهەڵاتی ناوەراست»، «سیاسەتی ئابووری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست» و «سیاسەت و ئابووری لە ئەردەن»، بۆ تاوتوێکردن و شیکردنەوەی گۆڕانکارییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەڵکشانی بارگرژی تائیفەگەری لەم ناوچەیەدا و بوونی بە گۆڕەپانی ململانێی جیوپۆلەتیکی، گوڵان چەند پرسیارێکی ئاڕاستەکرد، ئەویش بەم شێوەیە گوزارشتی لە تێڕوانینەکانی خۆی کرد.**

*** لەگەڵ هاتنی ساڵی نوێدا گۆڕانکاری بەرچاو و پاشەگەردانی زۆر رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتووەتەوە، بەتایبەتی پاش لەسێدارەدانی ٤٧ کەس لە ژێر ناوی تیرۆردا لەلایەن پاشای سعودیە، لەناویشیاندا شێخ نەمر ئال نەمر کە بووە هۆی قووڵبوونەوەی دابەشبوونە تائیفییەکانی نێوان سوننە و شیعەکان، ئایا تا چەند ئەم بارە ناهەموارە سەرتاپای ناوچەکە رادەکێشێتە ناو توندوتیژییەوە؟**

- ئەگەری ئەوە هەیە توندوتیژی زیاتر بێتەئاراوە و ئەو توندوتیژییەش هەم لەلایەن تیرۆریستان و هەم لەلایەن هێزەکانی دەوڵەتەوە پیادە بکرێت، هەرچەندە من پێشبینی هیچ راگەیاندنێکی فەرمییانەی جەنگ ناکەم.

*** هەندێك لە شارەزایان پێیانوایە کە هۆکاری ئەم پاشەگەردانییەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەبوونی توانای ئەمریکایە لە رووی ئاڕاستەکردنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، ئەمەش رووسیای کردووەتە کاراکتەری سەرەکی لە ناوچەکەدا، تاچەند ئەم ناسەقامگیرییە دەبێتە هۆی جەمسەربەندی لە نێوان رووسیا و وڵاتە یەکگرتووەکاندا؟**

- پێموا نییە ناکۆکییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاریگەری زۆریان لە سەر پێوەندییەکانی نێوان رووسیا و ئەمریکا هەبێت، لەبەر ئەوەی بەرژەوەندی هاوبەشی گەورەتریان هەیە و هەردووکیان بۆ نموونە پاڵپشتی ئیسرائیل دەکەن و هەروەها ئاسیا ئەولەوییاتی سەرەکییانە.

*** پاش سووتاندنی سەفارەتی سعودیە لە تاران و کونسڵخانەکەیان لە مەشهەد، سعودیە بە فەرمی پێوەندییە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ ئێراندا وەستاند و کۆماری ئیسلامی ئێران بە توندی هەڕەشەی لە سعودیە کرد. تاچەند ئەم بارودۆخە سەرتاپای ناوچەکە رادەکێشێتە جەنگێکی کاولکار لە نێوان سعودیە و کۆماری ئیسلامی ئێران؟**

- ئەگەری روودانی جەنگی نێوان سعودیە و ئێران لە ئارادا نییە، لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی وێرانکردنی سعودیە و هەروەها ئێران هێزێکی هەرێمایەتی بەهێزترە کە ئەزموونێکی سەربازی زیاتری هەیە و دانیشتووانەکەشی زۆرترە. رووسیا و ئەمریکاش هیچیان نایەنەوێت ئەم شەڕە رووبدات.

*** لە ناسەقامگیرییە دیپلۆماسییەکانی ئەم دواییەی نێوان سعودیە و ئێران کە بەگشتی ناسەقامگیری سەرتاپای نێوان شیعە و سوننەکانە، تەنانەت ئەگەر بووە هۆی شەڕی بەوەکالەت، ئەوا ناوچەکە بە قۆناغێکی نوێ و مەترسیداردا دەگوزەرێت. بەدڵنیاییەوە ئیسرائیلیش کاردانەوەی دەبێت لەبەرئەوەی سنووری هاوبەشی لەگەڵ سووریا و حزبوڵڵای لوبنان هەیە کە هەردووکیان سەر بە کۆماری ئیسلامی ئێرانن. بەڕای تۆ تاچەند ئیسرائیل بارودۆخەکە بەکاردێنێت بۆ ئەوەی زیاتر ئاڵۆزیێت بە دەستپێکردنی جەنگێکی نوێ لەگەڵ ئێراندا؟**

- ئیسرائیل شەڕ لەگەڵ ئێراندا دەستپێناکات، لەبەر



ئەوەی دەستکەوتێکی کەم بەدەستدەهێنێت و ئەمریکا و رووسیاش هیچیان شەڕێکی ئاوایان ناوێت. لەم ساتەدا فشار لەسەر ئیسرائیل نییە کە بەردەوام وەك تەماشاکار ماوەتەوە. لەوانەیە زیاتر شوێنی نیشتەجێبون لە کەناری رۆژئاوا دروستبکات لە کاتێکدا سەرنجی زلهێزەکان لەسەر ناکۆکییەکانی ترە.

*** مانگی رابردوو، ئەمریکا شانازی بەوەوە دەکرد کە توانی ئێران و سعودیە هەردووکیان لەسەر مێزێك دانیشێنێت بۆ چارەسەرێکی سیاسی بۆ کێشەی سووریا، بەڵام بە کۆتاییهاتنی پێوەندییە دیپلۆماسییەکانی نێوان هەردوو وڵات، ئەوا کۆتایی بە هەوڵە سیاسییەکانی چارەسەری کێشەکانی سووریاش دێت. ئایا تاچەند سووریا دەبێتە گۆڕەپانی شەڕ بۆ دیاریکردنی نفوزی سعودیە و ئێران؟**

- سووریا بەردەوام دەبێتە گۆڕەپانی شەڕ و هەروەها شکستی پێوەندییەکانی سعودیە و ئێران هەوڵەکان ئاڵۆزتر دەکات بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك. بە بۆچوونی من چارەسەرێك لە ئارادا نییە و سووریا چیتر دەوڵەتێکی قابیلی بەردەوام بوون نییە. سەرۆك ئەسەد بەردەوام دەبێت لە حوکمکردنی ئەو ناوچانەی دانیشتووانێکی زۆریان تێدایە و داعشیش دەست دەگرێت بەسەر ئەو ناوچانەی دوورن لە شار و زیاتر خێڵەکین.


*** لە ناو بارودۆخی ئاڵۆزی سەرتاپای ناوچەکەدا، تەنیا هەرێمی کوردستانە کە نەبووەتە بەشێك لە دابەشبوونە تائیفییەکانی نێوان سوننە و شیعەکان، بەڕاستی شەڕی تیرۆریزمی داعش دەکات و چەندین سەرکەوتنی تۆمار کردووە. تاچەند کوردەکان دەبنە فاکتەری سەرەکی لە شەڕکردن لە دژی داعش؟ هەروەها تاچەند هاوپەیمانی نێودەوڵەتی رێز لە ئیرادەی خەڵکی کورد دەگرێت، وەك فاکتەرێکی سەربەخۆ کە تێوە نەگلاوە لە ناکۆکییە تائیفییەکانی سوننە و شیعەکان؟**

- کوردەکان لە هەرکەسێکی تر سەرکەوتنی زۆرتریان لە دژی داعش بەدەستهێناوە، بەڵام تەنیا دەتوانن دەست بەسەر ئەو ناوچانەدا بگرن کە زۆرینەی کوردن. ئەوە راستە کە کوردە سوننە و شیعەکان بە یەکەوە دەژین، بەڵام مێژوویەك لە لایەنداری و دابەشبوونی دڵسۆزی لە نێوان کوردەکانیشدا هەیە.

*** بەپێی پێشبینییەکان، توندوتیژی لە ناوچەکە دەبێتە هۆی گۆڕانی جیۆپۆلیتیکی و وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەمان سنووریان نابێت، تاچەند لەگەڵ ئەمەدایت؟ هەروەها ئایا پێشبینی دەکەیت لەئەنجامدا دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ سەرهەڵبدات؟**

کوردستانی عێراق بەردەوام وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆی فیعلی هەڵدەسووڕێت، بەڵام وەك ئیعترافی دیپلۆماسی بەدەست ناهێنن. دەوڵەتی کوردستانی گەورە بەردەوام لەلایەن تورکیا و ئێرانەوە دژایەتی دەکرێت و لەمپەری بۆ دروست دەکرێت و دەرفەتی سەرهەڵدانی نابێت.

# کوردستان و عێراق لە (٢٠١٦)دا



شازاد ئەنوەر

## -١-

## کورد و دەسەڵاتی سوننە

*بە درێژایی شۆڕشە یەك لە دوای یەکەکانی بزووتنەوەی ئازادی خواستی کورد و بەرزترین دروشمی دانوستان و ئاشتی بووە لە پێناو سەقامگیری و گەیشتن بە مافی رەوای میللەتەکەمان، بۆیە لە (١٩٦١) تا راپەڕینی (١٩٩١) چ وەك تاکلایەنە، یاخود لە فۆڕمی بەرەی کوردستانی ئەم پرۆسەیە بەردەوام بووە، بێگومان هەر ئەوە وایکرد رێککەوتنی ئازاری (١٩٧٠) بێتە بەرهەم و کورد بۆ یەکەمین جار پشوویەك بدا و لە سەر نەخشەی سیاسیی عێراق بە فەرمی بەشێك لە خواستەکانی دیاری بکرێت.

*رژێمە یەك لەدوا یەکەکان لە رۆژگاری عەبدولکەریم قاسم تا بەکر و سەدام هیچ کات بە ویستی خۆیان ملیان نەداوە بۆ دانوستاندن، بەڵکو هەلومەرجی رۆژگار و لاوازیی دەسەڵاتی ناوەند ناچاری کردوون، بۆ نموونە لەساڵی حەفتاکان سەدام راشکاوانە گوتی: لە جبەخانەکان سێ قومبەلەمان مابوو، بۆیە رێککەوتنی جەزائیرمان لە سەردەستی بۆمیدیان و بوتەفلیقەی ئیفلیجی ئەمڕۆ لەگەڵ شای ئێران مۆرکرد و تەنیا بە خاتری شکستپێهێنانی شۆڕشی کورد نیوەی (شط العربی)ی بەخشییە ئێران کە دواتر بە هۆیەوە هەشت ساڵ جەنگی عێراق- ئێران-ی بەدوادا هات و هێشتا و بۆ دەیان ساڵی تر شوێنەواری دەمێنێ، هەروەها لە سەروبەندی راگەیاندنی ئۆتۆنۆمی، سەدام بە نێردەی یەکێتیی سۆڤیەتی ئەوسا (پریماکۆڤی) گوتبوو: گەر جارێ رێککەوتنەکە نەدەین، هەڵوێستی ئێوە چی دەبێ؟ کاتێك سەدام وەڵامی ناوبراوی بەدڵ نابێ، ئینجا بە ناچاری مل دەدا.

*مەبەستم لەو پێشەکییە ئەوە بوو بڵێم: عێراقی بەزۆر دروستکراو کە لە سەرەتاوە تا ساڵی (٢٠٠٣) عەرەبی سوننە بەڕێوەی بردووە، خێری بۆ خۆیان و گەلانی وەکو کورد نەبووە و ناچار نەکرابێ و هەڵوێست و توانای لاواز نەبووبێ، ئامادە نەبووە بستێك بێتە پێش، بەڵام کورد و سەرکردایەتییەکەی بەردەوام دەستیان درێژبوو بۆ دوورکەوتن لە جەنگ و نزیکبوونەوە لە تەوقەی ئاشتەوایی. بێگومان هەر ئەوە (وێڕای چەردەیەك فاکتەری تر) وای کردووە گەل و شۆڕشی کورد ناوبانگێکی پۆزەتیڤی جیهانی بەدەست بهێنێت.

## -٢-

## کورد و دەسەڵاتی شیعە

*گومان هەڵناگرێ جیاوازی زۆر لە نێوان سەردەم و قۆناغی چاخی بیستەم و بیست و یەك هەیە، هاوکێشەکان گۆڕانیان بە سەردا هاتووە، سەردەمی سایکس بیکۆ و بیستەکانی سەدەی رابردوو لەتەك نەمانی دوو کەمپی سۆشیالیزم و کەپیتالیزم جیاوازە، خۆبەڕێوەبردنی کورد لەلایەن خۆیەوە لە ساڵی (١٩٩١) بە دواوە وێنەیەکی جوانی پێشکەش کرد، راستە بێ کەموکورتی و کێماسی نەبووە، وەلێ بەرەنجام توانرا لە (٢٠٠٠) بە دواوە هێڵکارییەکی قەشەنگی تابلۆی سیاسی بنەخشێندرێ و پاشان لە نغرۆکردنی دەسەڵاتی بەعس رۆڵی کارای بینی، هەروەك چۆن ئێستا سەرمەشقی قەڵاچۆکردنی دوژمنی مرۆڤایەتی (داعش)ە و تەواوی جیهان شانازی پێوەدەکات و پێشمەرگە بۆتە سروود و وێردی سەر زوبانی هەموولایەك، هاوزەمان نووسینەوەی دەستوور بۆ عێراقێکی فیدڕاڵ و ناوهێنانی دوو وشەی «ئازادی و دیموکراسی» لە ناواخنیدا جەمسەری سەرکردایەتیی کورد بوو، ئەگەرنا مەحاڵ بوو هیچ لایەنێکی سوننە و شیعە بەوە رازی بن، چونکە لەبنەمادا



بەو دوو وشەیە نامۆن و حەز بە چارەی ناکەن.

*ئەمڕۆ شیعەی سیاسی لە عێراق حاکمدارە و زۆرینەی دانیشتووان پێکدەهێنن و چەند جۆر سوپا و چەکداری وەکو لەشکری عێراق و فەیلەقی بەدر و حەشد و .. تاد لە ژێر کۆنترۆڵیاندایە، لە ماوەی رابردوودا جگە لە واوەیلاو نەهامەتی هیچی تریان بۆ عێراق بەرهەم نەهێنا، لەگەڵ سوننە گەیاندوویانەتەوە ئاستی قۆناغی ئیمامی عەلی و مەعاویە و شینی حوسێن، لە سەروبەندی دەسەڵاتی نوری مالیکی لەگەڵ کوردیش گەیاندیانە مریشکە رەشە، بەڵام بۆیان نەچووە سەر، ئەگەرنا لە سوننە خەراپتریان پێ دەکردین. هاوکات پابە ندنین بە هیچ رێککەوتنێك و بەردەوام لە مانۆڕ و خۆدزینەوەدان و نایانەوێ گرفتەکان چارە بکەن و رۆژ بە رۆژ کێشەکان زیاتر کەڵەکە دەبن. سەرۆك و سەرۆکی حکومەتی کوردستان چەندین جار نیازپاکییان نیشان داوە بۆ گفتوگۆ و دیالۆگ لە پێناو خاڵە ناکۆك و هەڵپەسێردراوەکان و داوایان کردووە بە رێی دەستوور بابەتەکان یەکلایی ببنەوە، تەنانەت زۆرجار ئاگادار کرانەوە خەتەر لە سەر جوگرافیای عێراق هەیە (وێنەی موسڵ)، کەچی چونکە ئامۆژگاری کورد و سەرکردایەتییەکەی بووە، گوێیان پێ نەداوە و کاریان گەیاندۆتە ئەو رادەیەی خواردنی ناوچەی (خەزرا) چێشتخانەکەی لە تاران بێ و ناکۆکی و خوێنڕشتن بووە بە پەیام و مانشێتی رۆژانەیان، ئەوەتا عێراق دووەم گەندەڵترین وڵاتە لەسەر رووی زەمین، بواری پەروەردە، کۆمەڵایەتی، دەستێوەردانی دەرەکی هەمەلایەن، ئابووری داتەپیو، دروستکردنی میلیشیای حەشد وەك سێبەری سوپا و دەسەڵاتی راستەقینەی ئەوان و ..تاد. کەچی هێشتا لایان ئاساییە و مێش میوانیان نییە، ئامادە نین بە دەنگ سەدای ئاشتی کورد بێن و گوێ بەو هەموو دەستپێشخەرییەی نادەن کە چەندین جار سەرۆکی حکومەت و وەزیرە پێوەندیدارەکان چوونەتە بەغدا، کەچی لەولاوە دەسەڵاتی شیعەی سیاسی هاوشێوەی سوننەی رۆژگاری عەهدی بائید تەنیا و تەنیا بە دوای کات و پلانی تێکدەرانەدا گەڕاون، بۆیە دەبینین لەو ماوە کورتەدا چییان بە سەر گەلانی عێراق و جوگرافیای سیاسیدا هێنا.

*کورد نزیکەی یەك سەدەیە هەردوو دەسەڵاتی سوننە و شیعەی عەرەب تاقی دەکاتەوە. بۆ هەموولایەك دەرکەوتووە ئەوانە نایەنە ژێرباری شەراکەتی راستەقینە و دروشمی دیموکراسی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی لەلایان خەونی حوشتری بیابانە..

بۆیە پێویستە دوای ئەوەی کورد ناوبانگی سینگفراوانی و میوانداری نزیکەی ملیۆن و نیوێك لێقەوماوی فرەمەزهەب و زوبان و ئایینزای دەرکرد، هەروەها بە شەڕی مان و نەمان لە تەك دڕندەترین هێزی سەردەم (داعش) و چۆك پێ دادانی لەسەر خاکی کوردستان، توانی ناسینی دۆزی کورد باشتر و چاکتر لە جاران لە نێوەندی بڕیاری جیهانی و نەتەوە یەکگرتووەکان بەرجەستە بکات، گرنگە بڕیارێکی شایستە بەو قوربانی و سەرکەوتنانە بدرێ و (٢٠١٦) ببێتە ساڵی ریفراندۆم و یەکلایی کردنەوەی ئەو چەڵمە ناقۆڵایەی لە سایکس بیکۆ-وە یەخەی گرتووین. دەبێ کۆتەکە بپسێنین و دەربازمان بێ لە سوننە و شیعە کە دەرکەوت هەردووکیان بەرامبەر کورد دوودیوی یەك دراون.

ئومێد زۆرە و هەموو خەڵکی کوردستان ئاواتەخوازە سەری ساڵی (٢٠١٧) نوقڵانەی ئاسۆیەکی دی و گەش و پڕشنگدارتر ببینین و لەسەر دەستی مەسعود بارزانی خەونی ئەزەلی شەهیدان و تاك تاکی کورد بە یەکجاری بێتەدی.



دڵشاد شەعبان

جێگری سەرۆکی لیژنەی سامانە سرووشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان بۆ گوڵان:

# ئەگەر حکومەت پاکسازی و چاکسازی بکات ئابووریی ئەمساڵمان زۆر لە ٢٠١٤ و ٢٠١٥ باشتر دەبێت

قەیرانی ئابووری کوردستان راستەوخۆ گرێدراوە بەداهاتی نەوتەوە، ئەوجا لەبەر ئەوەی نرخی نەوت بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە، ئەوا مەزندە ناکرێت بەم زووانە جارێکی دیکە نرخی نەوت بەرزبوونەوەیەکی بەرچاو بەخۆیەوە ببینێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بەوەیە هەوڵبدات رێژەیەکی زیاتر نەوت هەنارده بکات، هەمیش پێویستی بە کەمکردنەوەی خەرجی و زیادکردنی سەرچاوەی داهات هەیە. بۆ قسەکردن لەسەر گرفتەکانی بواری نەوت و کێشەکانمان لەسەر بودجە لەگەڵ بەغدا و هەوڵەکان بۆ پڕکردنەوەی ئەو کورتهێنانەی لە ئاکامی دابەزینی نرخی نەوت دروست بوون، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ دڵشاد شەعبان جێگری سەرۆکی لیژنەی سامانە سرووشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان ئەنجام دا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.

*** فاکتەری سەرەکیی ئەو قەیرانە ئابوورییەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان بوونی هەیە، راستەوخۆ پەیوەستە بە نەوت و چۆنیەتی هەناردەکردنی و هەروەها چۆنیەتی رێککەوتن لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی بەغدا، ئێوە وەك جێگری لیژنەی نەوت و گاز لە پەرلەمانی کوردستان، گرفتە سەرەکییەکانی سیاسەتی نەوتی کوردستان لە چیدا دەبینن؟ ئایا ئەم سیاسەتە سەرکەوتوو بووە، یان پێویستە چاوی پێدا بخشێندرێتەوە؟**

- زۆرێك لە لایەنە سیاسییەکان، یان هەندێ کەس لێرە و لەوێ وا وێنای دەکەن کە هۆکاری سەرەکیی قەیرانی ئابووریی کوردستان بریتییە لە سیاسەتی نەوت، کە ئەوان بە سیاسەتێکی شکستخواردوو لە قەڵەمی دەدەن، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەم سیاسەتە نەبۆتە هۆی ئەوەی پێداویستی بودجەی هەرێمی کوردستانی دابین بکات، بەڵام ئەمە بە هەڵەداچوونێکی گەورەیە، چونکە کەرتی نەوت تەنیا لە کوردستان دووچاری کێشە نەبۆتەوە، بەڵکو ئەم کێشەیە وڵاتانی دیکەی بەرهەمهێنەری نەوتی گرتۆتەوە، وەك رووسیا، سعودیە، لیبیا و عێراق، کە بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیی بودجە پشتیان بە داهاتی نەوت دەبەست، دابەزینی نرخی نەوتیش لە ١١٥ دۆلارەوە بۆ ٣٠ دۆلار لە دەرەوەی ئیرادەی هەموو ئەو وڵاتە بووە بە کوردستانیشەوە. هەروەها وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان بەڵێنی ئەوەی دابوو لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٤ بەرهەمهێنانی نەوت بگەیەنێتە ٥٠٠ هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا، ئەو رێژەیەش لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٥ و سەرەتای ساڵی ٢٠١٦ بگەیەنێتە یەك ملیۆن بەرمیل، بەڵام ئەمەش پێویستی بە سەقامگیری و ئاسایش هەیە، چونکە سەقامگیری و ئاسایش و بووژانەوەی ئابووری پێکەوە پەیوەستن. لەبەر ئەوە کاتێك داعش لە مانگی شەش تا مانگی هەشتی ساڵی ٢٠١٤ پەلاماری کوردستانی دا، زۆرێك لەو کۆمپانیایانەی لە سەروەختی ئەوەدا بوون نەوت بەرهەم بهێنن و کۆمپانیاکانی دیکەش کوردستانیان بەجێهێشت، واتە فەرمانبەرە تەکنیکییەکانیان کوردستانیان جێهێشت و تەنیا دەستەی کارگێڕییان مانەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی پلانی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان بۆ بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت بە رێژەی یەك ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا ٨ مانگ دواکەوت. ئەو کۆمپانیانەش لە ١٦ی مانگی شوباتی ٢٠١٥ گەڕانەوە کوردستان و دەستیان بە کارکردن کردەوە. هەروەها سەرەڕای سەرجەم کێشەی ئاسایشی و ئابوورییەکانی کوردستان وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان توانیویەتی رێژەی هەناردەکردنی نەوت کە بۆ یەکەمجار بە شێوەیەکی رەسمی دەستی بە فرۆشتن کرد لە رێی بۆرییەوە لە مانگی ئایاری ٢٠١٤ـەوە لە ١٠٠ هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا بگەیەنێتە نزیکەی ٦٠٠ هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا، ئەمە جگە لە بەرهەمهێنانی ٢٠٠ هەزار بەرمیل بۆ پێداویستی ناوخۆیی. ئەمە ئاماژەیە بۆ سەرکەوتنی سیاسەتی نەوتی کوردستان و لە راستیدا ئەمە بەدیلێکیش بووە بۆ ئەو کێشە ئابوورییانەی بەغدا بۆ هەرێمی کوردستانی دروست دەکرد، کە ئەمە هەر لە ساڵی ٢٠٠٣ـەوە تاوەکو ئێستا درێژەی هەیە، چونکە حکومەتی بەغدا سەرەڕای چەسپاندنی مافە داراییەکانی کوردستان لە دەستووردا، هەمیشە تەگەرەی بۆ کوردستان دروست کردووە و لەو سەدا ١٧یەی لە دەستووردا جێگیر کراوە، لە باشترین حاڵەتدا لە ١٢,١ تێنەپەڕیوە کە ئەمەش لە ساڵی ٢٠١٣دا بوو- واتە هەمیشە ناردنی بەشە بودجەی وەك کارتی گوشار لە دژی کوردستان بەکار هێناوە. لە ساڵی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨ـەوە مالیکی بۆ ملکەچکردنی کورد بۆ حوکمڕانییە تاکڕەوییەکەی هەڕەشەی بڕینی بودجەی دەکرد، تاوەکو لە ساڵی ٢٠١٤دا بودجەکەی بە تەواوی بڕی. هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٧ـەوە ئەو هەڕەشانەی بە جددی وەرگرت و بیری لە بەدیلی دیکە کردەوە، ئەویش بریتی بوو لە گرتنەبەری ئەو سیاسەتە نەوتییەی کە ئێستا هەیە، ئەگەر ئەمە نەبووایە ئەوا ئێستا کێشە و تەنگژە داراییەکانی هەرێمی کوردستان لە ئاستێکی زۆر مەترسیدارتردا دەبوون.

*** بەپێی هەموو لێدوانەکانی وەزیری سامانە سرووشتییەکان و هەروەها ئێوەش، ئاماژەتان بەوە کردووە ئەگەر خۆمان نەوتی کوردستان راستەوخۆ بفرۆشین، دەتوانین مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم بە زیادەوە دابین بکەین و هەموو مانگێك لە کاتی خۆی مووچە بدەن، دیارە ئەمە ٦ مانگە کوردستان خۆی راستەوخۆ نەوت دەفرۆشێت، بەڵام نەتوانراوە مووچەش رێکبخرێتەوە، ئایا فاکتەرەکانی پشت ئەم پرسە بە راشکاوی چین؟**

- ئەمە دەقاودەق قسەی وەزیری سامانە سرووشتییەکان بوو کە لە دیمانەیەکدا کردی لە ناوەڕاستی مانگی ئابدا کە رایگەیاند بەو بەرهەمەی ئێستا هەمانە دەتوانین مانگە مووچە دابین بکەین، بەڵام بە مەرجێك نرخی بەرمیلێك نەوت لە ٦٥ دۆلار کەمتر نەبێت. کە لە سەروەختی ئەو لێدوانەدا نرخی بەرمیلێك نەوت ٦٦ دۆلار بوو، هەروەها ئەو کاتەی گرێبەست کرا لەگەڵ ئەو کۆمپانیایەی نەوتی دەدەینێ، مووچەی مانگی چوار هەندێ دواکەوتبوو، چونکە بەغدا بەشێکی کەمی بەشە بودجەی کوردستانی دەنارد، بەڵام توانرا لە مانگی هەشتدا بە خێرایی مووچەی مانگی ٥ دەستەبەربکرێت و ئەو کەموکورتییەی لە مووچەی مانگی ٤دا هەبوو، ئەویش پڕبکرێتەوە. چونکە لەو کاتەدا لە رۆژێکدا ٥٦٠ هەزار بەرمیل هەناردەدەکرا، کە لە مانگێکدا دەیکردە ١٦ ملیۆن و ٦٠٠ هەزار بەرمیل و رادەستی ئەو کۆمپانیایە کرا، لە بەرامبەردا ئەو کۆمپانیایە ٨١٦ ملیۆن دۆلاری رادەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد، چونکە نرخی بەرمیلێك نەوت ٦٦ دۆلار بوو، ئەمە لە کاتێکدا ئێمە بۆ دابینکردنی مووچەی یەك مانگی فەرمانبەران پێویستمان بە ٧١٥ ملیۆن دۆلارە. بەڵام دواتر لە مانگەکانی دیکە نرخی نەوت دابەزی، تاوەکو ئێستا

**سیستمی حوکمڕانی لە ساڵی ١٩٩٢ـەوە تاوەکو ئێستا سیستمێکی زۆر سەقەت بووە و بایەخێکی ئەوتۆی بە بوارەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشت و گوزار نەداوە**

**ئەگەر کێشە سیاسی و کێشە ئەمنی دیکەی وەک هەڕەشەی داعش سەرهەڵنەدەن، ئەوا دەتوانین لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٧ گاز هەناردە بکەین و پێشبینیش دەکرێت تاوەکو ساڵی ٢٠١٩ هەرێم بتوانێت ٢٠ ملیار مەتر سێجا گازی سرووشتی هەناردەی دەرەوە بکات**

**نەوتی عێراق و کوردستان ناگاتە کوالێتی نەوتی برێنت، بۆیە بە ٥ دۆلار کەمتر لە نرخی برێنت دەفرۆشرێت. هەروەها کوردستان یەک دۆلار و نیو حەقی گواستنەوەی نەوتەکە – لە رێی بۆریەوە-بە تورکیا دەدات و بە هەمان بە شێوە دۆلار و نیوێکی دیکە دەداتە حەقی ئەو خەزانەی لە بەندەری جیهان نەوتی تێدا هەڵدەگیرێت**

کە گەیشتۆتە ٣٦ دۆلار، کەواتە هۆکاری سەرەکی قەیرانی ئابووری لە کوردستاندا دابەزینی نرخی نەوتە لە بازاڕەکانی جیهاندا، ئێستاش بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان بتوانێت لە ڕێی سیاسەتی نەوتەوە سەرجەم پێداویستییەکانی بودجە- بە وەگەڕخستن و وەبەرهێنانەوە- دابین بکات، پێویستە نرخی بەرمیلی نەوت لە نێوان ٦٥ بۆ ٧٠ دۆلاردا جێگیر بێت، ئەو کاتە هیچ کێشەیەکی دابینکردنی مووچە و بودجەی وەبەرهێنانیشمان نابێت.

*** ئاشکرایە بودجەی عێراق و کوردستان ٩٥٪ی لەسەر داهاتی نەوت تەخمین دەکرێت و لەبەر ڕۆشنایی ئەم تەخمینە سیاسەتی ئابووری دادەڕێژرێت. پرسیاری سەرەکی ئێمە ئەوەیە ئایا لیژنەی نەوت و گازی پەرلەمانی کوردستان تاچەند هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان کردووە بۆ ئەوەی تەخمینی سەرچاوەی داهاتی نەوت بکات، پاشان لەسەر ئەم تەخمینە سیاسەتێکی ئابووری و سەرکەوتوو بۆ کوردستان داڕێژێتەوە؟**

- بە ڕاشکاوی دەیڵێم کە لە کوردستاندا دوو کێشە هەبووە، یەکەمیان ئەوەیە کە سیستمی حوکمڕانی لە ساڵی ١٩٩٢وە تاوەکو ئێستا سیستمێکی زۆر سەقەت بووە، چونکە بایەخێکی ئەوتۆی بە بوارەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشت و گوزار نەداوە، ئەمەش چەند هۆکارێکی هەبووە، لەبەر ئەوەی کوردستان تەنیا هەرێمێک بووە و دەوڵەت نەبووە و نەیتوانیوە قەرزی دەرەکی وەرگرێت و نەیتوانی هاوکار سندوقی نێودەوڵەتیی دراو و بانکی نێودەوڵەتی بەدەست بهێنێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئابلۆقەی ئابووری بەسەر عێراقدا سەپێندرابوو، کوردستانیش بەشێک بووە لەم وڵاتە، هەروەها کێشە ناوخۆییەکانیش هۆکار بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرا هەنگاوی باشتر لە بواری ئابووریدا هەڵگیرێت، کە بەداخەوە ئەوە نەکراوە و تەنیا پشتی بەو داهاتە بەستووە کە لە بەغداوە بۆی ڕەوانەکراوە و کەرتەکانی دیکەی فەرامۆش کردووە، ئەو داهاتەی بەغداش هەمیشە کراوەتە کارتی گوشار لەسەر کوردستان. لە لایەکی دیکەوە ئەو ململانێیەی لە نێوان یەکێتی و پارتی لە سەردەمی دوو ئیدارەیی هەبوو بارگرانییەکی زۆری لەسەر بودجە دروست کردووە بە هۆی دامەزراندنی ئەو هەموو فەرمانبەرانەوە کە ئەمەش بۆتە کێشەیەکی گەورە و هەموومان بە دەستیەوە دەناڵێنین. ئێوە باسی لیژنەی پەرلەمانیتان کرد، پەرلەمانیش بە چەشنی پەرلەمانی هەموو وڵاتێکی دیکە ڕەنگدانەوەی پارت و کوتلە سیاسییەکانە، ئەم لیژنەیەش نوێنەری لایەنە سیاسییەکانی نێو پەرلەمانی تێدایە و زۆر بەداخەوە خولی ئەمجارەی پەرلەمان ئەوەندەی سەرقاڵی ململانێ سیاسی و حزبییەکان و خۆنمایشکردن و خۆدەرخستن بووە لە ڕاگەیاندندا، نیو هێندەی ئەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئیداری و ئابوورییەکان خۆی تەرخان نەکردووە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئەو هەماهەنگییەی پێشتر لە نێوان حکومەت و پەرلەماندا لەسەر هەموو ئاستەکان بوونی هەبوو، ئەمجارە پەکی بکەوێت، ئێستاش ئەوەی ماوەتەوە پەرلەمانێکی ئیفلیج و لیژنەکانی پەرلەمانیش هەر ئیفلیجن. بەداخەوە ئێمە خۆمان بەشێک بووین لە کێشەکە و من نامەوێت وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان وەک فریشتەیەک بخەمەڕوو، چونکە ئەو وەزارەتەش دنیایەک کێشەی تێدا هەیە، کە پێویستە پتر بە دامەزراوەیی بکرێت بۆ ئەوەی داهاتەکان شەفاف بن و ئەم وەزارەتەش ببێتە سەرچاوەیەکی باشی داهات بۆ هەموو کوردستان. کەواتە هەموو ئەوانە کێشە بوون کە ڕێگر بوون لەوەی هەماهەنگی بکەین بۆ ئەوەی دەست بخەینەسەر هەندێ کێشە و گرفت کە لە کوردستاندا هەن.

*** نەوت ڕۆژ لە دوای ڕۆژ نرخی لە داشکاندایە، ئایا ئێوە وەک لیژنەی نەوت و گازی پەرلەمان، پێتان باشە چۆن نرخی نەوت بۆ بودجەی هەرێمی کوردستان تەخمین بکرێت؟ ئایا پابەندن بەو نرخەی بەغدا بۆ بودجەی عێراق تەخمینی دەکات، یان میکانیزمی خۆتان هەیە؟**

- لە ڕاستیدا مەزەندەکردنی نرخی نەوت لە توانای هیچ لایەکدا نییە بەو دامەزراوانەشەوە کە کاریان ئەوەیە پێشبینی نرخی نەوت بکەن. چونکە ئەگەر هەموو شتێک لە ئابووریدا خواست و خستنەڕوو بێت، ئەوا ئێستا بڕی خستنەڕووی نەوت لە جیهاندا نزیکەی ٩٨ ملیۆن بەرمیل نەوتە لە ڕۆژێکدا، بەڵام پێداویستی بەکاربردنی نەوت لە جیهاندا و لە ڕۆژێکدا نزیکەیی ٩٦ ملیۆن بەرمیلە، واتە تەنیا دوو ملیۆن بەرمیل زیادەی خستنەڕوو هەیە. من پرسیاری ئەوە لە هەموو ئابووریناسان دەکەم: ئایا دوو ملیۆن بەرمیلە نەوتە دەبێتە هۆی ئەوەی نرخی نەوت لە ١١٥ دۆلارەوە بۆ ٣٥ دۆلار دابەزێت؟ ڕەنگە وەڵامی هەموو ئابووریناسێک نەخێر بێت، واتە دەکرێت نرخەکە بە ڕێژەی لە سەدا ٥ بۆ ١٠ دابەزێت، نەک لە سەدا ٧٠. لەبەر ئەوە ئەمە هۆکاری سیاسی لە پشتە، ئەویش پەیوەستە لە ململانێی نێوان هەردوو جەمسەرە جیهانییەکەوە کە ڕووسیا و ئەمەریکان، هەمیشەش هەر وابووە کە گەورەکان دەکەونە شەڕەوە، بچووکەکان لە ناو دەچن. کەواتە پێشبینی بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی نرخی نەوت زۆر زەحمەتە و هەڵەیەکی گەورەیە ژمارە بە کاربهێنێت لە بودجەدا، چونکە لە داهاتوودا کێشەی گەورەمان بۆ دروست دەکات. ئەوەی بەغداش کردوویەتی پەیوەستە بە خۆیانەوە، چونکە لەو باوەڕەدا نیم جارێکی دیکە بگەڕێینەوە بۆ بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئابوورییەکانی خۆمان.

*** ئەگەر ئاگادارین، ئەوا ئەمساڵیش لە پرۆژە یاسای بودجەی عێراقدا، پشکی ١٧٪ بۆ هەرێمی کوردستان دانراوە، هەروەها ئەوەش نووسراوە کە ئیستیحقاقی پێشمەرگەش دەدەن، لە بەرامبەردا ئەگەر هەرێمی کوردستان پابەند بێت بە ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوتی هەرێم و ٣٠٠ هەزار بەرمیلی کەرکوک، ئایا بە ڕای ئێوە وەک لیژنەی نەوت و گازی پەرلەمانی کوردستان بۆچی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم ڕێککەوتنە ناکات؟ ئایا لەچی دەترسن؟**

**به پێی هەموو پێوەرێک گەڕانەوە بۆ بەغدا بە پێی ڕێککەوتنە نوێیەکە و بە پێی ڕێککەوتنی نوێش بە زیانی کوردستان دەشکێتەوە. لەبەر ئەوە باشتر کوردستان خۆی نەوتەکەی بفرۆشێت و کۆمەڵێک چاکسازی بکات**

**لەو باوەڕەدا نیم جارێکی دیکە بگەڕێینەوە بۆ بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئابوورییەکانی خۆمان**

**حکومەتی بەغدا سەرەڕای چەسپاندنی مافە داراییەکانی کوردستان لە دەستووردا، هەمیشە تەگەرەی بۆ کوردستان دروست کردووە و لەو سەدا ١٧یەی لە دەستووردا جێگیر کراوە، لە باشترین حاڵەتدا لە ١٢,١ تێنە پەڕیوە**

- ئێمە لە مانگی چواری پاردا ١٠٠٪ پابەندبووین بە ڕێککەوتنەکەوە، بەڵام بەغدا جێبەجێی نەکرد، عەبادی-یش بە راشکاوی بە حکومەتی هەرێمی راگەیاند کە ئەگەر ئێوە نەك رۆژانە ٥٥٠ هەزار، بەڵکو ئەگەر یەك ملیۆن بەرمیلیش رادەستی سۆمۆ بکەن، ئەوا ئێمە لە ٤٠٠ ملیۆن دۆلار مانگانە زیاترتان نادەینێ، ئەمە لە کاتێکدا ئێمە پێویستمان بە ٧١٥ ملیۆن دۆلارە، تەنیا بۆ مووچەی فەرمانبەران. هەروەها من دیراسەتێکی وردی یاسای بودجەی ساڵی ٢٠١٦ی عێراقم کردووە و ئەگەر لە بەشە بودجەی کوردستان بڕوانین ئەوا دوای دەرکردنی خەرجییەکانی حاکمە و سیادی و دوای دەرکردنی کورتهێنانی پلان بۆدانراو، ئەوا لە ماوەی ساڵێکدا لە نێوان ٧ ترلیۆن و نیو بۆ ٨ ترلیۆن دینار زیاتر بۆ کوردستان نانێرن، ئەمە لە کاتێکدا ئەمە بۆ ساڵێك پێویستیمان بە ١١ ترلیۆن دینار هەیە. کەواتە بە پێی هەمو پێوەرێك گەڕانەوە بۆ بەغدا بە پێی ڕێککەوتنە نوێیەکە و بە پێی ڕێککەوتنی نوێش بە زیانی کوردستان دەشکێتەوە. لەبەر ئەوە باشتر کوردستان خۆی نەوتەکەی بفرۆشێت و کۆمەڵێك چاکسازی بکات لە بواری نەوت و کشتوکاڵ و پیشەسازی و بچووکردنەوەی حکومەت و دۆسیەتی مووچەخۆران، کە دونیایەك مووچەخۆری بندیوارمان هەیە، کەسانێك هەن لە دەرەوە یەك رۆژ لە کوردستان نەبوون، مووچەیان هەیە و کەسانێك هەن بە ناشەرعی دامەزراون کە میلاك و دۆسیەیان نییە، خەڵکانێك هەن بە پلەی وەزیر و وەکیل وەزیر و راوێژکار و بەڕێوەبەری گشتی دامەزراون و مووچە وەردەگرن و رۆژێك لە رۆژان ئەم وەزیفەیەیان لە حکومەتدا نەکردووە، کەسانێك هەن ١٠٠ پاسەوانیان هەیە. من خۆم سێ لیستم لە وەزارەتی دارایی هێناوە کە تایبەتن بە ژمارەی مووچەخۆران، جیاوازیەکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە، تەنیا بە بەراوردکردن دوو لیستیان جیاوازی ١٠٠ ملیار دینارە کە دەکاتە نزیکەیی ٩٥ ملیۆن دۆلار. کەواتە ئەگەر حکومەت پاکسازی لەمانەدا بکات و چاو بە هێندێك گرێبەستی کارەبا و پاڵاوتنی موشتەقاتی نەوت بخشێندرێتەوە و حکومەت بچووك بکەینەوە، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەتوانین خەرجییەکانی حکومەت بە چەشنێك کەم بکەینەوە کە مانگانە ٢٥٠ ملیۆن دۆلار پاشەکەوت بکەین و هەوڵبدەین ڕێژەی هەناردەی نەوت بەرزبکەینەوە بۆ پڕکردنەوەی دابەزینی نرخی نەوت و ئەگەر جددی بین لە چاکسازیەکان و پشتیوانی لێبکەین، ئەوا من ناڵێم ساڵی ٢٠١٦ زۆر باش دەبێت، بەڵام بە هەموو پێوەرێك لە ساڵی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ زۆر باشتر دەبێت، ئەگەر جددیش نەبین ئەوا کێشەکانمان زۆر قووڵتر دەبنەوە.

*** زۆر باس لەوە دەکرێت هەتا ئێستاش فرۆشتنی راستەوخۆی نەوتی کوردستان کێشەی هەیە و ناچارە بە کەمتر لە نرخی ئۆپێك نەوتی خۆی بفرۆشێت. ئایا راستە فرۆشتنی نەوتی کوردستان کێشەی هەیە؟ ئەگەر کێشەی هەیە کێشەکانی چین و هەوڵەکان بۆ چارەسەکردنی ئەم کێشانە چین؟**

- ئەمە بە هیچ شێوەیەك راست نییە، چونکە هەم نەوتی عێراق و هەم نەوتی کوردستان بە پێوەری برێنت-کە پێوەرێکی بەریتانییە- دەفرۆشرێت، واتە دەبێت بە پێی ئەو کواڵیتی و نرخە بێت. کێشەکە ئەوەیە نەوتی عێراق و کوردستان ناگاتە کواڵیتی نەوتی برێنت، ئەوا بە ٥ دۆلار کەمتر لە نرخی برێنت دەفرۆشرێت. هەروەها کوردستان یەك دۆلار و نیو حەقی گواستنەوەی نەوتەکە — لە ڕێی بۆریەوە-بە تورکیا دەدات و بە هەمان بە شێوە دۆلار و نیوێکی دیکە دەداتە حەقی ئەو خەزانەی لە بەندەری جیهان نەوتی تێدا هەڵدەگیرێت، ئەمە هەشت دۆلار. کەواتە عێراق و کوردستانیش بە کەمتر لە ٨ دۆلار بە بەراورد بە نرخی برێنت نەوتەکەیان دەفرۆشن. هەروەها کوردستان ٢ دۆلاری دیکەشی لێ دەڕوات، واتە بە کەمتر لە ١٠ دۆلار بە بەراورد بە برێنت، چونکە کوردستان ئەو ٢ دۆلارە دەداتە ئەو کۆمپانیایەی نەوتی لێدەکڕێت، لەبەر ئەوەی ڕێککەوتنەکە وایە ئەو کۆمپانیایە پارە بداتە کوردستان ئینجا کوردستان نەوتی بداتێ، ئەویش لەبەر ئەوەی کوردستان پێویستی بە پارەیە. لە بازاڕی نەوتیشدا «العقود الاجله» یان «العقود المستقبليه» هەیە کە دەکرێت بۆ ٣ بۆ ٦ مانگ، یان بۆ ساڵێك بێت، کە دەکرێت نوێ بکرێنەوە، یان هەڵبوەشێنرێنەوە. کەواتە هەموو ئەو دەنگۆیانە رەتدەکەینەوە کە گوایە نەوتی کوردستان بە نرخێکی کەمتر لە نەوتی عێراق، یان هەر وڵاتێکی دیکە دەفرۆشرێت .

*** باس لەوە دەکرێت کوردستان گەیشتۆتە ئەو قۆناخەی کە بتوانێت هەناردەی گازی سرووشتی بکات، ئایا ئەم هەواڵە راستە؟، ئەگەر راستە، کەی دەست پێدەکات و بەدەستپێکردنی ئابووریی کوردستان چ گۆڕانکارییەکی بەسەردا دیت؟**

لە راستیدا ئەمە هەم لەسەر ئاستی سیاسی و دیپلۆماسی و هەم لەسەر ئاستی ئابووریش بە قازانجی ئێمە دەشکێتەوە. بە پێی زانیارییەکانی من، ڕێککەوتنێك کراوە و رەنگە لە مانگی شوباتدا ئەو کۆمپانیایەی ڕێککەوتنی لەگەڵدا کراوە بێن و ژێرخانی بەرهەمهێنانی گاز دابمەزرێنن لە کوردستاندا و بە پێی راگەیاندنی ئەو کۆمپانیایە ئەوان دەتوانن لە ماوەی ٢٧٠ رۆژدا ئەو ژێرخانە دروست بکەن، واتە بۆ ماوەی نۆ مانگ، ئەگەر ئەم کارە بکرێت، ئەوا لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٧ ژێرخانی ئەم سامانەش بنیاد دەنرێت و دواتر قۆناغی ئەوە دێتە پێشەوە چۆن بە بۆرییەکانەوە ببەسترێنەوە و گازەکە هەناردە بکرێت. بە پێی مەزەندەی ئێمە ئەگەر کێشە سیاسی و کێشە ئەمنی دیکەی وەك هەڕەشەی داعش سەرهەڵنەدەن، ئەوا دەتوانین لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٧ گاز هەناردە بکەین و پێشبینیش دەکرێت تاوەکو ساڵی ٢٠١٩ هەرێم بتوانێت ٢٠ ملیار مەتر سێجا گازی سرووشتی هەناردەی دەرەوە بکات.

**زۆر بەداخەوە خولی ئەمجارەی پەرلەمان ئەوەندەی سەرقاڵی ململانێ سیاسی و حزبییەکان و خۆنمایشکردن و خۆدەرخستن بووە لە راگەیاندندا، نیو هێندەی ئەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئیداری و ئابوورییەکان خۆی تەرخان نەکردووە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئەو هەماهەنگییەی پێشتر لە نێوان حکومەت و پەرلەماندا لەسەر هەموو ئاستەکان بوونی هەبوو، ئەمجارە پەکی بکەوێت**

**بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان بتوانێت لە ڕێی سیاسەتی نەوتەوە سەرجەم پێداویستییەکانی بودجە- بە وەگەڕخستن و وەبەرهێنانەوە- دابین بکات، پێویستە نرخی بەرمیلی نەوت لە نێوان ٦٥ بۆ ٧٠ دۆلاردا جێگیر بێ**

# چاكسازی و ڕیفۆرم دوو پرۆسەی گرنگن، نابێ لە جێبەجێكردنیان بترسین



د.وەلی مەحمود*

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

ژیان بە گشتی زۆر بواری هەیە، هەندێكیان زۆر گرنگن و هەندێكیان تەنیا پێویستین و هەندێك بواریان هەبوونی خراپ نییە؛ هەر یەكێك لەو بوارانەش بە پرۆسەیەكی دیاریكراو و تایبەت ئەنجام دەدرێت و جێبەجێ دەكرێت، بەڵام پرۆسەی گوزەران و ژیانی مرۆڤ لە (خێزانێك، گوندێك، شارێك، حكومەتێك) ناكرێت بە هەمان شێواز و بە بێ چاكسازی و ڕیفۆرم بۆ ماوەیەك بەردەوام بێت، ئەمەش لە بەر ئەوەی گۆڕان و گۆڕانكارییەكانی ژیان و حوكمڕانی حەتمەن پێویستی بە چاكسازی و بەخۆداچوونەوە و ڕیفۆرم هەیە، ئەمە لە كاتی ئاساییش پێویستە و دەبێ بكرێت.

هەر میللەتێك نەیویست، یان نەیوێرا بیر لە چاكتركردن و باشتركردن بكاتەوە، ئەوە گۆڕ بۆ خۆی هەڵدەكەنێ. جا كە وابێ چاكسازی و ڕیفۆرم ئەوەندە گرنگ و حەیاتی بێ بۆ ژیانێكی ئاسایی و حوكمڕانییەكی دۆخی ئاسایی، چۆن ئێستا لە كوردستان كە تووشی چەندین قەیران و تەحەددی و شەڕ و نائارامی هاتووین، نەتوانین چاكسازی و ڕیفۆڕم بكەین. كەواتە با بێینە

سەر بابەتی بۆ دەبێ نەترسین لە ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە، یان بۆ بترسین لە ئەنجامدانی پرۆسەی چاکسازی و ڕیفۆرم؟

سروشتی مرۆڤ وایە کەمتر حەزی لە گۆڕانکاری و گۆڕینی (الوضع السائد)ـە واتە مرۆڤ کە بۆ ماوەیەك لە سەر کردار و ڕەفتار و جۆرێك لە ژیان ڕاهات، زۆر بە ئەستەم دەتوانێ گۆڕانەکان قبووڵ بکات (بەتایبەتیش ئەگەر ئەو دۆخەی تیایدا دەژی دەستکەوتی باشتری تێدابێ بۆی و بە گۆڕانەکە ئەرکی زیاتر و دەستکەوتی کەمتری پێ بدرێت).

چاکسازی و ڕیفۆرم دەبێ بە پرۆسەیەکی دیراسەکراو و پلان بۆ دارێژراو ئەنجام بدرێت، نابێ بە شێوازی هەڕەمەکی و بەیەك جار چەندین بوار بگرێتەوە. لە ئێستادا هەموو بەرپرسان و کاربەدەستانی ئەم وڵاتە گەیشتوونەتە ئەو بۆچوونەی کە ئەنجامدانی چاکسازی و ڕیفۆرمی (کارگێڕی، ئابووری و دارایی) هیچ دواکەوتنێك قبووڵ ناکات، بەڵام لە ئەنجامدانی دەبێ سەرەتا لەو کارانە و لەو شتانەوە دەست پێ بکەین کە (زۆر زەق و پێش چاون و زۆربەی خەڵك پاڵپشتی دەکات و حکومەت بە ئاسانی دەتوانێ قەناعەت بە خەڵك بهێنێ کە ئەنجامدانی ئەم جۆرە چاکسازییە لە قازانجی گشتییە). بۆ نموونە بڕینی دوو مووچەیی، هیچ کەس ناتوانێ بڵێ حکومەت با ئەمە نەکات، بڕینی تەجاوزی سەر ئاو و کارەبا و وەرگرتنی پارەکەی بە (حەق و عەدالەت) هەموو خەڵك پشتیوانی دەکات؛ دەست بە سەرداگرتنی نەوتی قاچاغ و (فرۆشتنی سووتەمەنی قاچاغ) و بە کورتی بە شەفاف کردنی پرۆسەی مامەڵەی نەوت، دانانی باج و ڕسومات لەسەر کارگە و مۆڵ و ئوتێل و شوێنە گەشتیارییەکان و زیادکردنی باج لەسەر جگەرە و خواردنەوە و غەرامەکردنی سەرپێچیکارانی؛ ئەستاندنی تەواوی قەرزەکانی ئاو و کارەبا لە سەر مۆڵ و کارگە و ئوتێل و شوێنەکانی کە پێویست نین بۆ ژیانی گشتی خەڵك و هاووڵاتیان و وەرگرتنەوەی قەرزە جۆراوجۆرەکان لەسەر ئەو کەس و لایەن و دەوڵەمەندانە، دەبێتە باشترین هاوکار و پاڵپشت بۆ ئەنجامدانی چاکسازییەکانی تر و هەنگاوەکانی داهاتوو.

ئەگەر لەگەڵ ئەو بابەتە چاکسازییانەی کە لەسەرەوە باسمان کردووە، بابەتی بڕینی ڕێژەیەك وەك (٣٪)ی مووچەی گشت فەرمانبەران (وەك ئەوەی بەغدا -بە ناوی -حەشدی شەعبی- جێبەجێی دەکات)، لێرەش بۆ هێزەکانی پێشمەرگە دابین بکرێت، باوەڕم وایە هیچ گرفت دروست ناکات و خەڵکەکە بە ئاسایی وەری دەگرێت، هەمووشمان قەرزاری پێشمەرگەین و دەتوانن ڕێژەیەکی لەوەش گەورەتر لەسەرجەم پلە باڵاکان ببڕن.. بۆیە ئەگەر هەنگاو بە هەنگاو چاکسازی بکەین، ئەوە هیچ مەترسیەکی لێ ناکەوێتەوە و بە شێوەیەکی نەرم و لە سەرخۆ ئەنجام دەدرێت و دەستکەوتی باشیشی بۆ حکومەت دەبێ و داهات زیاد دەکات و خەرجیش کەم دەکاتەوە، بەوەش خەڵك زیاتر پاڵپشتی حکومەت دەکات؛ بەڵام خوانەخواستە ئەگەر وا بیربکرێتەوە کە یەکسەر دەست بۆ مووچە و دەرماڵەی فەرمانبەران و مامۆستایان ببرێت و دەست بە بڕین و کەمکردنەوەی بکرێت، ئەوە بە دڵنیاییەوە نارەزاییەکی گەورەی لێ دەکەوێتەوە، چونکە (مووچە کەمەکان گیانێکیان لەو دەرماڵانەیە کە هەیانە لەبەر ئەوەی مووچەی بنەڕەتییان کەمە). خۆ ئەگەر خەڵکێکی زۆر دژایەتی حکومەت و بەرنامەی چاکسازی کرد، ئەوە مەترسییەکی گەورەی لێ دروست دەبێت کە لە لایەك چاکسازی و ڕیفۆرم ڕادەوەستێ و لەلایەکی دیکەش بارودۆخی حکومەت خراپ و خراپتر دەبێت.

هەرکاتێك حکومەت بە ڕێك و پێکی و لەگرنگ و گرنگترینەکان دەستی پێکرد و (دەستی بۆ ناعەدالەتی و نایەکسانی و گەندەڵکاران برد) و دواتر هاتە سەر شتە گشتییەکان، بەدڵنیاییەوە متمانەی خەڵك بۆخۆی ڕادەکێشێ و بە پاڵپشتییەکی زۆرەوە دەست بۆ باقی هەنگاوەکانی تر دەبات. بەم شێوازە حکومەت دەتوانێ باری لاری دارایی و کارگێڕی ڕاست بکاتەوە و تەنگژە و قەیرانەکان تێپەڕێنێ، بەم شێوەیەش ئاسان و ئاسانتر وردەکاری تریش پەیوەست بە (کەمکردنەوەی خەرجیش) دەدۆزێتەوە، خەڵك هاوکاریی حکومەت دەبێ لە بیرکردنەوە و خەمخۆری بۆ چارەسەرکردنی، واتە دوای بڕینی ئەم هەنگاوانە، شتی تری پەیوەستدار دەدۆزێتەوە و پسپۆڕ و خەمخۆرەکانی بواری چاکسازی هاوکاری حکومەت دەبن لە دەستنیشان کردنیان.

داواکارم لە بەرپرسە باڵاکانی حکومەت لە بواری چاکسازی و ڕاوێژکارەکانیان ئەم بابەتە بە هەند وەربگرن، چونکە ئەنجامنەدانی چاکسازی چەند خراپ و چەند زیانی هەیە، ئەنجامدانیشی بە بێ پلان و هەنگاو بە هەنگاو، زیانی هیچ لە ئەنجامنەدانی کەمتر نابێت.

بۆیە لە کۆتایی بابەتەکەدا دەڵێم: با چاکسازی و ڕیفۆرم دەست پێ بکەین و دوای نەخەین، بەڵام بە پلان و هەنگاوی دیراسەکراو.

---

***سەرۆکی زانکۆی کۆیە**

**هەر میللەتێک نەیویست، یان نەیوێرا بیر لە چاکترکردن و باشترکردن بکاتەوە، ئەوە گۆڕ بۆ خۆی هەڵدەکەنێ**

**کاربەدەستانی ئەم وڵاتە گەیشتوونەتە ئەو بۆچوونەی کە ئەنجامدانی چاکسازی و ڕیفۆرمی (کارگێڕی، ئابووری و دارایی) هیچ دواکەوتنێک قبووڵ ناکات**